## چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی «سیستمی ئابووری لە غیابی پلان و ستراتیژدا» نووسینی «محەمەد عەبدوڵا کەلاری» لە توێی (٢٥٨) لاپەڕە و بە بەرگێکی ناوازەوە بڵاوکرایەوە. نووسەر لەم بەرهەمەیدا بە وردی تیشکی خستووەتە سەر چەندین کەلێنی ئابووری لە کوردستان و بەرچاوروونییەکی زیاتر بۆ چارەسەری ئەو کێشانە لە لایەن حکومەتەوە دەخاتەڕوو.

ویڕای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە محەمەد عەبدوڵا کەلاری بۆ بەچاپگەیاندنی ئەو بەرهەمە بەپێزە لە قەوارەی کتێبێکدا، هیوادارین کاروانی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییش بەردەوام و پڕبەرهەم بێت.






■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**سالْح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان رەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانا خانی - دهۆك**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulan-media.com***

بەشار کیکی:



## پێشنیاری پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە کە عێراق یەک بازنەی هەڵبژاردنی هەبێت، یان وەک ساڵی ٢٠١٨ بێت

دکتۆر مامەند محەمەد قادر :



## سەربرینی ئاژەڵ لە دەرەوەی کوشتکارگەکان سەرپێچییەو سزای گەورەی لەسەرە، لەوانە داخستنی دووکانەکە و زیندانیکردن

زیلان سارمەمی



## کورد و کوردتر

د. سیروان ئەحمەد قادر



## پێکەوە ژیان لە روانگەی ئیسلامەوە

دکتۆر محەمەد شاکر:



## خۆپیشاندەران دەیانەوێت ئەو حزبە سیاسییانەی لە دەسەلاتدان، هیچ رۆڵێکیان لە پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی نەمێنێت

لەیلا عەبدولجەبار:



## چاکسازی پرسێکی نیشتمانییەو پەیوەندی بە ژیانی هەموو هاووڵاتیانەوە هەیە و ئیرادەیەکی بەهێزیشی لە پشتە

خانمە ئەکتەری مەغریبی ماجدە زبیتە:

## هیوادارم ساڵ دوای ساڵ فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ بەرەو پێش بچێت



## کاریگەریی سیستەمی پەروەردە لە گۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی باشتر



## ئالۆزییەکانی چاندنی ددان





## کیبۆردی هەمە کارە



سێوەخەسرۆ :

## ئەگەر کەسێک حەز و خولیای نەبێت، زەحمەتە بتوانێ ڕوو لە یاریی کۆنگفۆ بکات


أنت مرجعي



# چارەنووسی پرۆسەی سیاسیی عێراق

## لە ناو گوتاری جومعەکانی مەرجەعییەتی نەجەفدا

**لە گوتاری هەفتەی رابردوودا ئاماژەمان بەوەکرد کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و هەر لەوێشەوە شەرعییەت وەردەگرێت، وەک (بەدەق لەدەستووردا) هاتووە، هەربۆیە نزیکترین و باشترین ریگە بۆ ئەوەی لەو تەنگژەیەی ئێستا بێینە دەرەوە و بەرەو نادیاری و پاشاگەردانی و شەڕی ناوخۆیی (خوانەخواستە) هەنگاو هەڵنەگرین، ئەوەیە کە بگەڕێینەوە بۆ گەل و دوای دەرکردنی یاسایەکی بە ویژدانانە و پێکهێنانی کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ، هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت و، میکانیزمێکی چالاک بۆ چاودێریکردنی هەموو قۆناخەکانی هەڵبژاردنەکە دابنرێت، بۆ ئەوەی متمانە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن بگەڕێتەوە، بەڵام وەک تێبینیمان کردووە، هەتا ئەمڕۆ لە سەر هەندێک لە برگە سەرەکییەکانی کێشەکان کەڵەکە بوون و ئاستەنگ بۆ دەرکردنی دروست دەکرێت، بۆیە لێرەدا پێویستە جارێکی دیکە جەخت لەسەر پەلەکردن لە دەرکردنی ئەو یاسایە بکەن، کە بە شێوەیەک بێت لەگەڵ دید و بۆچوونی دەنگدەراندا بگونجێت و لە نوێنەرەکانیان نزیکیان بکاتەوە و رێز لە دەنگەکانیان بگرێت و رێگە نەدات کە فرت و فێڵیان لێ بکرێت، هەر بۆیە ئەگەر دەرکردنی ئەو یاسایە ئەم سیفەتانەی تێدا نەبێت، نابێتە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی ئەم تەنگژەیەی ئێستا تێپەڕێندرێت.. مەرجەعییەتی باڵا ئەگەر یاسای هەڵبژاردنی بە شێوەیەکی پەسەند دەست پێ بکرێت، ئەوجا رۆڵی دەستەبژێری فیکری و لێهاتوویی نیشتمانی خوازیار بۆ کاری سیاسی دێتە ئاراوە و ئەو دەستەبژێرە دەتوانن وڵات هەڵبستێنەوەو بەشێوەیەکی رێکوپێک چارەسەری کێشە کەڵەکەبووەکان بکەن .**

**بەشێک لە گوتاری ٢٠ی ١٢ی ٢٠١٩ ئایەتوڵا سیستانی کە لەلایەن شێخ مەهدی کەربەلایی خوێندرایەوە.**

لە ١ی ١٠ی ٢٠١٩ـەوە کە خۆپیشاندانەکانی عەرەبی شیعە لە بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عێراق دەستی پێ کردووە، گوتارەکانی رۆژانی جومعەی مەرجەعییەتی نەجەف، روخساری پرۆژەیەك دەردەخەن کە لە دروستکردنی خوانێکی تایبەت دەچێت و دەیەوێت لەسەر ئاگرێکی نەرم ئامادەی بکات و، هەر جومعەیەك بەشێکی زیاتری پرۆژە سیاسییەکەی مەرجەعییەت دەخرێتە روو، تا گەیشتۆتە ئەوەی لە دوایین گوتاری ٢٠ی ١٢ی ٢٠١٩ لەو گوتارەی کە شێخ مەهدی کەربەلایی بەناوی ئایەتوڵا سیستانییەوە خوێندیەوە، راشکاوانە ئەوەمان پێ دەڵێت: «مەرجەعییەت نەك هەر هاتۆتە ناو پرۆسە سیاسییەکە، بەڵکو بەبێ ئەوەی هیچ میکانیزمێکی دەستووری، یان دامەزراوەیەکی شەرعیی دەوڵەتی عێراق (سەرۆکایەتی کۆمار، پەرلەمان، حکومەت، دادگای فیدراڵی، هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە لایەنەکانی شیعەشەوە) لە بەرچاو بگرێت، ئاراستەکانی کۆی پرۆسەی سیاسی و تەواوی دەوڵەتی عێراق دیاری دەکات و داوا دەکات کە پەلە بکرێت لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی کە مەرجەعییەت دەیەوێت، جێگەی پرۆسەی سیاسی و تەواوی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق بگرێتەوە، هەر بۆ نموونە گوتارەکەی مەرجەعیەت داوا دەکات:

١. باشترین رێگە بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیەی ئێستا ئەوەیە کە هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت.

٢. پەلە بکرێت لە دەرکردنی یاسایەکی تازە بۆ هەڵبژاردنەکان و، یاساکەش دەبێت بەو جۆرە بێت، کە لەگەڵ دید و بۆچوونەکانی دەنگدەر بگونجێت، کە مەبەستی خۆپیشاندەرانی عەرەبی شیعەیە.

**ئەگەر ئەم یەکریزییەی هەرێمی کوردستان بەم ئاراستەیەی ئێستا بەرێوە بچێت و بە یەکدەنگییە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتە تازەکان بکەین، لەوانەیە نە هەرێمی کوردستان و نە عێراقیش پێویستیان بەوە نەبێت لە چوارچێوە کۆنەکەی دەستووری عێراقدا، پەیوەندیی داهاتویان رێک بخەنەوە**

٣. دیاره تەرجەمەکردنی ئەم بڕگەیەی گوتارەکەی مەرجەعییەت وەك خۆپیشاندەرانی عەرەبی شیعە باسی دەکەن، واتا تەواوی کاندیدەکانی پەرلەمانی داهاتوویی عێراق وەك تاك خۆیان کاندید بکەن، نەك لە لیستی حزبیدا، ئەمەش وا لیك دەرێتەوە کە مەرجەعییەت لەم هەنگاوە مەبەستی ئەوەیە کە یاسای فرەحزبی لە عێراقدا نەهێڵێت، ئەمەش یەکەمجار لە ناو ماڵی هێزە سیاسییەکانی عەرەبی شیعەوە دەست پێ دەکات.

٤. گوتارەکەی مەرجەعییەت داوا دەکات، کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی تازە بۆ هەڵبژاردنەکان دروست بکرێت، میکانیزمێك بۆ چاودێریی هەموو قۆناخەکانی هەڵبژاردن دروست بکرێت، بەڵام ئەم دوو هەنگاوە دەبێت بەو جۆرە بن کە مەرجەعییەت نەخشەی بۆ کێشاوە.

٥. ئەوەی جێگەی سەرنجە دواین وتاری مەرجەعییەت، قۆناخی دوای هەڵبژاردنەکان و شێوازی پێکهێنانی حکومەتی نوێ و ئەو کەسانەشی دیاریکردووە کە لە حوکمڕانیی داهاتوودا بەشداری دەکەن، هەروەها ئاماژەشی بەوە کردووە کە نابێت حکومەتی داهاتوو (حکومەتێکی جەدەلی) بێت، ئەمەش بەو مانایەی کە دەبێت حکومەتێکی تەکنوکرات بێت و حزب و لایەنە سیاسیەکان رۆڵیان تێدا نەبێت.

٦. ئەوەی لە هەموو گوتارەکانی مەرجەعییەتدا ئاماژەی پێ نەکراوە و لەبەر چاو نەگیراوە، خەسڵەتی فرە نەتەوەیی و فرە ئایینیی دەوڵەتی عێراقە، بەتایبەتی کە لەسەر ئاستی گشتی عێراق، بێجگە لە عەرەب، نەتەوەیەکی دیکە هەیە کە ئەویش گەلی کوردستانە، هەروەها لەسەر ئاستی ئایینی ئیسلامیش، دوو مەزهەبی گەورە هەن کە ئەویش ( شیعە و سوننە)یە .

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەبەرامبەر ئەم گوتارەی مەرجەعییەتدا، دامەزراوە شەرعی و سەرەکییەکانی دەوڵەتی عێراق رۆڵیان چییە؟ دەکرێت بەمجۆرە باس لە رۆڵیان بکەین:

١. ئاشکرایە مەرجەعییەت لە گوتاری جومعەی ٢٩ی ١١ی ٢٠١٩ داوای لە سەرۆك وەزیرانی عێراق کرد دەست لە کار بکێشێتەوە و هەر کاتژمێرێك دوای گوتارەکەی مەرجەعییەت، د.عادل عەبدولمەهدی وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق دەست لە کار کێشانەوەی خۆی راگەیاند و پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمانی کرد، کە دەبوو پێشکەشی سەرۆك کۆماری بکردایە .

٢. لە دوای دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆك وەزیران، دەبوو ئیدی رۆڵی سەرۆك کۆمار لە چوارچێوەی میکانیزمی دەستووری عێراقدا دەستی پێ بکردایە، بەڵام لە نێوان سەرۆکایەتیی کۆمار و سەرۆکایەتیی پەرلەماندا، ئیشکالییەتێك لەسەر گەورەترین فراکسیۆن دروست بووە، سەرۆکایەتیی کۆمار بەپێی دەستوور داوای ئەوە دەکات کە گەورەترین فراکسیۆن دیاری بکرێت و پاشان کاندیدی ئەو فراکسیۆنە رابگەیەنێت، بەڵام پەرلەمان دەڵێت، ئەوە ئیمزای ١٧٠ پەرلەمانتارمان بۆ ناردویت و، چۆن سەرۆك وەزیرانی پێشووت کاندید کرد، بەهەمان شێوە سەرۆك وەزیرانی نوێش کاندید بکە، بەڵام سەرۆك کۆمار ئەم پرسەی رووبەرووی دادگای فیدراڵی کردۆتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەتا دواین بۆچوونی دادگای فیدراڵی وەرنەگرێت، ئامادەنییە هیچ کاندیدێك ئاشکرا بکات.

٣. لەسەر ئەم ئیشکالییەتەی نێوان سەرۆکایەتیی کۆمار و سەرۆکایەتیی پەرلەمان، ئێستا بەشێك لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی وەك (عەسائیبی ئەهلی هەق و حزبوڵلای عێراقی) سەرۆك کۆمار بەوە تاوانبار دەکەن، کە دەیەوێت دەست بەسەر سەرۆکایەتیی وەزیراندا بگرێت، کە ئەمەش پرۆژەیەکی زایۆنیی ئەمریکییە، لەمەش زیاتر فراکسیۆنی سادقون کە نوێنەرایەتیی باڵی سیاسیی عەسائبی ئەهلی هەق دەکات، لە ناو پەرلەماندا لە هەوڵی ئیمزا کۆکردنەوەیە بۆ ئەوەی سەرۆك کۆمار بە بیانووی پێشێلکردنی سوێندی یاسایی و پارێزگاری نەکردن لە دەستوور متمانەی لێ وەربگیرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا سەرۆك کۆمار چاوەڕێی دید و تێروانینی دادگای فیدراڵی دەکات.

٤. را و بۆچوونی دادگای فیدراڵی بە هەردوو بارەکەیدا، ئەگەر ئیمزای ١٧٠

**کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و هەر حکومەتێک لە عێراقدا، کێشەی دیموکراتی و هەر شێوازێکی دیکەی حکومرانی نییە کە لە عێراقدا چۆن پیادە دەکرێت، بەڵکو کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەر حکومەتێکی بەغدا ئەوەیە، چۆن ئەو حکومەتە هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی لە کێشەکانی کوردستان تێبگات**

**هەرێمی کوردستان ئەو مافە بەخەڵکی شیعەی عێراق دەدات کە بە شێوەیەکی هێمنانە خۆپیشاندان بکەن و تەنانەت داوای ئەو سیستمەش بکەن کە خۆیان ئامانجیانە، بەڵام بەمەرجێ، ئەم هەنگاوانە بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەران و حکومڕانیی خۆیان بێت و کاریگەری لەسەر مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بێت**

**دوایین وتاری مەرجەعییەت، قۆناخی دوای هەڵبژاردنەکان و شێوازی پێکهێنانی حکومەتی نوێ و ئەو کەسانەشی دیاریکردووە کە لە حوکمڕانیی داهاتوودا بەشداری دەکەن**

پەرلەمانتارەکە بە کوتلەی گەورە حساب بکات، یان ڕەتی بکاتەوە و دوای ئەوە بکات کە دەبێت گەورەترین فراکسیۆن کاندید پێشکەش بکات، ئەوا لە هەردوو حاڵەتەکەدا، گوتاری رۆژی هەینی رابردوو، هیچ ئیعتیبارێکی نە بۆ رایەکەی دادگای فیدراڵی دەهێڵێتەوە و نە سەرۆك کۆماریش دەتوانێت لەسەر رای دادگای فیدراڵی کاندیدێکی دیکە بۆ سەرۆك وەزیران رابگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر راشیبگەیەنێت (ئەوجا ئەو کاندیدە هەر ناوێك بێت) ئەوا خۆپیشاندەرانی عەرەبی شیعە لەبەر رۆشنایی گوتارەکەی مەرجەعییەتدا رەتی دەکەنەوە.

٥. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، ئێستا بەشێکی گرنگی گرووپەکانی حەشدی شەعبی بانگێشە بۆ ئەو دەکەن کە دەست لە کارکێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی بە تەنیا دەست لە کار کێشانەوەی هەموو حکومەتە و هەموو وەزیرەکان دەستیان لە کار کێشاوەتەوە، بۆیە لە دوای ئەو ١٥ رۆژەی کە دەستوور بۆی دیاریکردووە و ناتوانێت رۆڵی حکومەتی کاربەڕێکەریش بگێرێت، بێگومان ئەم قسانەی حەشدی شەعبی، هیچ دوور نییە ببێتە ناوەڕۆکی گوتاری هەینی داهاتووی مەرجەعییەتی نەجەف.

بێگومان ئەم واقیعە تازەیەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەخۆیەوە دەبنێت، لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی کۆی پرۆسە سیاسییە کە لە ناو پرۆژە گەورەکەی مەرجەعییەتدا بەرجەستەی دەکات، بەکردەییش ئێستا کۆی دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەتی عێراق، بێجگە لە بوکەڵەیەك بە دەستی مەرجەعییەتی نەجەفەوە، هیچ رۆڵێکیان بۆ نەماوەتەوە.

**● گوتارەکانی مەرجەعییەتی نەجەف و ئایندەی دەستوور و یاسا لە عێراقدا**

ئەگەر ئاراستەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەپێی ئەو نەخشەرێگەیە بەڕێوەبچێت کە مەرجەعییەتی نەجەف چوارچێوەی بۆ دارشتووە، ئەوا ئەو سیستەمەی کە پێی دەگوترێت (عێراقێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی و فرەیی) کۆتایی دێت و، مەرجەعییەت سیستەمێکی دیکە دەستنیشان دەکات، کە ئێستا پێی دەڵێت حکومەتی غەیرە جەدەلی، واتە حکومەتی تەکنوکرات و بەحیساب خەڵکی پسپۆڕ، نەك حکومەتێکی هاوپەیمانیی نێوان لایەنە سیاسییەکان.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەو حکومەتە (غەیرە جەدەلییەی) مەرجەعییەت بانگێشەی بۆ دەکات، بە کردەیی حکومەتێکی مەدەنیی تەکنوکرات دەبێت، یان حکومەتێك دەبێت کە مەرجەعییەت هەڵیدەسوڕێنێت و تەنانەت کاندیدەکانیشی بۆ دیاری دەکات؟.

بۆ ئێستا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر ئاسان نییە، بەڵام ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی کە لە ریتمی گوتارەکانی مەرجەعییەت لەماوەی هەفتەیەك بۆ ئەوی دیکە دروست دەبێت، ئەوەمان پێ دەڵێت، کە مەبەستی مەرجەعییەت لە حکومەتی (غەیرە جەدەلی) وەرچەرخانی ئاراستەی سیستمی سیاسیی عێراقە لە دەوڵەتێکی هاوچەرخی فیدراڵییەوە بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامیی سیاسیی شیعە، بەڵام بە هەندێك جیاوازییەوە لەگەڵ ئەو مۆدێلەی کە ئێستا راشکاوانە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی دەگوترێت (ویلایەتی فەقیە).

ئەوجا لە ناو ئەم بارودۆخەدا، ئەوەی چاودێری سیاسی بە هەستیارییەوە هەڵوەستەی لەسەر دەکات، هەڵوێستی بێدەنگیی تەواوی گرووپە ملیشیاکانی حەشدی شەعبییە، لەسەروو ئەمانیشەوە بێدەنگیی هەڵوێستی هادی عامریی سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح ونوری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسایە، کە دوو سەرکردەی بەهێز و دیاری ناو تەواوی لایەنەکانی شیعەی عێراقن، لەمەش زیاتر هەردووکیان زیاتر لە بەرەی کۆماری ئیسلامی ئێران نزیکن، تا بەرەی دەوڵەتانی عەرەبی، یان ئەوەی پێی دەگوترێت بەرەی هاوپەیمانانی رۆژئاوا.

ماوەی نزیکەی ٢٠ هەفتەیە کە خۆپیشاندانەکانی عەرەبی شیعە دەستی پێ کردووە، گرووپەکانی حەشدی شەعبی و هادی عامری و نوری مالی-کیش، تەنیا لەو حاڵەتانە هاتوونە دەنگ کە هێرش کرابێتە سەر گرووپێکی حەشدی شەعبی، یان سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، یان وەزیری دەرەوە و بەرگریی ئەمریکا لێدوانێکیان سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق دابێت، بۆیە هەر هەنگاوێك

**لە دوای دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆك وەزیران، دەبوو ئیدی رۆڵی سەرۆك کۆمار لە چوارچێوەی میکانیزمی دەستووری عێراقدا دەستی پێ بکردایە، بەڵام لە نێوان سەرۆکایەتیی کۆمار و سەرۆکایەتیی پەرلەماندا، ئیشکالییەتێك لەسەر گەورەترین فراکسیۆن دروست بووە**

**فراکسیۆنی سادقون کە نوێنەرایەتیی باڵی سیاسیی عەسائبی ئەهلی هەق دەکات، لە ناو پەرلەماندا لە هەوڵی ئیمزا کۆکردنەوەیە بۆ ئەوەی سەرۆك کۆمار بە بیانووی پێشێلکردنی سوێندی یاسایی و پارێزگاری نەکردن لە دەستوور متمانەی لێ وەربگیرێتەوە**

**بەشێکی گرنگی گرووپەکانی حەشدی شەعبی بانگێشە بۆ ئەو دەکەن کە دەست لە کارکێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی بە تەنیا دەست لە کار کێشانەوەی هەموو حکومەتە و هەموو وەزیرەکان دەستیان لە کار کێشاوەتەوە**

لەگەڵ ئامانجەکانی حەشدی شەعبی یەکی نەگرتبێتەوە، بە پرۆژەی زایۆنی و ئەمریکییان لە قەڵەم داوە.

لێرەدا پرسیاری دیکە کە هەڵوێستی گرووپەکانی حەشدی شەعبی دەیوروژێنێت ئەوەیە، ئایا ئەم دژایەتییە ئاشکرایەی حەشد بە هاوشێوەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا، هەڵوێستێکی عەقیدەیی شیعەیە، یان ئەم دژایەتیکردنە بە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، پەردەیەکە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی خۆیان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەڵوێستی ٤٠ ساڵی رابردووی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر ئەمریکا و ئیسرائیل دەیداتەوە، ئەمریکا و ئیسرائیلیش باش دەزانن کە هەرگیز کۆماری ئیسلامی ئێران هەرەشەکانی خۆی ناکاتە کردەیی دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوان، بەڵکو ئەوەی گوتاری ئاشکرای کۆماری ئیسلامی ئێران لەژێر ئەم گوتارە مەبەستێتی، ئەوەیە کە ئاراستەیەکی رادیکاڵیی زۆر توندڕۆ لە نێو تێکڕای پێڕەوانی مەزهەبی سوننە بێنێتە ئاراوە و کارێك بکات کە لە چاوی جیهاندا مەزهەبی سونە لە نوێنەرایەتیکردنی ئیسلام دابماڵێت و خۆی ببێتە نوێنەری راستەقینەی ئیسلام لە جیهاندا، لەسەر ئەم پرسە محەمەد سەلمانی جێنیشنی پادشای سعودیە راشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە، کە هەڵکشانی رەوتی توندڕۆیی ئیسلامی سیاسیی سوننە لە دوای دروستبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە سعودیە و وڵاتانی دیکەی ئیسلامی دەستی پێکردووە و، ئەگەر سەیری سعودیەی سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بکەین، هەرگیز ئەو توندڕۆییە ئیسلامییە سیاسییەی تێدا نەبووە کە ئێستا تێدا دەبینرێت، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەبەرامبەر قسەی بەرپرسانی سعودیە، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دان بەم راستییەدا دەنێن؟ بێگومان بەڵێ، دانی پێدا دەنێن، هەر بۆ نموونە: لە ئەیلوولی رابردوو کاتێك حوسییەکانی یەمەن بە فڕۆکەی درۆن هێرشیان کردە سەر دامەزراوەی پەترۆڵی ئارامکۆ لە سعودیە، سعودیە ئەم هێرشەی بە هاوشێوەی هێرشی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ بۆ سەر سەنتەری بازرگانیی جیهان بەراورد کرد، لەسەر ئەم پرسە و لەمیانەی دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی TRTی تورکی لەگەڵ محەمەد جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران، کاتێك بێژەرەکە لێی پرسی : سعودیە، ئێران بە تێوەگلان لەو هێرشە تۆمەتبار دەکات و رایگەیاندووە ئەم هێرشە هاوشێوەی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەرە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا جەواد زەریف بە خەندەیەکەوە گووتی: سعودیە راست دەکات لەبەر ئەوەی خۆیان کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ یان دروستکردووە.

لەمەش زیاتر لە میانەی شەڕی دژی داعش لەگەڵ ئەوەی رۆژئاوا دەیوویست خۆی بە دوژمنی کۆماری ئیسلامی دابنێت، بەڵام لە بەرەکانی شەردا نەك هاوشان لەگەڵ چەکدارانی سوپای پاسداران، بەڵکو لەگەڵ ئەو گرووپە لۆکاڵانەی میلیشیاکانی شیعە شەڕی دژی داعشی دەکرد، کە هەر ئەمریکییەکان خۆیان ناویان لێ نابوون (وەکیلەکانی سوپای پاسدارانی ئێران).

ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە سەر کرۆکی باسەکە و ئەو پرسیارە بکەین، کاتێك مەرجەعییەت، ئامانجە سیاسییەکەی حەشدی بە (حکومەتی غەیرە جەدەلی) پێناسە دەکات، ئایا حەشدی شەعبی لەژێر چەتری مەرجەعییەتدا دەیەوێت بە فەرمی حکومەتی ئیسلامیی شیعە رابگەیەنێت؟ یان ئەم هەوڵەشی بۆ دوورخستنەوەی لایەنە ئیسلامییە سیاسییەکانی سونەیە و رەخساندنی زەمینەیەکی تازەیە بۆ ئەوەی بەناوی دژایەتیکردنی حزب و لایەنە سیاسییەکان، ئامانجێکی دیکە جێ بەجێ بکات، کە ئەویش نەمانی فرەلایەنیی سیاسییە لە عێراقدا.

لایەنە سەرەکییەکانی عەرەبی شیعەی عێراق، کە وەك خۆیان باسی دەکەن، چەند لایەنێکی سەرەکین، هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە سیستمی سیاسی لە عێراقدا لە هاوپەیمانی و پێکەوە سازانەوە بگۆڕدرێت بۆ زۆرینە و کەمینەی پەرلەمانی و لە ناو ئەم پەردە رووکەشەی سیستمی دیموکراتی پەرلەمانیدا شیعە حوکمرانیی خۆی لە عێراقدا بچەسپێنێت، هەر بۆیە ئێستا ئەم پرۆژە

**ئەگەر ئاراستەی پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەپێی ئەو نەخشەڕێگەیە بەڕێوەبچێت کە مەرجەعییەتی نەجەف چوارچێوەی بۆ دارشتووە، ئەوا ئەو سیستمەی کە پێی دەگوترێت عێراقێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی و فرەیی، کۆتایی دێت**

**ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی کە لە ریتمی گوتارەکانی مەرجەعییەت لە ماوەی هەفتەیەک بۆ ئەوی دیکە دروست دەبێت، ئەوەمان پێ دەڵێت، کە مەبەستی مەرجەعییەت لە حکومەتی (غەیرە جەدەلی) وەرچەرخانی ئاراستەی سیستمی سیاسیی عێراقە لە دەوڵەتێکی هاوچەرخی فیدراڵییەوە بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامیی سیاسیی شیعە**

**لە میانەی شەڕی دژی داعش لەگەڵ ئەوەی رۆژئاوا دەیوویست خۆی بە دوژمنی کۆماری ئیسلامی دابنێت، بەڵام لە بەرەکانی شەردا نەک هاوشان لەگەڵ چەکدارانی سوپای پاسداران، بەڵکو لەگەڵ ئەو گرووپە لۆکاڵانەی میلیشیاکانی شیعە شەڕی دژی داعشی دەکرد، کە هەر ئەمریکییەکان خۆیان ناویان لێ نابوون وەکیلەکانی سوپای پاسدارانی ئێران**

**لایەنە سەرەکییەکانی عەرەبی شیعەی عێراق هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە سیستمی سیاسی لە عێراقدا لە هاوپەیمانی و پێکەوە سازانەوە بگۆڕدرێت بۆ زۆرینە و کەمینەی پەرلەمانی و لە ناو ئەم پەردە رووکەشەی سیستمی دیموکراتی پەرلەمانیدا شیعە حوکمڕانیی خۆی لە عێراقدا بچەسپێنێت**

سیاسییەی مەرجەعییەتی نەجەف، کە سوپای پاسداران سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقێنێت، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم پرۆژە سیاسییە لایەنە سەرەکییەکانی شیعەی عێراق لە ئەنجوومەنێکدا بەناوی (ئەنجوومەنی دەستنیشانکردنی سیستەم) کۆدەکاتەوە، بە هاوشێوەی ئەوەی ئێستا لە کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، بەڵام جیاوازیی ئەم ئەنجوومەنەی شیعەی عێراق لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئەوە دەبێت، کە مەرج نییە ئەنجوومەنی دەستنیشانکردنی سیستمی سیاسی بۆ عێراق، راشکاوانە و بە ئاشکرا کۆماری ئیسلامی رابگەیەنێت.

## ● هەرێمی کوردستان و وەرچەرخانە سیاسییەکانی عێراق

ئەوەی تا ئێستا لە هەڵوێستی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەم وەرچەرخانە سیاسیی و دەستوورییانە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا روو دەدات، ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر هەستیارانە چاودێریی بارودۆخەکە دەکات و سیاسەتێکی نەرمیشی بەرامبەر خۆپیشاندەران و حکومەتی ئێستای عێراق پیادەکردووە و هەم پشتگیری لە داوا رەواکانی خۆپیشاندان کردووە، هەمیش پشتگیریی ئەوەی کردووە کە عێراق لە پاشاگەردانی دوور بکەوێتەوە.

ئەم هەڵوێست و سیاسەتە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە هەرێمی کوردستان ئەو مافە بەخەڵکی شیعەی عێراق دەدات کە بە شێوەیەکی هێمنانە خۆپیشاندان بکەن و تەنانەت داوای ئەو سیستەمەش بکەن کە خۆیان ئامانجیانە، بەڵام بەمەرجێ، ئەم هەنگاوانە بۆ باشتکردنی ژیان و گوزەران و حوکمڕانیی خۆیان بێت و کاریگەری لەسەر مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بێت.

دیارە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە گشتی و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، باش دەزانێت ئەو پەیامەی ئاراستەی حکومەت و پەرلەمان و خۆپیشاندەرانی دەکات، بەوەی ئەوان مافی خۆیانە هەرچی دەکەن، بەڵام کار نەکاتە سەر مافەکانی گەلی کوردستان، ئەوا ئەمە پێشوەختە پێویستی بە بوونی یەکریزی و یەکهەڵوێستییەکی بەهێزی نێوماڵی کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی ئەم یەکریز و هاو هەڵوێستییە ببێت بە پشتیوان بۆ پرۆسەیەکی سیاسیی بەهێز لە کوردستان و ئەو ئامادەباشییەش دروست ببێت کە پێویستە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر گۆڕانکارییەك لە ئیرادەی گەلی کوردستاندا هەبێت.

لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەوانەی بەشدارن لە حکومەت و ئەوانەشی کە ئۆپۆزسیۆنن، پێدەچێت گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و هەر حکومەتێك لە عێراقدا، کێشەی دیموکراتی و هەر شێوازێکی دیکەی حکومرانی نییە کە لە عێراقدا چۆن پیادە دەکرێت، بەڵکو کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەر حکومەتێکی بەغدا ئەوەیە، چۆن ئەو حکومەتە هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی لە کێشەکانی کوردستان تێبگات و هاوکار و هەماهەنگ بێت بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە سیستمی سیاسی لە عێراقدا بانگێشەی گۆڕانکاری بۆ دەکرێت و مەرجەعییەتی نەجەفیش بە تەواوەتی هاتۆتە ناو پرۆسە سیاسییەکە و پشتگیریی ئەم گۆڕانکارییە دەکات، ئەوا دەبێت هەرێمی کوردستانیش لە رێگەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە، گوتارێکی یەکگرتووی سیاسیی هەبێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم ئاراستە تازەیە وتوویژ بکات.

ئەگەری شکستهێنانی پرۆژەی بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتییە، هەرگیز لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە گشتی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەگەرێکی دوور نەبووە، بەڵکو هەمووکات ئەو ئەگەرە هەبووە، ئەگەر عێراق شکستی هێنا لەم شێوازی دەوڵەت، پێویستە هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیە بکات.

خاڵی بەهێز بۆ گەشبینی سەبارەت بە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئەوجا هەر شێوازێکی حکومەت لە دەسەڵاتدا بێت ئەوەیە، کە ئەو ئەزموونە سیاسییەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، وێڕای ئەوەی خۆمان سەرنجمان لەسەر کەموکوڕییەکانیشی هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی

**ئەگەری شکستهێنانی پرۆژەی بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتییە، هەرگیز لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە گشتی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەگەرێکی دوور نەبووە**



ناوچەکە و جیهانیش لە هەر سیستمێکی دیکە ناوچەکە زیاتر پێشوازیی لێ دەکرێت، ئاستی پەیوەندییە هەرێمی و نیودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستانیش لەو ئاستەیە کە جێگری سەرۆکی ئەمریکا سەردانی هەولێر دەکات بە بێ ئەوەی سەردانی بەغدا بکات.

دیارە سیاسەتی عەرەبی شیعەی عێراقیش کە تا رادەیەکی زۆر سیاسەتی ئیسلامی سیاسیی شیعەیە و بەرهەمی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، لە خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و نێودەوڵەتی باش تێدەگەن، بەشی ئەوە بوار دەهێڵنەوە کە نەکەونە سیاسەتی (سفر و سەد)ـەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر زانییان لە پرسێکدا بە ئاسانی سەرکەوتوو نابن، ئەوا موجازەفە بە دەسکەوتەکانی دیکەیانەوە ناکەن، لەم چوار چێوەیەدا، زۆر باش سەنگ و پێگەی هەرێمی کوردستانی ئێستا دەخوێننەوە و دەزانن هەر هەنگاوێك بەو ئاراستەیە هەڵبگرن کە ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کوردستان بەدی بهێنن، ئەوا موجازەفە بەو هەموو دەسکەوتە دەکەن کە لە باردۆخێکی تایبەتی نێودەوڵەتی لە عێراقدا بەدەستیان هێناوە، لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین، ئەگەر ئەم یەکریزییەی هەرێمی کوردستان بەم ئاراستەیەی ئێستا بەڕێوە بچێت و بە یەکدەنگییە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتە تازەکان بکەین، لەوانەیە نە هەرێمی کوردستان و نە عێراقیش پێویستیان بەوە نەبێت لە چوارچێوە کۆنەکەی دەستووری عێراقدا، پەیوەندیی داهاتویان رێك بخەنەوە.

**ئەو ئەزموونە سیاسییەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، وێرای ئەوەی خۆمان سەرنجمان لەسەر کەموکوڕییەکانیشی هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش لە هەر سیستمێکی دیکە ناوچەکە زیاتر پێشوازیی لێ دەکرێت**

بەشار کیکی
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# پێشنیاری پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە کە عێراق یەک بازنەی هەڵبژاردنی هەبێت، یان وەک ساڵی ٢٠١٨ بێت

**دۆخی سیاسیی عێراق بە ئاقارێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت. گوشاری شەقام و خواستی خۆپیشاندەران لەسەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نوێنەرانی خەڵکیان لەو ئەنجومەنەدا ناچار کردووە، یاسای هەڵبژاردنی عێراق هەموار بکەنەوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا پێشنیاری خۆیان بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتووی عێراق هەیە، وڵاتانی ناوچەکەش (بەتایبەتی ئێران) کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆیان لەسەر گۆڕانکارییەکانی عێراق دەبێت. گۆڤاری گوڵان لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ بەشار کیکی جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو هاوکێشە هەستیارە و کۆمەڵێك پرسی هەنوکەیی تاوتوێ کردووە کە پەیوەندییان بە چارەنووسی سیاسی و یاسایی و داهاتووی عێراقەوە هەیە.**



## هەڵبژاردن بە سیستەمی فرەبازنەیی لەسەر ئاستی قەزاکان کێشەی هونەری و یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتیشی لێ دەکەوێتەوە

*** یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق هەموار دەکرێتەوە، ئایا ئامانج لە هەمواركردنەوەی ئەو یاسایە چییە؟**

- ئامانجی سەرەکی لە هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژادنەکانی عێراق، داواکارییەکی خۆپیشاندەرانە تاوەکو یاساکە بە شێوە و سیستەمێك بێت کە لە ئەنجامدا دەنگدەرانی عێراق بەگشتی دڵنیا بن لەوەی کە بەپێی سیستەمی هەڵبژاردن و بەپێی ئەو رێژەیەی دادەنرێت، نوێنەری راستەقینەیان بگەنە هۆڵی پەرلەمان، چونکە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ و پێشتریش تانە و گازاندە و گلەیی و توانجی زۆر بوو لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، هەندێك سەرچاوەش ئاماژە بەوە دەکەن کە رێژەی بەشداربوونی خەڵك لە هەڵبژاردنەکەدا لە ٢٠٪ زیاتر نەبووە، سکاڵای زۆریش زۆر لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە تۆمار کرا، لە ئێستادا حزب و لایەنە سیاسییەکانی شیعە دەیانەوێت یاساکە تێپەڕێندرێت، چونکە کاریگەری و فشاری خۆپیشاندەرانیان لەسەرە و ئەو خۆپیشاندانانەش زیاتر لەو شوێن و پارێزگایانەن کە شیعەنشینن، بۆیە دەیانەوێت لە رێگای تێپەڕاندنی ئەو یاسایەوە وەڵامی خۆپیشاندەرانیان بدەنەوە، ئەگەرچی ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەو پەلەکردنە نین، چونکە تێبینی و سەرنجمان لەسەر چەندین مادده و بڕگەکانی ئەو یاساو پرسە گرنگە هەیە، ئەگەرچی ئەو پڕۆژە یاسایەی لە لایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمان هاتووە، جێگای سەرنج و تێبینییە و بەپێی داواکاری و خواستی خۆپیشاندەران نییە و بە دڵی لایەنێکی سەرەکیی شیعەش نییە کە کوتلەی (سائیرۆن)ـە و کە موقتەدا سەدر سەرۆکایەتی دەکات. بەڵام سیستەمی هەڵبژاردن کە لەسەر ئاستی قەزاکان بێت، دەستنیشانکردنی نوێنەری راستەقینەی خەڵکی عێراق دەخاتە ژێر مەترسییەوە. بۆیە ئێمە وەك کورد دەمانەوێت یاسایەك بۆ هەڵبژاردنەکان لە عێراق هەبێت کە بە یەکسانی و دادپەروەری خزمەتی هەموو عێراق بکات، هەر

**زۆربەی حزبەکان متمانەی جەماوەریان تا ئاستێکی زۆر لەدەست داوە و مەترسیان هەیە کە ناتوانن بەشێوەی تاکەکەسی دەنگ بهێنن.**

بۆیە لەگەڵ ئەوەین کە هەموو عێراق یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت، تاوەکو ئەوەی دەبێتە پەرلەمانتار، نوێنەری راستەقینەی هەموو عێراقییەکان بێت، بەڵام بەداخەوە هەندێك کەس کە باسی کوردیان دەکرد، دەیانگوت: کورد تەنیا خەریکی بەرژەوەندیی خۆیەتی و بەرژەوەندیی عێراق ئەولەوییەتی کورد نییە، ئەگەرچی ئێمە بۆیانمان سەلماند، ئەوەی کە پێشنیاری کردووە عێراق یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت، تەنیا کورد بووە و لەناو کوردیشدا زیاتر پارتی دیموکراتی کوردستانە کە داکۆکی لە یەك بازنەی هەڵبژاردن بۆ عێراق دەکات. لە راستیدا زۆربەی حزبەکان متمانەی جەماوەریان تا ئاستێکی زۆر لەدەست داوە، هەر بۆیە ئەو لایەن و حزبانە مەترسیی ئەوەیان لا دروست بووە، کە ناتوانن بە شێوەی تاکەکەسی دەنگ بێنن و سەربکەون بۆ پەرلەمان، ئەگەر لیستی حزبی نەبێت، بەوەش هەموو ئەو حزب و لایەنانەی شیعە کە ئێستا لە دەسەڵاتدان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا تووشی دۆڕانێکی زۆر گەورە دەبن.

**ئەو لایەن و حزبانە مەترسیی ئەوەیان لا دروست بووە، کە ناتوانن بە شێوەی تاکەکەسی دەنگ بێنن و سەربکەون بۆ پەرلەمان، ئەگەر لیستی حزبی نەبێت**

*** گرنگترینی ئەو برگانەی لە یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار دەکرێنەوە کامانەن و تاچەند کاریگەری لەسەر کیانە سیاسییەکان دروست دەکات؟**

- ماددەی (١٥)یە کە باسی سیستەمی هەڵبژاردن دەکات، هەروەها ماددەی (١٦) کە باس لە کۆتا بۆ ئافرەتان و چۆنیەتی گەیشتنیان بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات، هەر بۆیە ئەو دوو ماددەیە زۆر گرنگن، چونکە دەبنە ماددەی سەرەکی بۆ ئایندەی پرۆسەی سیاسی و دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە عێراقدا و بەپێی ئەو هەموارکردنەی لە یاسای هەڵبژاردنەکان دەکرێت، ئەو حزب و ئەو لایەنانەی کە ئێستا دەسەڵاتدارن و لەو شوێنانەی کە شیعەنشینن و زۆرینەن، گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا دێت، چونکە کاتێك ماددەی ١٥ و ١٦ هەموار بکرێنەوە، ئەوا هەڵبژاردن بە شێوەی تاکەکەسی و فرەبازنەیی و لەسەر ئاستی قەزاکان دەبێت، لە ئەنجامی ئەوەش ئەو حزبانەی کە جێگای نارازیبوونی خەڵکن لەسەر ئاستی عێراق و بەتایبەتی لەو ناوچانەی زۆربەیان شیعەنشینن، ئەوانە تووشی دۆڕانێکی گەورە دەبن. کوردیش بەشێکە لەو پرۆسە سیاسییە، بۆیە جەختمان لەوە کردووەتەوە کە نابێت لە پەسندکردن و تێپەڕاندنی یاساکەدا پەلە بکرێت، ئەگەرچی کوتلەی سائیرون زۆر پێداگری دەکەن، بەڵام سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەنگدان لەسەر ئەو ماددانەی ناکۆکی لەسەرەو هەموو یاساکە بەگشتی دانیشتنەکەی بۆ رۆژی چوارشەممە (٢٠١٩/١٢/١٨) دواخست، چونکە هەر دوو ماددەی( ١٥و١٦ ) باسی دوو تەوەری سەرەکیی هەڵبژاردن دەکەن، کە ماددەی ١٥ لەسەر شێوە و سیستەمی هەڵبژاردنە و چوار پێشنیار لەخۆ دەگرێت، پێشنیارەکانیش وەك یەك نین. بۆ نموونە ئێمە وەك کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەین هەڵبژاردن لە عێراق یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت ئەگەر بەم شێوەیە نەبوو، ئەوا لانیکەم وەك ساڵی ٢٠١٨بمێنێتەوە، بەڵام لایەنی دیکە هەیە لەگەڵ ئەوەن بە رێژەی ١٠٠٪ بێت و لەسەر ئاستی پارێزگاکان بێت، لایەنی دیکەش هەن کە دەڵێن با رێژەی نەبێت و ئەوانە دەربچن کە زۆرترین دەنگ دەهێنن، هاوکات پێشنیاری سیستەمی فرەبازنەیی و لیستی تاکەکەسی لەسەر ئاستی قەزاکان هەیە، کە ئەم شێوە هەڵبژاردنە کێشەی گەورەی هەیە، چونکە چەندین قەزا لە عێراقدا هەن کە تا ئێستا سنووری ئیدارەکانیان دیار نییە. هەروەها ئەگەر هەڵبژاردن لەسەر ئاستی قەزا و دانیشتووانی قەزاکە بێت، ئەوا هەندێك قەزا هەن کە ژمارەی دانیشتووانیان ناگاتە ١٠٠هەزار کەس، لەو کاتەدا دەبێت ئەو قەزایە بخرێتە سەر قەزایەکی دیکە کە بەمەش هەقی خەڵکی ئەو قەزایە دەخورێت. هەروەها ئەگەر هەڵبژاردن لەسەر ئاستی قەزاکان بێت، پەرلەمانتار دەبێتە نوێنەری قەزاکەی خۆی و نابێتە نوێنەری هەموو خەڵکی عێراق، ئەگەرچی بەپێی دەستوور ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەبێت نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی عێراق بکەن، نەك نوێنەرایەتیی یەك شار، یان ناوچەیەك، بە قسەی هەندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بێت، لەکاتێکدا سیستەمی فرەبازنەیی لەسەر ئاستی قەزاکان پیادە بکرێت، لە هەندێ شوێن شەڕی چەکداری روودەدات، چونکە قەزاکان ئیدارەی بچووکن و خەڵکەکە زۆربەیان یەکتر دەناسن و لەکاتی دەرچوونی کاندیدەکاندا جگە لە کێبڕکێ لەوانەیە کێشە و پشێویی چاوەڕواننەکراو دروست دەبێت لەلایەن عەشائیر و پێکهاتەکانیەوە، هاوکات لەسەر ئاستی ناوچە کێشە لەسەرەکان فرەبازنەیی و ئاستی قەزاکان کاریگەری نەرێنی هەیە، چونکە سنووری ئیدارەی قەزاکانی ناوچەی ماددەی ١٤٠ تا ئێستاش کێشەیان هەیە و یەکلا نەکراونەتەوە کە هەندێك لە سنووری قەزاکان سەر بە هەرێمی کوردستانە و بەشێك لە سنوورەکانیش سەر بە پارێزگاکانی عێراقن. لەلایەکی دیکەوە تا ئێستا

**سیستەمی فرەبازنەیی لە هەڵبژاردن هەموو ئەو حزب و لایەنانەی شیعە کە ئێستا لە دەسەڵاتدان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا تووشی دۆڕانێکی زۆر گەورە دەکات**

**کورد بەشێکە لەو پرۆسە سیاسییە، بۆیە جەختمان لەوە کردووەتەوە کە نابێت لە پەسندکردن و تێپەڕاندنی یاساکەدا پەلە بکرێت**

دۆخی ناوچە دابڕێنەراوەکانی هەرێمی کوردستان ئاسایی نەکراونەتەوە و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئاوارەن و ناتوانن بگەڕێنەوە ناوچە و قەزاکانی خۆیان بۆ ئەوەی لە دەنگدان بەشداری بکەن.

*** باس لەوەدەکرێت ئەو هەموارکردنەوەی یاسایی هەڵبژاردنەکانی عێراق زیان لە کیانە سیاسییە بچووکەکان دەدات، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- بۆیە زیان بە کیانە سیاسییە بچووکەکان دەکەوێت، لەبەر ئەوەی ئەو کیانە بچووکانە ناتوانن لەسەر ئاستی فرەبازنەیی و قەزاکان دەنگ کۆبکەنەوە و ناتوانن یەك کورسیی پەرلەمانیش بەدەست بێنن، چونکە جەماوەرو دەنگەکانیان پەرش و بڵاوە، تەنانەت هەندێ لایەن و حزبی گەورەش هەن لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی قەزاکان ئەو جەماوەرەیان نییە کە تەنانەت یەك کورسیی پەرلەمان بەدەست بهێنن.

*** ئایا مەبەستی حزبە گەورەکانی شیعە لە جێبەجێکردنی سیستەمی فرەبازنەیی لەسەر ئاستی قەزاکان بۆ ئەوەیە کە هەندێك لە حزبەکان بەتایبەتی کیانە بچووکەکان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا رۆڵیان نەمێنێت؟**

- نەخێر، مەبەست ئەوە نییە و حزبە گەورەکانی شیعە لەگەڵ سیستەمی فرەبازنەیی و قەزاکان نین، تەنیا سائیرون کە موقتەدا سەدر سەرکردایەتی دەکات سیستەمی فرەبازنەیی قەزاکانیان دەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە گوایە داواکاریی خۆپیشاندەرانە، بەڵام سیستەمی فرەبازنەیی و لە ئاستی قەزاکان زیاتر زیان بە حزبە شیعەکان دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ئەوان لەژێر کاریگەری و فشاری خۆپیشاندەرانن، بەتایبەتی ئەو لایەن و حزبە شیعیەیانەی کە ئێستا لە دەسەڵاتن.

*** ئایا ئەگەری ئەوە هەیە لە دواقۆناغدا ئەو پرۆژە یاسایەی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەر تێپەڕێندرێت؟**

- بەڵێ، ئێمە پێشبینی دەکەین ئەو یاسایەی هەڵبژاردنی عێراق تێپەڕێندرێت و پەسند بکرێت، چونکە بە شێوەیەکی گشتی فشاری شەقام و خۆپیشاندەران لەسەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەیە و لەناو خودی پەرلەمانیش فشاری هەندێ لایەن لەسەر پەرلەمان و پەرلەمانتاران هەیە، بەتایبەتی کوتلەی سائیرون فشاری زۆر دروست دەکەن بۆ تێپەڕاندنی یاساکە، تاوەکو خۆیان وانیشان بدەن کە ئەوان لە هەموو کەس و لایەنی دیکە زیاتر لەگەڵ داواکاری خۆپیشاندەرانن، لەلایەکی دیکەوە کە تەماشای پێشنیاری un دەکەین، ئەوانیش خوازیارن ئەم سیستەمی سیاسییەی ئێستای عێراق بگۆڕێت، تاوەکو ئەو حزبە سیاسییە تەقلیدییانەی ئەمڕۆی عێراق و ئەو کارەکتەرە سیاسییانەی ئێستا گۆڕانکارییان تێدا بکرێت و بگۆڕێن بە سیستەمی سیاسی و کارەکتەری تازە.

*** ئایا دەرئەنجامی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق بەگشتی و پرۆسەی سیاسی کوردو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی چی دەبێت؟**

- لە کاتێکدا کە ئەو یاسای هەڵبژاردنەی عێراق بەو شێوەیە تێپەڕێت کە سیستەمی فرەبازنەیی بێت لەسەر ئاستی قەزاکان، ئەوە کورد لە ناوچە کێشە لە سەرەکان زیان دەکات و لە هەندێ شوێن و ناوچەدا کورسیی پەرلەمانی لەدەست دەدەین. هەروەها ئەرکی کورد وەك هەرێمی کوردستان لە داهاتووی پرۆسەیی سیاسیی عێراقدا قورستر دەبێت، چونکە نازانین کامە کارەکتەری نوێ دێنەپێش و لە پێکهێنانی حکومەتدا بەشدار دەبن. لە لایەکی دیکەوە ئەو کەس و کارەکتەرانەی ئێستا لە دەسەڵاتدان تا ئاستێك لە کورد و ماف و داواکارییەکانی کوردستان تێدەگەن و دەزانن پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە چ شێوازێك بەڕێوەدەچێت، بەڵام لە دوای هەڵبژاردنی داهاتوودا بەپێی ئەو یاسا تازەیەی کە لە هەڵبژاردندا پەیڕەو دەکرێت، ئەو کەس و کارەکتەرانەی ئێستا لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا نامێننن، یان دەسەڵات و کاریگەرییان لاواز دەبێت، لە هەمانکاتدا ئەگەر پرۆژە یاسایەی هەڵبژاردن هەموار کرا و تێپەڕی، ئێمەی کوردکە لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە کۆی ٣٢٩ پەرلەمانتار تەنیا ٥٨ پەرلەمانتارین، ناتوانین رێگری لە تێپەڕبوونی یاساکە بکەین و ئەو یاسایە بێگومان تێپەڕدەبێت و حزبە سیاسیەکانی کوردستانیش بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریان نابێت. لە لایەکی دیکەوە لەو خۆپیشاندانانە هەندێك دروشمیان جێگای سەرنج و نەمانی متمانەیە بە وانەی لەمەودوا دێنە ناو پرۆسەی سیاسی کە داوا دەکەن ناوی هەرێمی کوردستان نەمێنێت، بەڵکو وەك پارێزگاکان مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت و داوای گۆڕین و هەموارکردنەوەی دەستوور دەکەن، ئەمەش مەترسییەکی گەورە لەسەر ماف و دەستکەوتەکانی کوردو کوردستان دروست دەکات. لە راستیدا کێشەی هەڵبژاردنمان لە عێراقدا نییە، کێشەکە ئەوەیە کە تا ئێستا حکومەت و ئیدارەیەکی باش لە عێراق دروست نەبووە کە زامنی چارەسەری کێشەکان بکات.

**بە قسەی هەندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بێت، لەکاتێکدا سیستەمی فرەبازنەیی لەسەر ئاستی قەزاکان پیادە بکرێت، لە هەندێ شوێن شەڕی چەکداری روودەدات**

**هەندێ لایەن و حزبی گەورەش هەن لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی قەزاکان ئەو جەماوەرەیان نییە کە تەنانەت یەک کورسیی پەرلەمان بەدەست بهێنن**

**ئەگەر پرۆژە یاسایەی هەڵبژاردن هەموار کرا و تێپەڕی، ئێمەی کوردکە لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە کۆی ٣٢٩ پەرلەمانتار تەنیا ٥٨ پەرلەمانتارین، ناتوانین رێگری لە تێپەڕبوونی یاساکە بکەین**



دکتۆر محەمەد شاکر

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# خۆپیشاندەران دەیانەوێت ئەو حزبە سیاسییانەی لە دەسەڵاتدان، هیچ ڕۆڵێکیان لە پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی نەمێنێت

**جۆری هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی عێراق لە پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتەدا رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، بەتایبەتی لە ئێستادا کە دۆخی سیاسیی عێراق بە ئاقارێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕ دەبێت. گوشاری شەقام و خواستی خۆپیشاندەرانیش پەرلەمانی ناچار کردووە، یاسای هەڵبژاردنی عێراق هەموار بکاتەوە. گۆڤاری گوڵان لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ دکتۆر محەمەد شاکر ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو هاوکێشە هەستیارە و کۆمەڵێك پرسی هەنوکەیی تاوتوێ کردووە کە پەیوەندییان بە چارەنووسی سیاسی و یاسایی و داهاتووی عێراقەوە هەیە.**

*** یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق هەموار دەکرێتەوە، ئایا ئامانج لە هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە چییە؟**

- هەموارکردنەوەی یاساکان بە شێوەیەکی گشتی ئاساییە لەو کاتەدا کە هەست بە کەلێنێك، یان کۆسپ و کێشەیەك لە یاساکە دەکرێت، بەڵام ئەو یاسایانەی ئێستا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تێدەپەڕێندرێن لەژێر فشاری خۆپیشاندەرانە، لەوانە: یاسای خانەنشینی، هەرچەندە ئەو یاسای خانەنشینییە هەموار کرایەوە، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبینین هەموارکردنەوەکە چەندین کەلێن و کۆسپ و کێشەی تێدایە، هاوکات هەموارکرنەوەی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش هەر داواکاری شەقام و خۆپیشاندەران بوو، تاوەکو ئەندام و دادوەر و قازییەکان بگۆڕدرێن بە کەسانی بێلایەن، ئێمەش لەگەڵ هەموارکردنەوەی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بووین، هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقیش یەکێکە لەو یاسایانەی کە داواکاریی خۆپیشاندەرانە، چونکە خۆپیشاندەران دەڵێن هەندێك لە ئەندام پەرلەمانەکانی سەر بە حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە ساختەکاری دەنگیان هێناوە و بوونەتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، لە هەقیقەتیشدا لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠١٨ی عێراق ساختەکاری کراوە، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر ئالیەتێك ببێتە زامنی ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان زیاتر شەفاف و دادپەروەرانە و دەنگی راستەقینەی خەڵك بێت، لەگەڵی دەبێت، لە هەموارکردنەوەی یاسای کۆمیسیۆن و گۆڕینی ئەندام و دادوەرەکانیشی ١٠٠٪ لەگەڵی بووین. پێشنیاری خۆپیشاندەران و هەندێ کوتلەی سیاسی ئەوەیە کە هەڵبژاردن بە سیستەمی فرەبازنەیی بێت لەسەر ئاستی قەزاکان کە ئەمە لە ماددەی (١٥)دا پێشنیار کراوە و زۆرترین ناکۆکیشی لەسەرە، چونکە کوتلە و حزبە سیاسییەکانی دیکەی عێراق و ئێمەی کورد لە بارەی سیستەمی هەڵبژاردنەکان پێشنیاری باشتر و سەرکەوتووترمان بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق هەیە. ئەو یاسایەش لەچەند رۆژی رابردوو لە پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدرا، بەڵام لەبەر ناکۆکی لەسەر چەند ماددەیەك لەوانە ماددەی (٩ و ١٥ و ١٦ و ٤٠ و ٤١ و٤٢ ) بەتایبەتی ماددەی ١٥ و ١٦ کە ناکۆکیی زۆریان لەسەرە، دەنگدانەکە دواخرا. لە لایەکی دیکەوە بە تێڕوانینی خۆپیشاندەران و شەقامی عێراقی، دەبێت ئەو حزبە سیاسییانەی ئێستا لە دەسەڵاتدان، هیچ رۆڵێکیان لە پەرلەمان و پرۆسەی سیاسیی عێراقدا نەمێنێت، بۆ ئەمەش دەبێت یاسایەك بێتەدی کە سیستەم و شێوازەکەی زامنی داواکاری و دەنگی راستەقینەی خەڵك بێت، بۆ مسۆگەرکردنی ئەمەش دەبێت پرۆسەی هەڵبژاردن شەفاف و داپەروەرانە و یەکسان بێت و ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان و کورد بەگشتی تێبینی و سەرنجمان لەسەر سیستەمی فرەبازنەیی و ئاستی قەزاکان هەیە و بە باشی نابینین، هەروەها هەر لەماددەی ١٥دا پێشنیاری دیکە هەیە، یەکێك لەوانە کە لەلایەن حکومەتەوە پرۆژە یاساکەمان بۆ هاتووە، دەڵێت: با خۆکاندیدکردن بۆ هەڵبژاردن ٥٠٪ی لە لیستی حزبی و ٥٠٪یشی لە لیستی تاکەکەسی بێت، ئەوانەی زۆرترین دەنگ دەهێنن و لەسەر ئاستی پارێزگا بێت، هاوکات پێشنیارێکی دیکە هەیە دەڵێت لەسەر ئاستی قەزا و فرەبازنەیی بێت، کە هەر قەزایەك لە ١٠٠ هەزار دەنگدەر یەك نوێنەری هەڵبژێردراوی هەبێت و ئەو کەسانەش کە خۆیان کاندید دەکەن، نابێت لە لیستی حزبی بن، بەڵکو دەبێت لیستی تاکەکەسی بن. ئەم شێواز و سیستەمەی سەر ئاستی قەزا کێشە زۆری لەسەرە و یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە ژمارە و سنووری ئیدارەی زۆر لە قەزاکان یەکلا نەکراونەتەوە، ئەوەتا لە کۆمیسیۆن دەڵێن: ١٦٣ قەزا لە عێراق هەیە و

**لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠١٨ی عێراق ساختەکاری کراوە، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر ئالیەتێک ببێتە زامنی ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان زیاتر شەفاف و دادپەروەرانە و دەنگی راستەقینەی خەڵک بێت، لەگەڵی دەبێت**

**ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و کورد بەگشتی تێبینی و سەرنجمان لەسەر سیستەمی فرەبازنەیی و ئاستی قەزاکان هەیە و بە باشی نابینین**

وەزارەتی پلاندانانی عێراق دەڵێت ژمارەی قەزاکان لە عێراق ١٢٠ قەزایە و لەخودی پارێزگاکان هەر یەکەی ژمارەیەك لەسەر قەزاکان دەدەن و سنووری چەندین قەزا بەتایبەتی ناوچە کێشە لەسەرەکان دیاری نەکراوە و قەزا هەیە بەشێکی لەسەر هەرێمی کوردستانە و بەشێکیان کەوتوونەتە سنووری پارێزگای دیکە و قەزامان هەیە ٤٠ هەزار دەنگدەری هەیە و قەزاش هەیە ٧٠٠ هەزار دەنگدەریان هەیە و شێوازی قەزاکان بەوجۆرەیە لە کاتێکدا قەزایەك لە ١٠٠ هەزار دەنگدەری کەمتر بوو، ئەوە دەخرێتە سەر قەزایەکی دیکە کە دەنگەکانیان لە ١٠٠ هەزارو پتر بێت، ئینجا بازنەی هەڵبژاردنەکە دیاری دەکرێت، ئەمەش زۆر ئاڵۆزە تاوەکو بتوانرێت ئەو سەرژمێری و جیاکارییە ئەنجام بدرێت. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر شێوازی هەڵبژاردنی فرەبازنەیی لەسەر ئاستی قەزاو تاکەسی بێت، حزب و کیانە سیاسییەکان دەتوانن کار لەسەر دەنگدەران بکەن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و دەنگی خەڵك بکڕن، چونکە سنووری قەزا بچووکە و خەڵکەکەی زیاتر یەکتر دەناسن و رۆڵی عەشائیرەکانیش بە تەواوی تێیدا زق دەبێتەوە. پێشنیارێك هەیە بەوەی کە سیستەمی هەڵبژاردن هەروەك ساڵی ٢٠١٨ بێت، کە سیستەمی سانتیگۆ بوو (لەسەر ئاستی پارێزگا)، هەروەها پێشنیارێکی دیکە هەیە، کە دەڵێت با هەموو عێراق یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت، ئێمە وەك کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەو سیستەم و شێوازی هەڵبژاردنەین کە بەم شێوازە دەتوانرێت لە بەسرا بۆ هەولێر دەنگ بدرێت و بەپێچەوانەشەوە کە ئەمەیان ١٠٠٪ لەگەڵ دەستووریش یەك دەگرێتەوە، چونکە ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ئێمە نوێنەری هەموو خەڵکی عێراقین و هەرێمی کوردستان و کاندیدەکانی لەم سیستەمی یەك بازنەیی عێراقە سوودمەند دەبن. لە هەڵبژاردنەکانی دیکە زوڵمێکی زۆر لە خەڵکی هەرێمی کوردستان کراوە، چونکە رێژەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە رێژەی بەشداربووانی عێراق زۆر بەرزتر بووە، لە هەندێ پارێزگای عێراق رێژەی بەشداربوو لە هەڵبژاردن ١٥٪ بووە، بەڵام پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان رێژەی بەشداری لە دەنگدان ٥٠٪ و ٦٠٪ و زیاتر بووە بۆیە هیچ کوتلە و حزب و کیانێکی سیاسیی عێراقی لەگەڵ ئەو پێشنیار و شێوازەی هەڵبژاردن نین، چونکە ئەو حزبانەی عێراق دەزانن رێژەی بەشداربووی خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆرە و لەوان زیاترە، ئەگەر بە یاسایی و دەستووری بڕیار لەسەر شێوازو سیستەمی هەڵبژاردنەکان لە عێراق بدرێت، ئەوە سیستەمی هەڵبژاردنی یەك بازنەی بۆ هەموو عێراق لەهەموو شێوازێك گونجاو باشترو سەرکەوتووتر و شەفافترو دادپەروەرانەترە و دەنگی راستەقینەی خەڵکی عێراقیش دەبێت، ئەگەرچی ئێمە دڵنیاین کوتلە و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان جگە لە فراکسیۆنە کوردەکان ئەو شێوازە هەڵنابژێرن و دەنگی لەسەر نادەن کە عێراق یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت.

*** گرنگترینی ئەو ماددەو بڕگانەی لە یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار دەکرێنەوە کامانەن و تاچەند کاریگەری لەسەر کیانە سیاسییەکان دروست دەکات؟**

- ماددەی ١٥ یەکێکە لەو ماددانەی کە زۆر ناکۆکی لەسەرەو چارەنووسسازە، چونکە لەو ماددەیەدا دەستنیشانی سیستەمی هەڵبژاردن کراوە، کە چوار پێشنیار لەخۆ دەگرێت. یەکەم: سیستەمی سانتیگۆیە لەسەر ئاستی پارێزگاکان کە ١,٧ و ١,٩ بێت کە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ی لەسەر ئەنجام دراوە. دووەم: سیستەمی فرەبازنەیی و لیستی تاکەکەسی لەسەر ئاستی قەزاکان کە ئەم خاڵ و بڕگەو پێشنیارە ناکۆکی زۆری لەسەرە، کە خۆپیشاندەران و هەندێ لایەنی سیاسی داوای دەکەن. سێیەم: لەلایەن حکومەتەوە کە پرۆژە یاساکە هاتۆتە پەرلەمان ئەو پێشنیارکراوە کە ژمارەی پەرلەمانتاران یان کورسییەکان لە ٣٢٩ کورسی کەم بکرێتەوە بۆ ٢٥٠ کورسی، کە ئەمەش بەپێچەوانەی دەستوورە، چونکە بەپێی دوا سەرژمێری و زانیاری عێراق ٣٢ملیۆن کەسە کە هەر ١٠٠ هەزار کەس نوێنەرێکی لەپەرلەمان دەبێت، لەگەڵ ژمارەی کۆتاکان دەبێتە ٣٢٩ کورسیی پەرلەمان و بەشی زۆری حزب و لایەنە سیاسییەکانیش لەگەڵ ئەوەن کە ژمارەی کورسیی پەرلەمانی هەر وەك خۆی واتە ٣٢٩ کورسی بمێنێت. لە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان ماددەکانی (٩و١٥و١٦و٤٠و٤١و٤٢) و هەموو ماددەکان دەنگیان لەسەر دراوە، تەنیا ئەو ماددانە نەبێت کە ناکۆکییان لەسەرە و ماددەی ٩ کە ناکۆکی لەسەرە، دەڵێت ئەو کەسانەی پۆستیان هەبووە لە سەرۆك کۆمار و جێگرەکانی تا دەگاتە پارێزگار و سەرۆکی دەستە و جێگرەکانی و بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکارەکان تا دوو ساڵ بەسەر وازهێنانیان لە پۆستەکانیان رەت نەبێت، نابێت خۆیان بۆ پەرلەمان کاندید بکەن، چونکە ئەو پۆستانە دەتوانن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ماڵ و دارایی گشتی بەکار بێنن و دەنگی زۆر و مسۆگەر کۆبکەنەوە، هەر وەك ئەوەمان لە مالیکی و عەبادی دیت. ئەم پێشنیارە لە واقیعدا راستە، بەڵام لە لایەنی دەستووری پێچەوانەیە، چونکە

دەستوور دەڵێت هەموو کەسێك هەقی خۆیەتی خۆی کاندید بکات. ماددەی ٤٠ ئاماژە بە ئاوارە و ئەو خەڵکانە دەکات کە لە دەرەوەی وڵاتن بەوەی چۆن دەنگ بدەن و ئیجرائاتەکانیان لەسەر زۆر و توند کراوە، هەر بۆیە ئەمەش ناکۆکی لەسەرە و ماددەی ٤١ کە باس لە وردبینی بۆ لیستی تۆماری دەنگدەران دەکات، ئەمەش بەهەمان شێوە لەنێوان کیانە سیاسی و حزب و ئەندامانی پەرلەمان کێشەو ناکۆکی لەسەرە، بۆ نموونە کە لە کەرکووك و چەندین شوێن و ناوچەی دیکە، کێشەمان ئەوەیە کە بە چ جۆرو ئالیەتێك دەتوانرێت وردبینییەکی تەواو شەفاف ئەنجام بدرێت

*** باس لەوە دەکرێت هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق زیان لە کیانە سیاسییە بچووکەکان دەدات، ئەوە تا چەند راستە؟**

- بێگومان لەکاتێکدا هەمواری یاساکە بەو شێوازە بێت کە هەڵبژاردن بە شێوازی فرەبازنەیی و تاکەکەسی لەسەر ئاستی قەزا بێت، ئەوا کیانە سیاسییە بچووکەکان زیان دەکەن، چونکە لە کاتێکدا لەسەر ئاستی پارێزگایەکی وەك هەولێر دوو کورسی بێنن، ئەوە لە سیستەمە فرەبازنەیی و قەزاکەدا هەردوو کورسی لەدەست دەدەن، چونکە ئەو کیانە بچووکانە جەماوەرو دەنگەکانیان پەرش و بڵاو و رێکخراو نییە، هەر بۆیە ئەو کیانە بچووکانە پێشنیاری خۆیان هەیە کە دەڵێن با لیستی فەردی بێت، لەسەر ئاستی پارێزگا.

*** ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەو یاسای هەڵبژاردنەی عێراق کە بۆ هەموارکردنەوە ئێستا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە تێپەرێت؟**

- بەڵێ پێموایە پرۆژە یاساکە عێراق تێدەپەرێت و پەسند دەکرێت، چونکە ئەوەی من دیتم و لێی ئاگادارم لەناو هەڵی پەرلەمانی عێراق ئەندام پەرلەمانە عەرەبەکان بەتایبەتی شیعەکان لەژێر فشارن و ئاماژە بەوە دەکەن ئەوە داواکاریی مەرجەعییەتە و هەر دەبێت پەسند بکرێت. هەوڵیشیان دا هەر رۆژی چوارشەممە ٢٠١٩/١٢/١١ یاساکە کە پریەتی لە کۆسپ و کەلێن و ناکۆکی تێیپەرێنن، بەڵام لێژنەی یاسایی پەرلەمان رازی نەبوون و رایانگەیاند کە یاساکە بەتەواوی ئامادە نەکراوە و چەندین ماددە و برگە کێشە و ناکۆکی لەسەرە و پێویستی بە کاتی زیاترە بۆ بەدواداچوون و وردبینی و چارەسەری ناکۆکییەکان، سەرەرای ئەوە لایەنە شیعەکان لەنێوان خۆشیاندا لەسەر چەندین ماددە لە یاساکە ناکۆکییان هەیە.

*** ئایا هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق بەگشتی و پرۆسەی سیاسی کوردو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی چ دەرئەنجامێکی دەبێت؟**

- ئەگەر یاساکە لەسەر سیستەمی فرەبازنەیی و ئاستی قەزا تێپەرێت، ئەوە ئێمە وەك کوردو پارتی هەر چەندە داوای بازنەی پارێزگا و یەك بازنەیی عێراق دەکەین، بەڵام دەنگی خۆمان بە هەمان شێوەی پێشوو دەهێنین و بۆی هەیە زیاتریش بێنین و گۆران و یەکێتیش بە قەبارەی خۆیان دەنگ دەهێنن. بەڵام کوتلەی سائیرون زۆر بە ئاشکرا داکۆکی لە سەر هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان دەکات، بەتایبەتی بۆ سیستەمی فرەبازنەیی و تاکەکەسی لەسەر ئاستی قەزا، چونکە بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوە، دەڵێن سائیرون کە ئێستا ٥٤تا٥٥ کورسیی پەرلەمانی هەیە، بەپێی هەموارکردنەوەی یاساکە ئەمجارە دوو بەرامبەر دەنگەکانیان زیاد دەکات و ژمارەی کورسیەکانیان دەگاتە ١٠٠ کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەم سیستەمە (un)یش پاڵپشتی دەکات و باس لەوە دەکرێت کە موقتەدا سەدر لە ئەمریکا نزیکە، هەر چەندە ماوە ماوە هاتوچۆی ئێران دەکات و دەچێتە قوم، ئەمەش بۆی هەیە گەمەیەکی نێوان موقتەدا و ئێران و ئەمریکا بێت.

*** ئایا هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە و هەڵبژاردنی پێشوەختە چارەسەری کێشە و بارودۆخی عێراق دەکات؟**

- بێگومان یەکێك لە مەبەستەکانیان لە هەموارکردنەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەیە، چونکە لەسەرەتادا کە مەرجەعییەت و خۆپیشاندەران داوایان کرد، یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و ئەندام و دادوەر و قازییەکان بگۆرن، لەپاشان خۆپیشاندەران داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەیان کرد، ئەو کارو هەموارکردنەوانەی لە یاسای کۆمیسیۆن و یاسایی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەیە کە ئامادەکاری بکەن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە و داواکاری خۆپیشاندەرانیش ئەوەیە کە جێگرەوەی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی لە دوای شەش مانگ بۆ یەك ساڵ بەردەوام بێت و لەو ماوەیەدا کۆمسیۆن کار و ئامادەکاری خۆی بکات، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت.

**ئەگەر شێوازی هەڵبژاردنی فرەبازنەیی لەسەر ئاستی قەزاو تاکەسی بێت، حزب و کیانە سیاسییەکان دەتوانن کار لەسەر دەنگدەران بکەن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و دەنگی خەڵک بکرن**

**لە هەڵبژاردنەکانی دیکە زوڵمێکی زۆر لە خەڵکی هەرێمی کوردستان کراوە، چونکە رێژەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە رێژەی بەشداربووانی عێراق زۆر بەرزتر بووە**



دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرەو
سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ گوڵان:

# هاووڵاتی و خزمەتگوزارییەکانی کراوەتە چەقی ئامانج و مەبەستەکانی حوکمڕانی

**هەڵسەنگاندنی ١٠٠ رۆژی کارکردنی حکومەت گرنگییەکی تایبەتی لەخۆدەگرێت، چونکە دەکرێت وەکو سەرەتا و نەخشەڕێگایەکی کارکردنی حوکمڕانی سەیری بکرێت، بەتایبەتی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو هەنگاو و قۆناغانەی لەچوارچێوەی کارنامەی کابینەکە و هێڵە گشتییەکانی حکومەت هەنگاوی بۆ نراوە، بۆ قسەکردن لەسەر بابەتەکە ئەم دیدارەمان لەگەڵ دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرەو سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لەئەنجومەنی وەزیران ساز کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** دوای تێپەڕبوونی ١٠٠ رۆژ بەسەر کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەکو سەرۆکی فەرمانگەیەکی گرنگی ئەنجومەنی وەزیران کە ئەویش فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونە، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ هێڵە گشتییەکان و بۆ کاری کرداری و پراکتیکی کابینەکە هەیە؟**

- بەرنامە و کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای هێڵە گشتییەکان دارێژراوە، ئەو هێڵە گشتییانەی کە چەندین بواری گرنگ و تەوەری هەستیار لەخۆدەگرێت، وەکو: پرسی (چاکسازی، خزمەتگوزاری، ئابووری و دارایی و کارگێڕی، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق، پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێم و نێودەوڵەتی، ئازادی و دیموکراسییەت و پێکەوەژیان و چەندین بواری دیکەی پەیوەندیدار، هەر لەم چوارچێوەیەدا پێویست بەوە دەکات رۆبچینە ناو هەموو وردەکارییەکانی ئەم بوارانەی ژیانەوە، بۆ نموونە، لەسەر ئاستی چاکسازی کە بوارێکی فرەڕەهەندە و مەبەست لێی پێشخستن و پەرەپێدانی بوارەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانێتی، وەکو هەمووانیش دەزانن، هەمیشە دەوڵەت و دامەزراوەکانی پێویستیان بە پەرەپێدان و پێشخستن هەیە، ئەم پێشخستنەش لە هەرێمی کوردستان دەکرێت لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازییەکی سەرتاسەریی بێت و رەچاوی هەموو ئەو گۆڕانکارییانە بکرێت کە لەسەر ئاستی نێوخۆو عێراق و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش دروست بووە. بەشێوەیەکی گشتی راوبۆچوونێکی گشتی و تێگەیشتنی خەڵك بۆ مەسەلەی حوکمڕانی لە کوردستان لەسەر ئەو بنەمایەیە کە وا ئەرکی سەرشانی حکومەتە چاکسازی بکات، ئەم بۆچوونەش لەسەر ئاستی لوتکە و باڵاترین دەسەڵاتدا تا ئاستی هاووڵاتییەکی ئاسایی بوونی هەیە و هەمووان باسی چاکسازی دەکەن و تینووی جێبەجێکردنی ئەو پرۆسە گرنگەن، لەم روانگەیەوە چاکسازی بووەتە بەشێکی گرنگی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دوای ئەوەی کوردستان رووبەڕووی گەمارۆی ئابووری و بڕینی بودجە بووەوە و پێویست بوو هەنگاوەکانی چاکسازی دەستی پێ بکرێت، بەتایبەتی لە خەرجییە گشتییەکاندا، لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا لەسەر چاکسازی لەخەرجی گشتی بەردەوامین کە بەشێوەیەك بێت ئەم خەرجییانە سوودیان هەبێت بۆ هاووڵاتی لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری.

**پێشخستنی هەرێمی کوردستان دەکرێت لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازییەکی سەرتاسەریی بێت و رەچاوی هەموو ئەو گۆڕانکارییانە بکرێت کە لەسەر ئاستی نێوخۆو عێراق و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش دروست بووە**

*** مەبەستتان لەسەر بونیاتنانی ژێرخانی ئابووری کوردستان چییە؟ ئایا لەمبارەیەوە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە چ کارێك بکات؟**

- کاتێك باسی ١٠٠ رۆژ دەکەین، پەیوەستە بە قۆناغی خۆئامادەکردن هەژماری بکەین بۆ جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکان لەهەموو ئاستێکی رێکخستنەوەی داهات و خەرجییەکان تاوەکو رێکخستنەوەی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، بە شێوازێك بگونجێت کە

**چاکسازی بووەتە بەشێکی گرنگی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**لەماوەی ١٧ هەفتەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگ بەدەستهاتووە**

**دەستپێکردنەوەی جوولەی بازاڕو خزمەتگوزارییەکان بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە بەوەی ئەم کابینەیە لەسەر رێچکەی خۆی دەڕوات، ئەویش خزمەتکردنی هاوولاتیانە**

لەگەڵ ئامانجە نوێیەکانی حکومەت یەک بگرێتەوە، لەمبارەیەوە ئەنجومەنی وەزیران لەماوەی رابردوودا توانیویەتی کۆمەڵێک کۆبوونەوەی گرنگ و جددی ئەنجام بدات، لەسەر ئەوە پرسانەی پەیوەندیدارن بەجێبەجێکردنی کارنامەی حکومەتی هەرێم، قۆناغی ١٠٠ رۆژەی کاری حکومەت زۆر گرنگ بوو بۆ قۆناغی داهاتوو، چونکە لەماوەی ١٧ هەفتەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگ بەدەستهاتووە، لەو ماوەیەدا ئەنجومەنی وەزیران ١٧ کۆبوونەوەی گرنگ و جددی ئەنجام داوەو لەهەر کۆبوونەوەیەکدا کۆمەڵێک پرس و تەوەرو بابەت تاوتوێ کراون و گفتوگۆی لەسەر کراوەو بڕیار و فەرمانی گرنگیشی بۆ دەرچووەو جێبەجێ کراون، کە رۆڵی گرنگیان لە حوکمڕانی و بونیاتنانی سیاسەتی گشتی هەیە، ئەوەتا وەزارەتەکان کارنامەی خۆیان هەیە لەچوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەتدا، لە (رێکخستنەوەی پرسی گشتی، دووبارە رێکخستنەوەی پرۆژەکان، ریزبەندی لە ئەنجامدانی پرۆژەکان و تادوایی)، هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانن و هاوولاتی و خزمەتگوزارییەکانی کراوەتە ئامانج و چەق و مەبەستی کابینەکە، هەروەکو چۆن لەچوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەتدا جێگای بۆ کراوەتەوە، بۆ نموونە: ئێمە لە بواری پرۆژەکاندا پرۆژەی گرنگ و پرۆژەی گرنگترمان هەیە، لەم حاڵەتەشدا لەنێوان دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەکو وەزارەتی دارایی و پلاندانان و لەگەڵ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، بە هەموان کارمان لەسەر چەند خاڵێک کردووە، لەوانە:

١. ریزبەندی بدرێتە پرۆژەکان.

٢. یارمەتیی هەردوو وەزارەتی پلاندانان و دارایی بدرێت.

لەلایەکی دیکەوە چەندین بواری دیکە کاری جددی و گرنگی لەسەر کراوەو هاوولاتیانی کوردستانیش هەستیان بەو جوولەیەی بازاڕ و ئابووری و خزمەتگوزارییەکان کردووە، بەتایبەتی لەبەگەڕخستنەوەی پرۆژەکان و دووبارە جوولانی کارەکان، ئەمانە هەمووی کۆمەڵێک کارەو کاری لەسەر کراوە .

*** کەواتە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری سەرەکی و پرۆژەکانی لەسەر بنەمای هاوولاتیان و گەیاندنی خزمەتگوزاری بەوان دارشتووە، تاچەند لەمەدا توانراوە بەسەر کۆت و بەربەستەکاندا زاڵ بن و کابینەی نۆیەم حکومەتی خەڵک بێت؟**

- دەستپێکردنەوەی جوولەی بازاڕو خزمەتگوزارییەکان بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە بەوەی ئەم کابینەیە لەسەر رێچکەی خۆی دەڕوات، ئەویش خزمەتکردنی هاوولاتیانە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە چەندین بواردا ئەو پرۆژانەی پەیوەستن بە خزمەتگوزاریی هاوولاتیانەوە دەست بەکارکردن لەسەریان کراوەو لەچەندین بواردا دەبینرێن، گرنگترین حاڵەت کە لەم کابینەیەدا دەبیندرێت ئەوەیە چۆن بتوانین بیرۆکراسیەت و رۆتین لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا کەم بکەینەوە و هاوولاتیان کە سەردانی دامودەزگاکانی حکومەت دەکەن، هەست بەوە بکەن ئەو دامەزراوانە بۆ خزمەتی ئەوان دانراون، هەر لەم چوارچێوەیەدا پرسی رێکخستنەوەی دەوامی فەرمانبەران جێبەجێ کرا، حیکمەتی دەوامی ٨ تاکو ٣ی دوای نیوەڕۆ لەوەدا نەبوو فەرمانبەر لەو ماوە زۆرەدا کار بکات، بەڵکو حیکمەتەکەی لەوەدا بوو لە ٨ تاکو ٣ی دوای نیوەڕۆ دامودەزگا و فەرمانگەکانی حکومەت لەخزمەتی هاوولاتیاندا بن و ئەو زنجیرە بیروکراسیەتەی لەناو دامودەزگاکانی وەزارەتەکان هەیە، بوونیان هەبێت، بەڵام نەک بەو مانایەی ئاستەنگ و بەربەست دروست بکات لەبەدەرەم هاوولاتیاندا، بەڵکو بۆ خزمەتکردنی هاوولاتیان بێت، بۆ نموونە: کاتێک هاوولاتییەک سەردانی بەرێوەبەرایەتییەکی گشتی دەکات و پێویستی بە واژووی بەرێوەبەرێک، یان فەرمانبەرێک هەیە لەو دامودەزگایە، بەو بیانووەی بەرێوەبەری گشتی لەکۆبوونەوەدایە، یان دەرچووە، یان مۆڵەتی وەرگرتووە و لەدەوام نییە، ئیتر کاری هاوولاتییەکە پەک دەخرێت و رادەگیرێت و دەبێت رۆژی دواتر سەردانی بەرێوەبەرایەتییەکە بکاتەوە، ئەم حاڵەتە رەنگە بۆ هاوولاتییەکی ناو شار ناخۆش بێت، بەڵام بۆ هاوولاتییەکی

پارێزگایەکی دیکەو قەزاو ناحیەکی دوورەدەست کارەساتەو مامەڵەیەکی زۆر خراپ و نامەعقوولە، لەبەر ئەوەی پۆست و شوێنێك بەتاڵە ئیتر کارەکانی هاووڵاتیان نابێت جێبەجێ بکرێت، لەم ١٠٠ ڕۆژەی کارکردنی حکومەتدا هەموو ئەم گرفت و کێشانەی ڕۆتین و بیرۆکراتیەت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو هەریەك لە ئێمە لەکاتی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی و جێبەجێکردنی مامەڵەیەکدا بەروونی هەستی پێ دەکات، حیکمەت لە کۆبوونەوەی یەکەمی ژمارە (١)ی ئەنجومەنی وەزیران بە دووبارە ڕێکخستنەوەی دەوامی فەرمی خزمەتکردنی هاووڵاتیانی کوردستان بوو، بەوەی فەرمانگەو دامودەزگاو وەزارەتەکان بەلانیکەم ڕۆژانە ٧ کاتژمێر خزمەتی هاووڵاتیان بکەن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەدای وەزارەتەکان دەبێت کە باشتر بوون، خاڵی گرنگی ئەم پرسە لەوەدایە ئەگەر هاتوو هێڵێکی گرنگ لەگەڵ هاووڵاتیان دەکەیتەوە لەسەرچەندین ئاست و پرسی گرنگ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە، یەکەمیان لەسەر ئاستی وەزارەتەکان تا ئاستی جەنابی وەزیر ڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەیە لە ڕێگەی دانانی ژمارەی تەلەفۆن و ئیمەیل و سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە هاووڵاتیانەوە هەیە، تەنانەت فەرمان دراوە هەموو وەزارەتەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان سکاڵای هاووڵاتیان بە شێوەی جۆراوجۆر وەربگرن و لە ڕووی ڕۆتین و خێرابەڕێکردنی کارەکانیان هەنگاوی جددی بنێن، هەروەها لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیرانیش پەیوەندیی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ هاووڵاتیان هەیە کە لەناوخۆی دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بەشی سکاڵامان هەیە و لە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونیش بەشی سکاڵا هەیە، هەروەها بەشی سکاڵای ئۆنلاین-مان هەیە و هاووڵاتیان دەتوانن لە شوێنی خۆیان بە مۆبایلی زیرەك، یان لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیۆتەرەکەیەوە سکاڵاکانی خۆیان بگەیەننە دەستمان، ئەمەجگە لە بوونی ژمارە تەلەفۆن و واتساب، واتا لەکاتی دەوامی فەرمیدا هاووڵاتیان دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکەن و لەدوای دەوامیش سکاڵاکانیان بنێرن تاوەکو دواتر وەڵامیان بدرێتەوە، ئەمە هەمووی وایکردووە ئەگەر لەسەر ئاستی هەموو وەزارەتەکان سەیری بکەیت ڕۆژانە بەسەدان داواکاریی هاووڵاتیان لەچوارچێوەی داواکاریی و سکاڵاو گازندەو پێشنیاری جۆراوجۆر دەگاتە وەزارەتەکان و داوامان لێکردوون کاری جددی لەسەر بکەن. ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ڕاستەوخۆ بەشداربن لەدروستکردنی سیاسەتی گشتی و جێبەجێکردنیشی، ئەمەش لەچوارچێوەی ژمارەیەك بازنەدا دێت کە بەدەوری چەقێکدا دەسووڕێنەوە، ئەویش هاووڵاتیانی کوردستانن، چونکە لەپاڵ ئەرکی پاراستنی هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان هەر هاووڵاتیە ئامانجی سەرەکی پرۆسەی حوکمڕانییە .

**گرنگترین حاڵەت کە لەم کابینەیەدا دەبینرێت ئەوەیە چۆن بتوانین بیرۆکراسیەت و ڕۆتین لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا کەم بکەینەوە**

**فەرمان دراوە هەموو وەزارەتەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان سکاڵای هاووڵاتیان بە شێوەی جۆراوجۆر وەربگرن و لە ڕووی ڕۆتین و خێرابەڕێکردنی کارەکانیان هەنگاوی جددی بنێن**

**بەشی سکاڵای ئۆنلاین-مان هەیە و هاووڵاتیان دەتوانن لە شوێنی خۆیان بە مۆبایلی زیرەک، یان لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیۆتەرەکەیەوە سکاڵاکانی خۆیان بگەیەننە دەستمان**

*** خاڵێکی گرنگی گوتارەکەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هەنگاوەکانی دووبارە ڕێکخستنەوەی داهات و خەرجییەکان بوو، تاچەند ئەم تەوەرە گرنگە بۆ باشترکردنی دۆخی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان؟**

- وەکو دەزانن بەشێکی سەرەکیی داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ پرسی مووچە دەڕوات و مووچەش لەکاتی خۆیدا دەدرێت، بەشەکەی دیکەی خەرجییەکان تایبەتە بە پڕۆژەکان، لە حاڵی حازردا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی هاوبەش هەیە و پێکهاتووە لەئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان، ئەم لیژنەیە زۆر گرنگە چونکە جۆرێك لە ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان کاری لەسەر کراوە، هاوکات داهاتی ناوخۆیی هەمووی دەخرێتەوە ناو گەنجینەی گشتی و دواجار لە گەنجینەی گشتی بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بە وەزیری دارایی دراوەو بەپێی ئەو پێداویستی و بڕگانەی کە پێویستە بەسەر وەزارەتەکاندا خەرج بکرێت، ئەمە قۆناغێکی ڕاگوزەر لەهەرێمی کوردستان و بارودۆخی هەرێمی کوردستان وادەخوازێت ئەو ڕێکخستنەوەیە لەداهات و خەرجییەکان بکرێت، ئەمەش بەرچاوڕوونیمان پێ دەدات لەمەڕ داهات و خەرجییەکان و چۆنیەتی خەرجکردنی و ڕێگاگرتن لەبەهەدەردانی داهاتەکانمان.



هەروەها ئێستا خۆمان ئامادە دەکەین بۆ یاسای بودجە، چونکە لەدوای ساڵی ٢٠١٣ وە ئەو کاتەی بەغدا مووچە و بودجەی هەرێمی بڕی، دیدگایەکی روونمان نەبووە، کە داهاتمان چەندە و تا ئێستاش دیار نییە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق چەند دەبێت، تا یاسای بودجەی عێراق لە پەرلەمان پەسەند نەکرێت و نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو کات یاسای بودجە دادەنێین، چونکە هەموو رەفتارە داراییەکانی هەرێمی کوردستان رێك دەخات لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران تاوەکو بچووکترین فەرمانگەی حکومەت و ئەمەش وادەکات هەموو بوارەکانی خەرجی و شێوازی خەرجکردن ئاشکرا بێت و رۆڵێکی زیاتر بەدیوانی چاودێری دارایی دەدات بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوازێکی باشتر بەدواداچوونی خەرجییەکان بکەین، نەبوونی یاسای بودجەی هەرێم بەهۆی بڕینی بودجەی هەرێم و حاڵەتێکی لەناکاو بووە، ئێستا دەتوانین بەشێوەیەکی باشتر لەسەر ئاستی وەزارەتی دارایی و وەزارەتەکانی دیکە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ دابنرێت و لەسەر ئەم یاسایە کارەکانی خۆمان رێکبخەین، ئەمەش هەمووی لەچوارچێوەی ئەو شەفافییەتەدا دێت کە لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر دەکاتەوە، چونکە دەرئەنجام بوونی بودجە شەفافییەت بە کاروبارەکانی حکومەت و چۆنیەتی خەرجکردنی داهاتەکانی دەدات و بە شێوەیەکی راستترو زانستییانەتر مامەڵە لەگەڵ پرسە جۆراوجۆرەکان دەکەین.

**رۆڵێکی زیاتر بەدیوانی چاودێری دارایی دەدرێت بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوازێکی باشتر بەدواداچوون بۆ خەرجییەکان بکەین**

*** جێبەجێکردنی پرۆژەو خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرانسەری هەرێم و شاروشارۆچکەکاندا یەکێکە لە سیاسەتە گشتییەکانی حکومەت، ئایا لەماوەی ئەو ١٠٠ رۆژەدا تاچەند دادپەروەرانە ئەم خاڵە گرنگە جێبەجێ کراوە؟**

- یەکێك لە گرنگترین ستراتیژییەکانی حکومەت هاوسەنگی بووە لەگەشەپێدان، بنەمایەکی سەرەکی ئەم هاوسەنگییە خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە هاووڵاتیانە بۆ ئەوەی هاووڵاتی لە بچووکترین یەکەی ئیداری خزمەتگوزارییەکانی بگاتەدەست، بۆ نموونە هاووڵاتیەك پێویست بەوە ناکات لە شاری سۆرانەوە بێتە هەولێر بۆ دەرکردنی پاسەپۆرتێك، راستە ئەمە لەدەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵییە، بەڵام پێویست بوو بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ ئەم خزمەتگوزارییە فیدڕاڵییانەش بگەیەنینە هاووڵاتیانی کوردستان و کار بۆ هەموو خزمەتگوزارییەکانی دیکەش بکەین و رێگە نەدەین لەناوەندی شارەکان کۆبکرێنەوە، واتا کارێکی وا بکەین هاووڵاتیان لە بچووکترین یەکەی ئیداری بتوانن لەسەر ئاستی هەموو خزمەتگوزارییەکان سوودمەند بن، دەرئەنجام چەمکی بۆچوونی ئێمە لەگەیاندنی خزمەتگوزارییەکان دەبێت جۆرێك هاوسەنگی هەبێت لەگەشەپێدان و خەرجییەکان تەنیا لەناو شارەکان نەبێت و گرنگی بەقەزاو ناحیە و گوندەکانیش بدرێت و هاووڵاتیان بە دادپەروەری و یەکسانی لە خزمەتگوزاری بەشدار بن، تاوەکو کۆچکردن بوەستێنین و کۆچی پێچەوانە ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی کە ئێمە مەبەستمانە گرنگی بدەینە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی، واتا دەستی کارو هێزی مرۆیی لەو ناوچانەوە چیتر

**دەبێت جۆرێک هاوسەنگی هەبێت لەگەشەپێدان و خەرجییەکان تەنیا لەناو شارەکان نەبێت و گرنگی بەقەزاو ناحیە و گوندەکانیش بدرێت**



بەرەو شارەکان کۆچ نەکەن، ئەمە جێبەجێکردنی نامەرکەزییەتە لە ئیداری و مەبەستمانە کە دەسەڵاتەکان شۆڕبکرێتەوە بۆ ئاستی ئیداریی خوارەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەتەواوەتی داواکاری و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەو شوێنانە بگەیەنینە دەستی هاووڵاتیان .

*** لەبواری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق کە تا رادەیەکی باش هەنگاوی گرنگ نراوەو لەماوەی رابردوودا زامنی مووچەو بەشێك لە شایستە داراییەکانی هەرێم کرا، ئایا لەم ١٠٠ رۆژەی رابردوودا لەم بوارەدا چی کراوە؟**

- مەنهەجیەتی پەیوەندیکردن لەگەڵ عێراقدا زۆر گرنگە؛ ئێستا لەقۆناغی ئەوەداین ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای هونەری و تەکنیکی رێکبخەینەوە، راستە لەسەر ئاستی سیاسی یەکەمین سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لەبەر ئەوە بوو نییەتی باشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە بەغدا و سەلماندی کە حکومەت و گەلی کوردستان دەیانەوێت لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ حکومەتی عێراق هەڵبدەنەوە، و دەبێت لەبەغداش ئیرادە هەبێت بۆ ئەوەی گرفتەکان چارەسەر بکرێت و بتوانین بەدیالۆگ و گفتوگۆ لەچوارچێوەی بەرژەوەندییە گشتییەکانی عێراق و گەلی کوردستاندا هەردوو لا بەشێوەی زانستی و هونەری چارەسەری هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان بکەن و خەڵکی پسپۆڕو شارەزاو هونەری دیراسەتی هەموو ئەو بوارانەو پرسانە بکەن و رێگەی چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، خۆشبەختانە لە پەیوەندیی نێوان هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە رێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لێکتێگەیشتن و هەماهەنگییەکی باش هەیە، هەموو ئەم پەیوەندییانە لەچوارچێوەی ئەنجومەنی وەزیرانە، چونکە دواجار ئەنجومەنی وەزیران لەپرسە سیاسی و کێشە هەڵپەسێردراوەکان نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات، هەروەها لە پرسەکانی سیاسەتی گشتیی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرسە سیاسی و چارەنووسسازەکانیش سەرۆکایەتسی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان پاڵپشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، کە بتوانن لەقۆناغی داهاتوو کارەکانی خۆیان بکەن، بۆیە کە باسی ئەوە دەکەین دەبێت تەرکیز لەسەر خاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیە چۆن کێشەکان چارەسەر بکەین بە جۆرێك کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و دواتر لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی عێراق بێت و جۆرێك لە سەقامگیری و ئارامی هەبێت و تەنانەت ریفۆرم لەپرۆسەی سیاسیی عێراق بێتەدی، ئەم جۆرە پەیوەندییە گرنگ بوو لەسەر هەموو ئاستەکان، بەتایبەتی لەئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەیزران و پەیوەندیشمان لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەپەرلەمانی عێراق کە لەقۆناغی رابردوو کاری گرنگی لەسەر کراوەو دەرئەنجامەکەشی پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ئەو قۆناغە هەستیارەی کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت و چۆن دەتوانن کاری لەسەر بکەین.

**دەبێت هاووڵاتیان بە دادپەروەری و یەکسانی لە خزمەتگوزاری بەشدار بن، تاوەکو کۆچکردن بوەستێنین و کۆچی پێچەوانە ئەنجام بدرێت**

**یەکەمین سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لەبەر ئەوە بوو نییەتی باشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە بەغدا و سەلماندی کە حکومەت و گەلی کوردستان دەیانەوێت لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ حکومەتی عێراق هەڵبدەنەوە، و دەبێت لەبەغداش ئیرادە هەبێت بۆ ئەوەی گرفتەکان چارەسەر بکرێت**



## لەیلا عەبدولجەبار

پەرلەمانتار لە لیستی فراکسیۆنی پارتی بۆ گوڵان:

# چاکسازی پرسێکی نیشتمانییەو پەیوەندی بە ژیانی هەموو هاووڵاتیانەوە هەیە و ئیرادەیەکی بەهێزیشی لەپشتە

# پارتی دیموکراتی کوردستان لەو روانگەیەوە کە هەڵقوڵاوی خواست و ویستەکانی هاووڵاتیانە و کار بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کوردستانیان دەکات، بە گرنگییەوە دەڕوانێتە تێپەڕاندنی پڕۆژە یاسای چاکسازی

**چاوەڕوان دەکرێت پرۆژە یاسای چاکسازی لەم خولەی پەرلەماندا پەسەند بکرێت، چاکسازی لەچوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگییەکی زۆری پێ دراوە و بە ستراتیژیەتی یەکێك لە کارەکانی بەرنامەی ئەم کابینەیە دادەنرێت، هەربۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم پرۆژە یاسایە ببێتە پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری نەك تەنیا بۆ مووچەخۆران و خانەنشینان، بەڵکو بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی لەیلا عەبدولجەبار پەرلەمانتار لە لیستی فراکسیۆنی پارتی لەپەرلەمانی کوردستان کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخافتن.**

**چاکسازی و باشترکردنی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و دۆزینەوەی هەلی کارو دادپەروەری خواستی خەڵکە**

*** دوای ئەوەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران پرۆژە یاسای چاکسازی پەسەندکرد و لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، ئێوەی پەرلەمانتارانی لیستی فراکسیۆنی پارتی چۆن دەڕواننە ئەم پرۆژەیە؟**

- پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی لە ئەنجومەنی وەزیران و ناردنی بۆ پەرلەمان لە ئەولەوییەتی بەرنامەو کاری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە کە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری و چاکسازییە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، حکومەت و پەرلەمانیش دوو دامەزراوەی گرنگی هەرێمی کوردستانن و ئامانجی هەرە گەورە و لە پێشینەشیان خزمەتکردنی هاووڵاتیانە، هەربۆیە دەبێت پشتیوانی یەکتر بن بۆ ئەوەی باشترین خزمەتگوزاری پێشکەشی هاووڵاتیانی کوردستان بکەن، ئامادەکردنی ئەم جۆرە پرۆژە یاسایانەش دەیسەلمێنێت کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخەمی خەڵك و جێبەجێکردنی داخوازی و داواکاریی هاووڵاتیاندایە، چونکە چاکسازی و باشترکردنی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و دۆزینەوەی هەلی کارو دادپەروەری خواستی خەڵکە، وابزانم سەرجەم حزبە کورستانییەکانی دیکەش لە بانگەشەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیاندا باسی چاکسازی و دادپەروەریی و یەکسانیان کردووە، هەربۆیە واچاوەڕوان دەکرێت زۆربەی هەرە زۆری پەرلەمانتارانی ئەم خولەی پەرلەمان دەنگ بەم پرۆژە یاسا گرنگە بدەن، چونکە پرۆژەکە

فرەڕەهەندە و مۆرکێکی نیشتمانی هەڵگرتووە و چەندین بواری وەکو چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێت.

*** کەواتە واچاوەڕوان دەکرێت دوای خوێندنەوەو ئامادەکردنی راپۆرت لەسەری پرۆژە یاسایەکە پەسەند بکرێت، ئەمەش دوای ئەوەی بە کۆی دەنگی ٨٥ پەرلەمانتار خەسڵەتی بەپەلە بە پرۆژە یاساکە درا؟**

- بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی چاکسازی پرۆژە و خواستی هەموو هاووڵاتیانی کوردستانە، هەموو هاووڵاتیانی کوردستان خواست و داواکاری چاکسازی و دادپەروەری و یەکسانیان هەیە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەو روانگەیەوە کە هەڵقوڵاوی خواست و ویستەکانی هاووڵاتیانە و کار بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کوردستانیان دەکات، هەر بۆیە بەگرنگیەوە دەڕوانێتە تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای چاکسازی ئەویش پێش کۆتاییهاتنی ئەم وەرزەی کاری پەرلەمان و هاتنی پشووی زستانەی پەرلەمان.. وابزانم پارتە کوردستانیەکانی دیکەی ناو پەرلەمانیش بەهەمان شێوە دەڕواننە پرۆژە یاساکە، لەم روانگەیەوە دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە و ناردنی بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکانی ناو پەرلەمان لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە وا چاوەڕوان دەکرێت پرۆژە یاسای چاکسازی لە پەرلەمان پەسەند بکرێت.

*** ئەم پرۆژە یاسایە جگە لەوەی کاروباری حکومەت رێك دەخات و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدایە، دەکرێت وردەکاریی زیاتری ناو پرۆژە یاساکە بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان روون بکەیتەوە؟**

- پرۆژە یاسای چاکسازی جگە لە رێکخستنەوەی کاروباری حکومەت و گەڕانەوەی بڕە پارەیەکی زۆر بۆ گەنجینەی حکومەت، جێبەجێکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە لە پێدانی مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەران و پێشمەرگە و خانەنشینی و بەخشینەکان و هەموو ئیمتیازەکانی دیکە، هەموومان دەزانین لەم هەرێمەدا بەچەندین یاسای جۆراوجۆر فەرمانبەران و پێشمەرگە خانەنشین کراون، کەسانێك هەن بەبێ هیچ یاسایەك و بە نایاسایی خانەنشین کراون، بەگشتی هەموو ئەو پارانەی بە نایاسایی دراون، بۆ خەزێنەی گشتی دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە کەسانێك هەن بێ ئەوەی رۆژێك لە وەزیفەی گشتیدا بووبن و بەبێ ئەوەی بەشداریی کارایان لەپێش ساڵی ١٩٩١ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان کردبێت، بەپلەی بەرز خانەنشین کراون، هەڵبەتە بە رێز و تەقدیرەوە و بەپێی پرەنسیپ و پێوەری نوێ مووچە بۆ هەموو ئەوانە دادەنرێت کە بەشدارییان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان هەبووە، بەڵام ئەوانەی بەنایاسایی خانەنشین کراون، یان مووچەو پلەیان بۆ بڕاوەتەوە و بەخشینیان پێ دەدرێت و دوو مووچەیان هەیە، چاوخشاندنەوە بە هەموو ئەوانەدا دەکرێت، هەروەها کەلێنی نێوان مووچە بەرزەکان و موچە نزمەکانیش رێك دەخرێنەوە و جۆرێك لە دادپەروەریی لەنێوانیاندا رەچاو دەکرێت، لەمەشدا رەچاوی خزمەتی وەزیفی و تەمەن و بڕوانامە و ئیمتیازاتی دیکەش دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە مەبەستمانە لەم پرۆژە یاسایەدا ئەوەیە کە ئەو خانەنشینانەی مووچەیەکی زۆر کەم وەردەگرن، مووچەکانیان بە شێوەیەك زیاد بکرێت کە لانیکەم لەگەڵ باری بژێوی ژیان و پێداویستیە سەرەکییەکانیان بگونجێت، هەروەها یاساکە باسی مووچەی ماڵباتی شەهیدان و ئیمتیازاتی تێدایە، هاوکات باسی دوو مووچەی تێدایە کە دەبێت یەکلا بکرێتەوە و مووچەیەك وەربگیرێت، هەروەها باسی کەمئەندامەکان و مووچە کەمەکانی فەرمانبەران و خانەنشینانیشی تێدایە و هەموو ئەوانەشی تێدایە کە شایستەی مووچەی کەمئەندام نین و بە رێگای جیاجیا ئەو مووچەیەیان وەرگرتووە.

*** ئایا پرۆژە یاساکە مووچە و دەرماڵەو ئیمتیازەکانی پەرلەمانتاران و وەزیرو پلەتایبەتەکانیش رێك دەخاتەوە؟**

- بەڵێ، لە پرۆژە یاساکەدا سەرجەم مووچە و ئیمتیازاتی پەرلەمانتاران و وەزیر و پلە تایبەت و باڵاکان رێکخراوەتەوە و ئاماژەی پێ کراوە و چەندین پێوەر و پرەنسیپ دانراون بۆ ئەم بوارانە بەتایبەتی ساڵی خزمەت و بڕوانامە، هەروەها بۆ خانەنشینکردنیشیان چەندین بڕگەو وردەکاریی تێدایە.

**پرۆژە یاسای چاکسازی جگە لە رێکخستنەوەی کاروباری حکومەت و گەڕانەوەی بڕە پارەیەکی زۆر بۆ گەنجینەی حکومەت، جێبەجێکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە**

**کەسانێک هەن بەبێ هیچ یاسایەک و بە نایاسایی خانەنشین کراون، بەگشتی هەموو ئەو پارانەی بە نایاسایی دراون، بۆ خەزێنەی گشتی دەگەڕێتەوە**

**بە رێز و تەقدیرەوە و بەپێی پرەنسیپ و پێوەری نوێ مووچە بۆ هەموو ئەوانە دادەنرێت کە بەشدارییان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان هەبووە**

**کەلێنی نێوان مووچە بەرزەکان و موچە نزمەکانیش رێک دەخرێنەوە و جۆرێک لە دادپەروەریی لەنێوانیاندا رەچاو دەکرێت**

**خانەنشینانەی مووچەیەکی زۆر کەم وەردەگرن، مووچەکانیان بە شێوەیەک زیاد بکرێت کە لانیکەم لەگەڵ باری بژێوی ژیان و پێداویستیە سەرەکییەکانیان بگونجێت**

*** باشە ئەگەر پڕۆژە یاسایەك جووڵەیەك بە پرۆسەی چاكسازی لە هەرێمی كوردستان بدات و لە خزمەتی خەڵك و مووچەخۆراندا بێت، ئەی بۆچی لەلایەن هەندێك لە پەرلەمانتارانەوە دژایەتی دەكرێت؟**

- سەرەتا پێویستە ئەو راستییە بزانین كە ئەنجامدانی چاكسازی جگە لەوەی هەنگاوێكی گرنگە بۆ گەڕانەوەی ئەو داهاتەی بە نایاسایی خەرج كراوە و جۆرێك لەدادپەروەریی كۆمەڵایەتی لێ دەكەوێتەوە و بە داهاتە دەتوانرێت لە زۆر لایەنی وەكو كەمئەندامان و مووچە نزمەكان سوودی لێ وەربگیرێت، هاوكات هەنگاوێكی بوێرە و ئیرادەیەكی بەهێزی لەپشتەوەیە، كاتێكیش پڕۆژە یاسای چاكسازی بەكۆی دەنگی بەشداربووانی ناو حكومەت پەسەندكرا و رەوانەی پەرلەمان كرا، لەو روانگەیەوە هاتووە كە ئەمە پڕۆژەی خەڵكە و پێداویستییەكی قۆناغەكەیە و هەرخۆی لەخۆیدا پاڵپشتی پڕۆژەكەش لەلایەن خەڵكەوەیە، هەربۆیە وا چاوەڕوان دەكرێت لە پەرلەمان سەرجەم ئەو لایەنە بەشدارانەی ناو حكومەت دەنگ بە یاساكە بدەن، چونكە پڕۆژەكە لە خزمەتی هاووڵاتیان و پڕۆژەی چاكسازیدایە، لێرەدا راگەیاندكاران كە بەردەوام خواست و ویستی خەڵكی بۆ دادپەروەری و چاكسازی دەورووژێنن، ئەركێكی قورسیان دەكەوێتە سەر بۆ سەرخستنی پڕۆژەكە و جێبەجێكردنیشی. سەبارەت بە وەڵامی ئەو پرسیارەی كە تایبەتە بەوانەی دژی پڕۆژەی چاكسازین؛ من سەرەتاش گوتم چاكسازی ئیرادەیەكی بەهێزی سیاسی دەوێت، چونكە زۆرن ئەوانەی بە رووكەش هەڵگری پەیام و دروشمی چاكسازین، كەچی لەئەرزی واقیعدا بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆر لەگەڵ چاكسازیدا نین، من پێم سەیرە پڕۆژەیەك لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بێت و پرسێكی نیشتمانی بێت، چۆن دەبێت دژی رابوەستینەوە، بەڵام مادام چاكسازی ئیرادەی گەل و حكومەت و دامەزراوە شەرعییەكانە، هەر بۆیە پڕۆژەكە سەردەكەوێت، ئەوانەی لەم قۆناغەدا دژی ئەم پڕۆژە یاسایەن، باچیتر باسی چاكسازی و دادپەروەریی كۆمەڵایەتی نەكەن، لای ئێمە وەكو فراكسیۆنی پارتی سەیری چاكسازی ناكەین وەكو ویستێكی حزبی، بەڵكو وەكو پرسێكی نیشتمانی و فرەڕەهەند دەڕوانینە چاكسازی كە پەیوەندی بە هەموو خەڵكەوە هەیە.

*** خۆت دەزانیت پرسی چاكسازیی پرسێكی فرەڕەهەندە و چەندین بوار دەگرێتەوە، ئایا جگە لەم پڕۆژە یاسایەی چاكسازی، پڕۆژە یاسای دیكە بەڕێوەیە بۆ پەرلەمانی كوردستان؟**

- ئەم پڕۆژە یاسایەی چاكسازی هەنگاوی یەكەمە لە چاكسازی، خۆتان دەزانن پرۆسەی چاكسازیی فرەڕەهەندە و مۆركێكی نیشتمانی هەیە و پرۆسەیەكی بەردەوامە لەسەرجەم وەزارەت و بوارە جیاجیاكاندا، هەر بۆیە چاوەڕوان دەكرێت لە دوای پەسەندكردنی پڕۆژە یاسای چاكسازی لە مووچە و دەرماڵە و خانەنشینان و بەخشینەكان چەندین پڕۆژە یاسای چاكسازیی دیكەش لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەوانەی پەرلەمان بكرێت، چونكە چاكسازیی پرۆسەیەكی گشتگیرو بەردەوامە؛ مادام حكومەت و پەرلەمان نوێنەرایەتی میللەت دەكەن، هەر بۆیە ئەركی ئەم دوو دامەزراوە شەرعییەی كوردستانە كە لە خەمی جێبەجێكردنی خواست و ویستەكانی میللەت بن، من وا چاوەڕوان دەكەم حكومەت چەندین پڕۆژە یاسای چاكسازی لە بوارەكانی دیكەشدا دەست پێ بكات و ئێمەی پەرلەمانتاریش پاڵپشتیی ئەو چاكسازییانە دەكەین. ئەو كاتەی پەرلەمانتاران متمانەیان بە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان دا، لەو باوەڕەوە هاتبوو كە متمانەی تەواویان بە رێزدار مسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەیە كە كەسێكی بەهێز و خاوەن ئیرادەیە بۆ چاكسازی، تەنانەت لەكارنامەی كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان و لە هێڵە گشتییەكاندا بە شێوەیەكی زۆر باش باسی چاكسازی كراوە و ئەوەتا لە رووی كردارەوە هەنگاوەكانی چاكسازی لەچەندین بواردا دەستی پێ كردووە، ئەركی ئێمەشە وەكو نوێنەرانی گەل پاڵپشتیی هەموو ئەو هەنگاو و پڕۆژانە بكەین كە حكومەت لەپێناو خەڵكیدا بۆ پەرلەمانی بەرز دەكاتەوە.

**لە پڕۆژە یاساكەدا سەرجەم مووچە و ئیمتیازاتی پەرلەمانتاران و وەزیر و پلە تایبەت و باڵاكان رێكخراوەتەوە و ئاماژەی پێ كراوە**

**راگەیاندكاران كە بەردەوام خواست و ویستی خەڵكی بۆ دادپەروەری و چاكسازی دەورووژێنن، ئەركێكی قورسیان دەكەوێتە سەر بۆ سەرخستنی پڕۆژەكە و جێبەجێكردنیشی**

**زۆرن ئەوانەی بە رووكەش هەڵگری پەیام و دروشمی چاكسازین، كەچی لەئەرزی واقیعدا بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆر لەگەڵ چاكسازیدا نین**

**ئەوانەی لەم قۆناغەدا دژی ئەم پڕۆژە یاسایەن، باچیتر باسی چاكسازی و دادپەروەریی كۆمەڵایەتی نەكەن**

**چاوەڕوان دەكەم حكومەت چەندین پڕۆژە یاسای چاكسازی لە بوارەكانی دیكەشدا دەست پێ بكات و ئێمەی پەرلەمانتاریش پاڵپشتیی ئەو چاكسازییانە دەكەین**

# دیمانەی تایبەت



رۆبەرت ستێوارت بەڕێوەبەری سکوولی سکریپسە بۆ رۆژنامەگەری لە زانکۆی ئۆهایۆ، تایبەتمەند و پسپۆڕی چەند بوارێکی گرنگی پەیوەست بە رۆژنامەگەرییە، وەك (رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن، گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بە پەروەردەی بواری رۆژنامەگەری، رۆژنامەگەریی سەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و مێژووی راگەیاندن) لە ئێستاشدا پتر جەخت لەسەر بایەخدان بە کاریگەریی تەکنەلۆژیا لەسەر کاری رۆژنامەگەری دەکاتەوە. رۆبەرت ستێوارت وەك رۆژنامەنووس و کارمەندی راگەیاندن لە چەندین کەناڵی راگەیاندن (بە بیستراو و بینراوەوە)، کاری کردووە. پێشتریش لە زانکۆی واشنتۆن وانەبێژی بواری رۆژنامەگەری بووە. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە پتر پەیوەست بوون بە ئەو دژوارییانەی کە رووبەڕووی کاری رۆژنامەگەریی تەقلیدی دەبنەوە، لەگەڵ پرسی ئەوەی کە ئایا چیتر ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە دەتوانێت ئەرك و رۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی ئەدا بکات، یان نا؟ لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت راگەیاندن و رۆژنامەگەریی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و سۆشیال میدیا.

## رۆبەرت ستێوارت

بەڕێوەبەری سکوولی سکریپس بۆ رۆژنامەگەری لە زانکۆی ئۆهایۆ بۆ گوڵان:

# سەرۆک ترەمپ رەخنە لە راگەیاندن دەگرێت، کە راگەیاندنیش فەرامۆشی دەکات زۆر نارەحەت دەبێت

*** وەك کەسێك کە باکگراوندێکی ئەکادیمی و لە هەمان کاتدا ئەزموونی مەیدانیتان لە کارکردن لە بواری رۆژنامەگەری و راگەیاندندا هەیە، تێڕوانینتان بۆ دۆخی ئێستای رۆژنامەگەری و بەتایبەتیش لە رووی ئەو ئاستەنگ و دژوارییانەی کە رووبەڕووی دەبنەوە چییە؟ ئایا لە ئێستادا گەورەترین بەربەستی بەردەم کاری رۆژنامەگەری لە چیدا بەرجەستە دەبێت؟**

- پێم وایە لەم ساتەوەختەدا گەورەترین دژواری و سەختی کە رووبەڕووی کاری رۆژنامەگەری بووبێتەوە بریتیە لە پرسی پەیوەست بە متمانەی خوێنەر، یان بینەر و بیسەرە بە دەزگاکانی راگەیاندن و کاری رۆژنامەگەری. لەلایەکی دیکەوە لە ئێستادا چەندین جۆر و چەشنی رۆژنامەگەری دروست بوون و هەواڵ و بابەتەکانیان ناوەڕۆکی جیاوازییان هەیە، لە دەرئەنجامدا جۆرێك لە تەمومژ و لێڵی دروست بووە و خەڵکی بە ئاسانی نازانن کامە رۆژنامەگەریی راستەقینەیە و کامەش تەنیا جەنجاڵی و سەرقاڵکردنە و بە ئاسانی ئەم دوانەیان پێ جیا ناکرێتەوە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە چ شتێك بۆتە هۆکاری ئەوەی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان رۆژنامەگەریی راستەقینە و رۆژنامەگەریی ساختە (ئەگەر گوزارشتەکە دروست بێت) بەم شێوەیە تێکەڵ و پێکەڵ بێت و نەتواندرێت لێك جیا بکرێنەوە؟**

- لە راستیدا ئەنتەرنێت هۆکار و ئامرازێکە بۆ ئەوەی بتوانرێت هەواڵ و بابەت لەسەر تۆڕەکان بڵاو بکرێتەوە، کە لە رواڵەتدا وەك رۆژنامەگەریی راستەقینە دەردەکەون، واتە هەمان رواڵەتەکانی رۆژنامەگەرییان هەیە، ئیدی ڤیدیۆ بێت، یان دەنگ بێت، یان نووسراو، بەڵام ئەگەر لە ناوەڕۆکەکەی ورد ببیتەوە، ئەوا

**گەورەترین دژواری و سەختی کە رووبەڕووی کاری رۆژنامەگەری بووبێتەوە بریتیە لە پرسی پەیوەست بە متمانەی خوێنەر، یان بینەر و بیسەرە بە دەزگاکانی راگەیاندن و کاری رۆژنامەگەری**

بۆت دەردەکەوێت کە بابەتێکی جیاوازە و هەمان کوالیێتی کاری رۆژنامەگەریی نییە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆر کەس ناتوانن ئەم جیاکارییە بکەن.

*** ئایا ئێوە لەم رووەوە ئاماژە بە چەمکی هەواڵی ساختە دەکەن (فەیك نیوز) کە بە شێوەیەکی بەربڵاو و خێرا لە نێو تۆڕەکانی سۆشیال میدیا بڵاو دەبێتەوە؟**

- ئێمە دەزانین کە دەکرێت بە ئاسانی هەواڵ و بابەتی ورد و راست و دروست و لە هەمان کاتدا بابەتی ناڕاستیش لە تۆڕەکانی سۆشیال میدیا بڵاو بکرێنەوە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کاتێك خەڵکی دەبینین کە هەمان چیرۆك و هەواڵ چەندین جار دووبارە دەبنەوە، ئەوا وا دەردەکەوێت کە هەواڵ و بابەتێکی راست و دروستە، ئەگەرچی مەرج نییە لە ناوەڕۆکدا بەم شێوەیە بێت. کەواتە سۆشیال میدیا هەم دەرفەتە و هەمیش ئامرازێکە بۆ سەرقاڵکردن و جەنجاڵ کردن.

*** کەواتە لە ئێستادا راگەیاندن لە کەش و رەوشێکی جیاواز و گۆڕاودا کار دەکات، ئایا پێت وایە چیتر راگەیاندنی تەقلیدی بتوانێت رۆڵ و ئەرکی چاوەڕوانکراوی خۆی ئەدا بکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە چاودێریکردنەوە؟**

- من پێم وایە ئەگەر باوەڕت بە راستی هەبێت و باوەڕت بە هێزی زانیاریی راست و دروست هەبێت، ئەوا دەگەیتە ئەو دەرئەنجامەی کە لە مەودای دووردا رۆژنامەگەریی راستەقینە بەردەوام دەبێت و دەمێنێتەوە و ئەوەشی پێی دەوترێت پروپاگەندە و زانیاریی ناڕاست ناتوانێت درێژە بکێشێت و بمێنێتەوە. چونکە خەڵکی ساختەبوونی هەواڵە ساختەکانیان بۆ دەردەکەوێت، ئەمە هاوشێوەی ئەوەیە کە ماوەیەك تۆ خواردنی شیرین دەرخواردی خەڵکی بدەیت، کە لە کۆتاییدا ئەو خەڵکە بۆیان دەردەکەوێت کە ئەمە خواردنێکی راستەقینە نییە و بەردەوامبوونیش لەسەر خواردنی شیرینی کارێکی تەندروست نییە. هەرچۆنێك بێت ئەمە ئومێدی منە.

*** ئەگەر بە دیاریکراوی ئاماژە بە پەیوەندیی راگەیاندن و دەسەڵات لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، ئەوا ئاشکرایە کە پەیوەندییەکی ئاسان لە نێوان سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و رۆژنامەگەریدا نییە و دۆناڵد ترەمپ بە بەردەوامی هێرش دەکاتە سەر کەناڵەکانی راگەیاندن، تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- حاڵەتی ترەمپ لەم رووەوە جێی سەرنج و بایەخە، چونکە زۆر پشت بە رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسان دەبەستێت و هەمیشە بایەخ بەوە دەدات کە (نیۆیۆرك تایمز، واشنتۆن پۆست، سی ئێن ئێن) ئاماژەی پێ دەکەن و روماڵی دەکەن، واتە ئەو لە رواڵەتدا رەخنەیان لێ دەگرێت، بەڵام ئەگەر پشتگوێی بخەن، ئەوا زۆر ناڕەحەت دەبێت، چونکە ترەمپ پێی وایە هەر سەرنجراکێشانێك بەلای خۆیدا لە بەرژەوەندیی ئەودایە. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە پەیامی ترەمپ دژ بە نوخبەیە، لە کاتێکدا کەناڵەکانی راگەیاندن و رۆژنامەگەری بە چەشنی زانکۆکان وا دەخرێنە روو، وەك ئەوەی لە بەرەی نوخبەدا بن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە رەخنە لە پەروەردەی زانکۆیش دەگرێت.

*** بەڵام دەبینین هەندێ جار ترەمپ دەزگاکانی راگەیاندن بە دوژمنی ئەمریکا ناوزەد دەکات، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- لە راستدا ئەو ئەمە بۆ بەدەستهێنان و بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسی دووبارە دەکاتەوە، چونکە ئەو پێی وایە ئەگەر بیەوێت سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا مسۆگەر بکات، ئەوا دەبێت پارێزگاری لەو بنکە جەماوەرییە بکات کە دڵسۆزن بۆی، کە بریتین لە یەك لەسەر سێی دەنگدەران، واتە ئەو دەیەوێت لە رێی دووپاتکردنەوەی هەمان پەیامەوە پارێزگاری لەم بنکەیە بکات.

*** بە تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك بوونی راگەیاندنی ئازاد پرسێکی بنەڕەتییە بۆ چاودێریکردنی دەسەڵات و بۆ بەردەوامبوونی دیموکراسی، بەتایبەتی لە ئەمریکا؟**

- لە راستیدا دوو شێواز هەن بۆ قسەکردن لە بارەی راگەیاندنی ئازادەوە، یەکەمیان ئەو راگەیاندنەیە کە تۆ لە بەرامبەردا هیچ بڕە پارەیەك نادەیت و نایکڕیت، کە لە ئێستادا ئەمە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

**پەیامی ترەمپ دژ بە نوخبەیە، لە کاتێکدا کەناڵەکانی راگەیاندن و رۆژنامەگەری بە چەشنی زانکۆکان وا دەخرێنە روو، وەک ئەوەی لە بەرەی نوخبەدا بن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە رەخنە لە پەروەردەی زانکۆییش دەگرێت**

**ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی راگەیاندن لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەوا دەبینین کە لە ٥٠ ساڵی یەکەمی دروستبوونی ئەم دەوڵەتەدا رۆژنامەکان پتر بە پارتە سیاسییەکانەوە پەیوەست بوون**

**دەبێت دەزگاکانی راگەیاندن هۆشیار بن لەوەی نەبنە ئامرازێک بۆ برەودان و بانگەشەکردن بۆ هەڵوێستێکی سیاسی دیاریکراو، کە لە ئێستادا ئەمە بۆتە یەکێک لە گەورەترین تەحەددییەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا**

**ئێمە نامانەوێت حکومەت، یان حزبە سیاسییەکان هاوکاری و پاڵپشتی دارایی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن و کاری رۆژنامەگەری دەستەبەر بکەن**




بۆتـە کێشـەیەکی گـەورە بـۆ ئـەو ڕاگەیاندنانـەی دەیانەوێـت لـە ڕێـی داهاتـی خۆیانـەوە درێـژە بـە کارەکانیـان بـدەن. دووەمیـان پەیوەسـتە بـەو ڕاگەیاندنـەی کـە لەژێـر دەسـەڵات و دەسترۆیشـتویی حکومـەت و دەسـەڵاتدا نییـن، کـە ئاشـکرایە ئـەوەی پێویسـتمانە لـە ئێسـتادا بریتییـە لـە بوونـی ڕاگەیاندنێـك کـە بەشـێك نەبێـت لـە سیسـتمی دەسـەڵات، ئێمـە پێویسـتمان بـەو دەزگا ڕاگەیاندنانـە هەیـە کـە سـەربەخۆن لـە پارتـە سیاسـیەکان. بـەڵام ئەگـەر ئێمـە بگەڕێینـەوە بـۆ مێـژووی ڕاگەیانـدن لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا، ئەوا دەبینیـن کە لە ٥٠ ساڵی یەکەمی دروسـتبوونی ئـەم دەوڵەتـەدا ڕۆژنامـەکان پتـر بـە پارتـە سیاسـیەکانەوە پەیوەسـت بـوون. کەواتـە مێـژووی ئێمـە زۆر جیـاوازەی لـەوەی لـە ئێسـتادا لـە ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەگـەری چاوەڕوانـی دەکەیـن، واتـە ئێمـە نامانەوێـت حکومـەت، یـان حزبـە سیاسـییەکان هـاوکاری و پاڵپشـتی دارایـی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیانـدن و کاری ڕۆژنامەگـەری دەسـتەبەر بکـەن.

*** کەواتـە لـە ئێستادا پێویسـتە چی بکرێت بۆ ئـەوەی سـەرەڕای ئـەو تەحـەددی و دژوارییانـەی ڕووبەڕوویـان بۆتـەوە، ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەگـەری بتوانـن ڕۆڵـی خۆیـان بەدەسـت بهێننـەوە؟**

- مـن پێـم وایـە پێـش هەمـوو شـتێك دەبێـت دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن هۆشـیار بـن لـەوەی نەبنـە ئامرازێـك بـۆ بـرەودان و بانگەشـەکردن بـۆ هەڵوێستێکی سیاسـیی دیاریکراو، کـە لـە ئێسـتادا ئەمـە بۆتـە یەکێـك لـە گەورەتریـن تەحەددییـەکان لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، بەتایبەتـی کـە ئێسـتا پرسـی دادگاییکردنـی سـەرۆك دۆناڵـد ترەمـپ دەوروژێندرێـت، چونکـە چەندیـن سـەروتار دەبینیـن کـە پشـتیوانیی خۆیـان بـۆ ئەنجامـدان و بەڕێوەچوونـی پرۆسـەی دادگاییکردنەکـە دەردەبـڕن. ئەمـە لـە کاتێکـدا ئـەو کەسـانەی هاوسـۆز و پشـتیوانن بـۆ سـەرۆك دۆناڵد ترەمـپ پێیـان وایـە ئـەم ڕۆژنامانـە لایەنگیـری دەکـەن و پارێـزگاری لـە بێلایەنیـی خۆیـان ناکـەن. لـەم ڕوانگەیـەوە مـن پێـم وایـە پێویسـتە ڕۆژنامـەکان هۆشـیار بـن و کار و ئەرکەکانیـان چـڕ بکەنـەوە لـە باسـکردن و ئاماژەپێکـردن و خسـتنەڕووی ڕاستییەکان. هەرچۆنێك بێت بـاوەڕم وایـە دووبارە بەدەسـتهێنانەوە، یـان بنیادنانـەوەی متمانـە بـەم دەزگا و ڕۆژنامانە کاتێکی زۆر دەخایەنێت، واتـە بـۆ ڕۆژگارێکـی دوورودرێـژ دەبێـت ئێمـە سـەرقاڵی ئـەم کێشـەیە بیـن.

**ئەوەی لە ئێستادا پێویستمانە بریتییە ڕاگەیاندنێک کە بەشێک نەبێت لە سیستمی دەسەڵات، ئێمە پێویستمان بەو دەزگا ڕاگەیاندنانەهەیە کە سەربەخۆن لە پارتە سیاسیەکان**

**هەرچۆنێک بێت باوەڕم وایە دووبارە بەدەستهێنانەوە، یان بنیادنانەوەی متمانە بەم دەزگا و ڕۆژنامانە کاتێکی زۆر دەخایەنێت**



گریگۆری لیۆن ئەفتاندیلیان راوێژکار و توێژەر و وانەبێژە لە هەردوو زانکۆی بۆستن و زانکۆی ئەمەریکی. هەروەها توێژەرە لە سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ماساشوسێتس لوێڵ و توێژەری باڵایە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەنتەری سیاسەتی نەتەوەیی لە واشنتۆن دی سی. خاوەنی ۲۳ ساڵ کارکردنە لە نێو حکومەتی ئەمریکا وەك راوێژکاری سیاسەتی دەرەوە و شرۆڤەکاری کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئێران و ئەوەی پێی دەوترێت (هەڵمەتی ئەوپەڕی فشار) و ئاکام و دەرئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

دیمانەی تایبەت

## گریگۆری لیۆن ئەفتاندیلیان

### تایبەتمەندی کاروبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# عێراق کێشەی زۆرە و پێویست ناکات بە ئاگری ململانێی ئەمریکا و ئێران بسوتێندرێت

*** ئاشکرایە لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات سەرۆك دۆناڵد ترەمپ سیاسەتێکی جیاوازی لە ئاست وڵاتی ئێران گرتەبەر، ئەوەبوو لە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا کشایەوە و لە هەمان کاتدا فشار و ئابڵوقەیەکی ئابووریی سەختی لە بەرامبەر ئەو وڵاتەدا گرتەبەر، ئێوە چۆن لە کاریگەری و دەرئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا ئەگەر لەو دەرئەنجام و دەرهاویشتانە بڕوانین کە لەم سیاسەتەی ئەمریکا، یان ئەوەی پێی دەڵێن هەڵمەتی ئەوپەڕی فشار، ئەوا ئەو راستییە بەدی دەکەین کە ئەم ستراتیژە ئاکام و لێکەوتەی دژ و پێچەوانەی لێ کەوتۆتەوە. چونکە سەرەڕای چەندین پێشێلکاری کە دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی ئێراندا دەکرێن و سەرەڕای ئەوەی ئەم وڵاتە سیاسەتێك دەگرێتەبەر لە ئاست ناوچەکەدا کە مایەی مشتومڕ و ناکۆکییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێران پابەندبوو بە بڕگە و ئیلتزامەتەکانی رێککەوتنی ئەتۆمی ساڵی ٢٠١٥ وە، بەڵام کاتێك ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بڕیاریدا لەو رێککەوتنە بکشێتەوە و سزای سەختی ئابووری بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، ئەوا بە هۆی ئەم فشارانەوە لە ئێستادا ئابووری ئێران دوچاری تەنگژە و کێشە بۆتەوە، بۆیە ئێران دەستی داوەتە گەمەیەکی مەترسیدار کە بریتییە لە پیتاندنی یۆرانیۆم، زیاتر لەو ئاستەی کە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە رێی پێ دەدات.

*** ئەو کاتەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە واژۆکرا و ئەو کەسانەشی پشتیوانیان لێ دەکرد، پێیان**

**راستە کە سەرۆک دۆناڵد ترەمپ هەڕەشەی لە ئێران کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا خوازیاری ئەوە نییە کە لەگەڵ ئێراندا دوچاری شەڕ بێت**

**وابوو کە ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هۆی گۆڕینی سیاسەتەکانی ئێران لە ئاست ناوچەکەدا، ئایا لە ئێستادا چۆن هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتەکانی ئێران دەکەیت؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە بۆتەهۆی ئەوەی ئێران ببێتە وڵاتێکی مەترسیدارتر، ئەمەش ئەو بۆچونەی من پشتڕاست دەکاتەوە کە پێم وایە سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە. دواتر ئەگەر باس لە ئامانجە دوورمەوداکانی ئەم سیاسەت و فشارانە بکەین، کە پەیوەستن بەوەی تا چەند ئەم سزایانە دەبنەهۆی ئەوەی خەڵکی ئێران مەیلیان بۆ ئەمریکا لا دروست بێت، ئەوا بەپێچەوانەوە مەیلی رای گشتی ئێران لە ئاست ئەمریکا دابەزیوە. کەواتە دەتوانین بڵێین لە مەودای دووریشدا ئەمریکا زیانی بە خۆی گەیاندووە، لە کاتێکدا هەوڵ دەدات نەوەیەکی نێو ئێران بەلای خۆیدا رابکێشێت، لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەم سیاسەتە لە زۆر رووەوە سیاسەتێکی زیانبەخش و خراپە کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پیادە دەکرێت.

*** خاڵێکی دیکە کە لە گوتار و لێدوانەکانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە زۆر جار هەڕەشەی کاردانەوەی توند دەکات، ئەگەر بێتو پێشێلکاری، یان دەست درێژی بکرێتەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- ئەگەر لە پەیوەندی بە ئێرانەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەوا راستە کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەڕەشەی لە ئێران کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا خوازیاری ئەوە نییە کە لەگەڵ ئێراندا دوچاری شەڕ بێت، تەنانەت ئێمە بینیمان کاتێك ئێران فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکای خستەخوارەوە، ئەمریکا کاردانەوە و وەڵامدانەوەی سەربازیی نەبوو، لە ئاست هەڕەشەکانی ئێراندا بۆ داخستنی گەروی هورمز و هێرشی ئێران بۆ سەر کێڵگە نەوتییەکانی عەرەبستانی سعودیەش بە هەمان شێوە. کەوابێت دەتوانین بڵێین سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئێران نارۆشنە، چونکە لەلایەك ترەمپ دەیەوێ خۆی بکات بە سەرداری ناوچەکە و هەڕەشە لە ئێران دەکات، لە هەمان کاتدا نایەوێت لە رووی سەربازییەوە لەگەڵ ئێران دوچاری رووبەڕووبونەوە بێتەوە.

*** بە شێوەیەکی گشتی پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چ سیاسەت و رێگاچارەیەك بگرێتەبەر لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەگەر دەستتێوەردانە سەربازییەکانی دەرئەنجامی خراپیان هەبوێت و لە هەمان کاتدا فشاری ئابووریش کارا نەبوێت، ئەی ئەمریکا چۆن دەتوانێت پەیوەندیی بنیاتنەرانە لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا دروست بکات؟**

- لە ئێستادا یەکێك لە کێشە سەرەکی و گەورەکان، بە تایبەتی کە ئێوە لە عێراقن و خۆتان هەست بەمە دەکەن، بریتییە لە کێشە و دژوارییە ئابوورییەکان کە وڵاتانی ئەم ناوچەیەوە بە دەستیانەوە دەناڵێنن، کە دەبینین خەڵکی وڵاتانی عێراق و لوبنان و ئێران بە هۆی بێکاری و نەبوونی گەشەی ئابووری و بوونی گەندەڵی نارەزاییەتی دەردەبڕن، کەواتە دووبارە ناوچەکە بەرەو دۆخێکی ناسەقامگیر هەنگاو دەنێت، کە پێم وایە پێویستە ئەمریکا کار لەگەڵ هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیدا بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت هاوکار بێت لە سەقامگیرکردنەوەی هەندێ لەم ئابووریانەدا کە بوونەتە هۆی دروستبوونی نائارامی لەم وڵاتانەدا، ئەگەر ئەم کارە بکرێت ئەوا وێنەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا باشتر دەبێت.

*** هەر لە پەیوەندی بە پرسی نائارامی و ناسەقامگیرییەوە، باس لەوە دەکرێت کە دوای تێکشکانی بەڵام ڕێکخراوی داعش جارێکی دی سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوە و خۆئامادەکردنەوەیە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەمانە مەترسی و پێشهاتی جددی و مەترسیدارن؟**

- ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە هێشتا داعش مایەی مەترسییە و لەم رووەوە گرنگە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە کورتمەودا لە عێراقدا جێگیر بکات، چونکە ئاشکرایە داعش دوای ئەوەی ئەو خاکەی لەدەست دا کە لەژێر کۆنتڕۆڵ و دەسەڵاتیدا بوو و دوای ئەوەی سەرکردەکەی

**سیاسەتی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئێران نارۆشنە، چونکە لەلایەک ترەمپ دەیەوێ خۆی بکات بە سەرداری ناوچەکە و هەڕەشە لە ئێران دەکات، لە هەمان کاتدا نایەوێت لە رووی سەربازییەوە دوچاری رووبەڕووبونەوە بێتەوە**

**خەڵکی وڵاتانی عێراق و لوبنان و ئێران بە هۆی بێکاری و گەشەی ئابووری و بوونی گەندەڵی نارەزاییەتی دەردەبڕن، کەواتە دووبارە ناوچەکە بەرەو دۆخێکی ناسەقامگیر هەنگاو دەنێت**

**پێویستە ئەمریکا کار لەگەڵ هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیدا بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت هاوکار بێت لە سەقامگیرکردنەوەی هەندێ لەم ئابووریانەدا کە بوونەتەهۆی دروستبوونی نائارامی**

**داعش دوای ئەوەی ئەو خاکەی لەدەست دا، کە لە ژێر کۆنتڕۆڵ و دەسەڵاتیدا بوو و دوای ئەوەی سەرکردەکەی (ئەبو بەکر بەغدادی)ی لەدەست دا، بەڵام هێشتا لە هەوڵی دووبارە دروستبوونەوە و سەرهەڵدانەوەدایە**



(ئەبو بەکر بەغدادی)ی لەدەستدا، بەڵام هێشتا لە هەوڵی دووبارە دروستبوونەوە و سەرهەڵدانەوەدایە.

*** ئێوە پێشتر ئاماژەتان بە عێراق کرد، کە لە ئێستادا دۆخێکی نائاسایی لەم وڵاتەدا هەیە و باس لەوە دەکرێت کە عێراق کەوتۆتە نێوان بەرداشی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەندێك ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە عێراقی کردۆتە گۆڕەپانی ململانێکانی لەگەڵ ئێراندا، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەدا نەبووە و نییە کە عێراق کارەبا و غاز لە ئێران بکڕێت، هەرچۆنێك بێت ئەولەویەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە دۆخی ژیان لە عێراقدا باشتر بێت، لەم رووەوە پێم وایە نابێت ئەمریکا عێراق بکاتە بەشێك لە هەڵمەتەکەی لە دژی ئێران، چونکە ئێمە دەزانین عێراق بە دەست چەندین کێشەوە دەناڵێنێت و نابێت بە ئاگری ململانێ و رووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو وڵاتە بسوتێنرێت، بەڵکو دەبێت کار لەسەر باشترکردنی دۆخەکە بکرێت لە عێراقدا، هەرچەندە کێشەکە ئەوەیە کە زۆرێك لە هاوکارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپاش کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دراونەتە عێراق لە گەندەڵیدا بەهەدەر چوون، لەم رووەوە ئەو وڵاتانە دوودڵن لەوەی کە لە رووی ئابوورییەوە هاوکاریی عێراق بکەن. هەرچەندە ئەگەر عێراق بەرەو دۆخی داڕوخان بڕوات، ئەوا زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش دەگەیەنێت.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە لە رووی باشترین و خراپترین سیناریۆ کە چاوەڕوان بکرێت چییە؟**

- لە راستیدا ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە بەرەو ناسەقامگیرییەکی زیاتر دەڕوات، کە دەبینین خۆپیشاندانەکان لە عێراق و لوبنان و هەندێ شوێنی دیکە درێژەیان هەیە و بازنەی نارەزایەتی بەرفراوانتر دەبێت لە ئاست دۆخ و بارە ئابوورییە خراپەکەدا. خۆ ئەگەر ئەمە گرێ بدەینەوە بەو راستییەی هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە داعش دەیەوێت دووبارە سەرهەڵبداتەوە، بەتایبەتی کە هەزاران چەکداری ئەم رێکخراوە خۆیان حەشارداوە و دەیەنەوێت هەڵمەتێکی دیکە ئەنجام بدەنەوە، لە هەمان کاتدا سعودیە و ئێران هەوڵی هێنانەدی چەند بەرژەوەندییەکی جیاواز دەدەن لە ناوچەکەدا، هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن سیناریۆیەکی باش چاوەڕوانی ئەم ناوچەیە ناکات.

**زۆرێک لە هاوکارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپاش کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دراونەتە عێراق لە گەندەڵیدا بەهەدەرچوون، لەم رووەوە ئەو وڵاتانە دودڵن لەوەی کە لە رووی ئابوورییەوە هاوکاریی عێراق بکەن**

# پێکەوە ژیان لە روانگەی ئیسلامەوە

دیارە ئایینی ئیسلام زۆر بە جوانی باسی ئەم چەمکەی کردووە، کاتێکیش کە بە ناو دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە سەحیحەکانی پێغەمبەرمان(دخ) گوزەر دەکەین، زۆر بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت، ئەوە ئێمەین ناتوانین مامەڵەی تەواوی ئەو پێکهاتانەی دیکەی ئایینە ئاسمانییەکان بکەین کە لەسەر ئەم گۆی زەمینەکە لەگەڵیاندا دەژین، ئەگینا بڕوانە خودای باڵادەست چ دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا)[١]. واتە ئەی ((خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەك درووست کردووە و کردومانن بە چەند هۆزو عەشیرەت و قەومێکەوە بۆ ئەوەی یەکتر بناسن وپێکەوە بژێن)) نەك یەکتر قبوڵنەکەن و دوژمنایەتی لە نێوتان پەرە بسێنێت و یەکتر لە ناو ببەن، کەواتە بانگەوازەکەی پەروەردگار هەموو دانیشتووانی سەر ئەم گۆی زەمینە دەگرێتەوە لە موسڵمان و دیان و جوو ئاگرپەرست و بوزی و...هتد، تەنیا ئەم ئایەتە بەسە بۆ ئێمەی موسڵمان



**د. سیروان ئەحمەد قادر**

مامۆستای ئایینی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کەپابەندبین پێوەی بۆ مامەڵە کردمان لەگەڵ ئایین پەرستەکانی دیکە، کەواتە هەر کەسێك هەر گرووپێك پێچەوانەی ئەم ئایەتە رەفتار بکات، ئەوە خۆی تاوانبار و بەرپرسیارە نەك ئیسلام، دەبێت شتەکان تێکەڵ بە یەك نەکرێن. بۆ نموونە هەندێ رێکخراوی کاڵفام و قەڵەم فرۆش کە بەردەوام رەخنە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگرن و بێ ئەوەی بەڵگەیەکیان هەبێت تاوانباری دەکەن، دەڵێن ئاینی ئیسلام مەبدەئی یەکتر قبوڵکردن رەت دەکاتەوە، بەڕاستی ئەمە جینایەت و بوختانێکی گەورەیە، بڕوانە خوای گەورە لەو ئایەتە پیرۆزە چۆنێتیی شێوازی گفتوگۆی لەگەڵ شوێنکەوتوانی ئایینەکانی دیکە، بۆ ئێمەی موسڵمان چۆن دیاری کردووە، کە دەفەرموێت :

(وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ)[٢]. واتە ئەی موسڵمانینە لەگەڵ شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانییەکان

(ئەهلی کتێب) بە شێوازێکی جوان و ڕێکوپێك بکەونە گفتوگۆ، نەك بە قیڕە قیڕو دەنگ بەرزکردنەوە بە سەریاندا، ئا ئەمە ڕێنمایی ئاینی ئیسلامە، با بگەڕێینەوە بۆ سوننەتی پێغەمبەرمان(دخ) (اشترى رسول الله (صلى الله عليه وسلم) من يهودي طعامًا بنسيئةً فأعطاه درعا له)[٣]. ئەم فەرموودەیە پێمان دەڵێت پێغەمبەر(دخ) تا دوا ساتەکانی ژیانی لە ناو بازاڕی مەدینەی منەوەرە مامەڵەی لەگەڵ جووەکان کردووە، لە لایەکی دیکەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە مرۆڤەکان بەردەوام پێویستیان بە بازاڕکردن هەیە بۆ دابین کردنی پێویستیی ڕۆژانەیان، کەواتە بەردەوام پێغەمبەر(دخ) بۆ پێداویستییەکانی چۆتە بازاڕ و مامەڵەشی کردووە، ئەوەتا لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە: (وَقَالُوا مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الْأَسْوَاقِ)[٤].

لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە، بۆچی پێغەمبەر(دخ) بۆ کڕینی هەندێك خواردن چۆتە لای ئەو یەهودییە، تەنانەت پارەشی نەبووە لە بەرامبەر ئەو بڕە خۆراکە، بۆیە درعەکەی بە ڕەهن لای یەهودییەکە داناوە، تائەو کاتەی پارەکەی بۆ دابین دەکات، خۆ هاوەڵەکانی لە دەوروپشتی بوون بەتایبەت حەزرەتی عوسمان و عبدالرحمن کوری عەوف (ڕەزای خوایان لەسەر بێت) کە ئەمان دەوڵەمەند بوون، بۆچی ئەو بڕە پارەیەی لای ئەوان نەهێنا، بەڵکو درعەکەی کردە ڕەهن.

لێرەدا پەیامەکەی پێغەمبەر (دخ) زۆر روونە بۆ شوێنکەوتووانی کە بریتییە لەوەی تا ڕۆژی دوایی واتە قیامەت مامەڵە کردن لە گەڵ ئایین پەرستەکانی دیکە قەدەغە کراو نییە.

کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هەوێنی پێکەوە ژیان نەك دوژمنایەتیکردنیان، وەك ئەوەی لێرە و لەوێ بەتایبەت لە وڵاتانی ئەورووپا ماڵی ئەو ئایین پەرستانەی غەیری ئیسلام بە فەتوای هەندێ جاهیل ونەفام حەڵاڵ دەکەن، واتە دەڵێن دزیکردن لەو سوپەر مارکێتانە حەڵاڵە بۆ ئێوەی موسڵمان، کە ڕێکاورێك ئەم ڕەفتارە پێچەوانەی پەیامەکەی پێغەمبەرە (دخ) .

خودا دەفەرمووێت: (وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ )[٥]. بنەمایەکی دیکە بۆ پێکەوە ژیان بڕوانە خودا چ دەفەرمووێت سەبارەت بە خواردنی شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانییەکان: (الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ)[٦].

ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەکات کە خودای باڵادەست هەر خواردنێك کە پاك و خاوێن بێت، بۆی حەڵاڵ کردوین، هەروەها خواردنی ئەهلی کتێبیش حەڵاڵە بۆمان، دوور لە حەرام کراوەکان، خواردنەکانی ئێمەی موسڵمانیش بۆ ئەوان حەڵاڵن هەروەها مارەکردنی ئافرەتی (ئەهلی کتاب) داوێن پاکیان حەڵاڵە بەو مەرجەی مارەییان پێ بدرێت.

مادام زەواجکردن لە گەڵ ئەهلی کتێب ڕێگە پێدراوە تەنانەت ئافرەتەکە دەتوانێت تا هەتایە لەسەر بیرو باوەڕی خۆی بمێنێتەوە و زۆریشی لێ ناکرێت بێتە موسڵمان، نامەوێت بچمە وردەکاریی مەسئەلە فیقهییەکان، بەڵکو تەنیا ئاماژە بە خاڵێك دەکەم ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەو ئافرەتەی کە دایکی منداڵەکەتە و ماندووی پەروەردەکردنێتی، ژیانی ڕۆژانەتان بەتاڵی و ناخۆشییەکانییەوە پێکەوە دەبەنە سەر، دەکرێت لە بۆنەکانی وەك جەژنەکانیان پیرۆزبایی لێ نەکەیت، زۆرم لاسەیرە چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەیت کە ئەو پیرۆزبایی جەژنت لێ دەکات بەڵام تۆ ئامادە نیت پیرۆزبایی جەژنی لێ بکەیت، بڕوانە خودا لە قورئاندا چ دەفەرموێت (وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا)[٧]. واتە کەسڵاوتان لێ کرا بە جوانترین و چاکترین شێواز وەڵام بدەنەوە، باشە هاوژینەکەت، یان هاورێکەت، یان دراوسێکەت کە ئەهلی کتێبە و پیرۆزباییت لێ دەکات بەڵام جەنابتان ئامادەنین جەژنە پیرۆزەی لێ بکەن، ئەم ڕەفتارەت چی ناو دەبەیت؟. خۆ نابێت ئەم ئایەتە پیرۆزە یاساییە گشتگیرە جێبەجێ نەکەیت، خودا فێری ئەوەت دەکات کە هەر کەسێك چاکەو پیاوەتی لە گەڵدا کردیت، تەنانەت ئەو کەسە هەر کێیەك بێ شوێنکەوتی هەر ئاینێك بێت،

**ئەو موسڵمانەی کە هەڵسوکەوت و مامەڵەی باش لە گەڵ ئەهلی کتێب دەکات و دادپەروەرە بەرامبەریان، خۆشەویستی خوادیە**

**مرۆڤەکان بەردەوام پێویستیان بە بازاڕکردن هەیە بۆ دابین کردنی پێویستیی ڕۆژانەیان، کەواتە بەردەوام پێغەمبەر(دخ) بۆ پێداویستییەکانی چۆتە بازاڕ و مامەڵەشی کردووە**

**لێرە و لەوێ بەتایبەت لە وڵاتانی ئەورووپا ماڵی ئەو ئایین پەرستانەی غەیری ئیسلام بە فەتوای هەندێ جاهیل ونەفام حەڵاڵ دەکەن**

دەبێ بە جوانترین و چاكترین شێواز مامەڵە و هەڵسوكەوتی لە گەڵدا بكەیت.

یقول الله تعالى: (لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إن الله يحب المقسطين)[8].

أشارت الآية الكريمة الى نقطة مهمة وهي (برهم والإقساط إليهم)، والقسط يعني: العدل، والبر يعني: الإحسان والفضل،عن أسماء بنت أبي بكر – رضي الله عنها – (قالت إستفتيت النبي صلى الله عليه وسلم فقلت: إن أمي قدمت وهي راغبة، قال: نعم، صلي أمك)[9] خۆ ئەو فەرموودەیە زۆر روون و ئاشكرایە، ئەسمای كچی ئەبو بەكر (رەزای خوای لەسەر بێت) پرسیاری لە پێغەمبەر(دخ) كرد «دایكم هاتووە ئاگات لێیە كە موشریكە،ئایا بۆم هەیە سەردانی بكەم و دیاری پێشكەش بكەم و بچمەلای» لە وەڵامدا پێغەمبەر(دخ) فەرمووی بەڵێ، وەك دیارە هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بە ئەهلی كتێب چۆنە و بەرامبەر بە موشریكیش چۆنە.

واتە خودا سەبارەت بەو ئەوانەی لەسەر دین و بڕوای ئێوە نین لە چاكە كردن و دادپەروەری بەرامبەریان رێگەی ئەوەتان لێ ناگرێت، بە تایبەت ئەوانەی ئازاریان نەداون و لە ماڵ و جێی خۆتان دەریاننەپەراندون.

كەواتە ئەو موسڵمانەی كە هەڵسوكەوت و مامەڵەی باش لە گەڵ ئەهلی كتێب دەكات و دادپەروەرە بەرامبەریان، خۆشەویستی خوادیە.

دیارە قاعیدەیەكی شەرعی هەیە كە ئاماژە بەوە دەكات بێ بوونی دەقێك لە قورئان، یان سوننەتی سەحیحی پێغەمبەر(دخ) ناتوانی هیچ شتێك حەرام بكەیت.

حديث أبي الدرداء رضي الله عنه مرفوعاً: (الحلال ما أحل الله في كتابه و الحرام ما حرم الله في كتابه و ما سكت عنه فهوما عفا عنه)[10].

والقاعدة الشرعية المتفق عليها تقول (أنه لا تحريم إلا بنص)[11].

هەروەها نابێت پیرۆزبایی بۆنەكانیان وا لێك بدرێتەوە كە تۆ رازیت بەو بیروباوەڕەی ئەوان، بەڵكو بریتییە لە مافی هاوسەرێتی، یان هاوسێتی، یان هاورێیەتی، یان مرۆڤایەتی.

با ئەم مەسئەلەیە بخەینە تەرازوی فەرموودەكەی پێغەمبەر (دخ): قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: ((إن الله افترض عليكم فرائض فلا تضيعوها، وحد لكم حدودًا فلا تعتدوها، ونهاكم عن أشياء فلا تنتهكوها، وسكت عن أشياء – من غير نسيان - فلا تكلفوها رحمة من ربكم فاقبلوها))[12].

(وسكت عن أشياء – من غير نسيان) دەچێتە خانەی بێدەنگییەكەوە كە خودا بەزەیی پێماندا هاتۆتەوە بێ ئەوەی لەبیری كردبێت ئەم جۆرە مەسئەلانە خیلاف و جەدەلێكی زۆری لە سەر دەكرێت، كەپێویست ناكات خۆمانی پێوە خەریك بكەین، وروژاندنی ئەم مەسئەلانە ئەوەندەی خزمەت بە نەیاران ودوژمنانی ئیسلام دەكات، ئەوەندە خزمەت بە موسڵمانان ناكات، بەڵكو لێكیان دادەبڕێت و رق و كینە زیاد دەكات بەرامبەر یەكتری.

لە دوای خستنە رووی هەموو ئەو بەڵگانە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە سەحیحەكانی پێغەمبەر(دخ) بۆمان دەردەكەوێت كە پێكەوە ژیان بە ئاشتیخوازی لە گەڵ هەموو دانیشتوانی سەر ئەم گۆی زەمینە بە هەموو رەنگ و بیروباوەڕ و هزری جۆراوجۆرەوە، ئامانجی سەرەكیی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، نەك پێچەوانەكەی .

(١) [سورةالحجرات الاية١٣].
(٢) سورةالعنكبوت الاية(٤٦).
(٣) (صحيح مسلم رقم الحديث ١٦٠٣ ج٦ ص ١١٧).
(٤) (سورةالفرقان الاية ٧).
(٥) سورة البقرة الاية ١٨٨ .
(٦) [سورةالمائدة الاية ٥].
(٧) سورة النساءالاية ٨٦.
(٨) سورة المتحنة الاية{٨}.
(٩) (صحيح البخاري رقم الحديث٥٩٧٩ ج١٠ ص ٥٠٧).
(١٠) ( سنن الترمذي رقم الحديث ١٧٢٦ص ٤٠٢).
(١١) تجديد علم أصول الفقه للأبي الطيب السريري ص١٢٩ .
(١٢) الدارقطني رقم الحديث ٤٧٢٨ج٣ ص٥٥٧ .

**خودای باڵادەست هەر خواردنێك كە پاك و خاوێن بێت، بۆی حەڵاڵ كردوین، هەروەها خواردنی ئەهلی كتێبیش حەڵاڵە بۆمان، دوور لە حەرام كراوەكان، خواردنەكانی ئێمەی موسڵمانیش بۆ ئەوان حەڵاڵن**

**زەواجكردن لە گەڵ ئەهلی كتێب رێگە پێدراوە، تەنانەت ئافرەتەكە دەتوانێت تا هەتایە لەسەر بیرو باوەڕی خۆی بمێنێتەوە و زۆریشی لێ ناكرێت ببێتە موسڵمان**

**كاتێك هاوژینەكەت، یان هاورێكەت، یان دراوسێكەت كە ئەهلی كتێبە و پیرۆزباییت لێ دەكات بەڵام جەنابتان ئامادەنین جەژنە پیرۆزەی لێ بكەن، ئەم رەفتارە چی ناو دەبەیت**



**دکتۆر مامەند محەمەد قادر**

بەڕێوەبەری ڤێترنەریی هەولێر بۆ گوڵان:

# سەربڕینی ئاژەڵ لە دەرەوەی کوشتکارگەکان سەرپێچییەو سزای گەورەی لەسەرە، لەوانە داخستنی دووکانەکە و زیندانیکردن

**ئاژەڵداری و پڕۆژەکانی پەلەوەری و کشتوکاڵ لەو جومگە سەرەکییانەی ئابووریی هەر کۆمەڵگەیەکن و هیچیان لە سامانە سرووشتییەکان کەمتر نییە و لە وڵاتانی جیهاندا بایەخێکی زۆریان پێ دەدرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا تائێستا ئەو سەرچاوە بەرهەمهێنەرانە وەك پێویست کاریان لەسەر نەکراوە، بۆ ئەوەی هەم دەستی کاری زیاتر بکرێتەوە، هەم ئاستی هاوردەکردن دابەزێت. ئەوانە و چەندین پرسی گرینگی دیکە تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گوڵان لەگەڵ دکتۆر مامەند محەمەد قادر بەڕێوەبەری ڤێترنەریی هەولێر پێك دەهێنن.**

*** وەك لەهەموو لایەك دیارە هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای هەولێر بەتایبەتی سنوورێکی بەرفراوانی ئاژەڵداری و پڕۆژەی پەرلەوەری هەیە، بۆ پاراستنی ئاژەڵ و پەلەوەرەکان بەرنامەتان چی بووە و چۆن توانیوتانە چاودێرییان بکەن؟**

- بەڕێوەبەرایەتیی ڤێترنەریی هەولێر ٢٧ بنکەی ڤێترنەری هەیە کە دابەشی سەر قەزاو ناحیەکانی سنوورەکە بوون و هەر بنکەیەك لە ڕێگای ستاف و کارمەندی ڤێترنەری کارەکانیان ئەنجام دەدەن، کاری سەرەکییشیان هەڵمەتی کوتانی ساڵانەیە لە دژی نەخۆشییە ڤایرۆسییەکان، بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو ستافی جێگرمان هەیە بۆ کوشتارگە و سەربڕخانەکانی پەلەوەر و چەند بنکەیەکیشمان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو خاڵ و سنوورانەی کە بەروبوومی ئاژەڵی و پەلەوەری پێدا تێپەڕدەبێت، هەروەها لیژنەمان بۆ چاودێریکردنی سەرپێچییەکانی بازاڕ و بەدواداچوون و پشکنینی کۆگاکان و کارگەکانی ئالیك و چەند بوارێکی دیکە هەیە. هەروەها نوێنەرمان لەلیژنەی باڵای هاوبەش لەسەر ئاستی قایمقامیەتی شاری هەولێر هەیە، هاوکات چەندین لیژنەی دیکەمان لەناو بەڕێوەبەرایەتی ڤێترنەریی هەولێر هەیە کە هەر لیژنەیەك تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

*** کێڵگە و پڕۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر لەسەر چ بنەما و مەرجێك سەرپەرشتی و بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت ؟**

- کێڵگەکانی پەلەوەر تەنیا لە رووی تەندروستی بەدواداچوون و پشکنینیان بۆ دەکەین، بەڵام ئەو پزیشکانەی ڤێترنەری کە لە رووی بەخێوکردنەوە سەرپەرشتییان دەکەن، پێویستە بەپێی یاسا راپۆرت ئامادە بکەن لەسەر چۆنیەتی و ئامادەبوونی مریشکەکان بۆ بازاڕ، ئەو ئالیکەش دەدرێت بە پەلەوەرەکان بڕوانامەیان پێ نادەین، تاوەکو پشکنینیان بۆ ئەنجام نەدەین، بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی کە ڕێژەی (مایکۆتۆکسین) ژەهری کەڕووەکان لەناو ئالیکەکە لە ڕێژەی ڕێگاپێدراو زیاتر نەبێت. لە کاتێکدا مردنی مریشك بە کۆمەڵ بێت، لە هۆکارەکان دەپێچینەوە و لە ڕێگای فەرمانگەمانەوە بەرنامەی کوتان بۆ ئەو مەبەستە دادەنرێت و بە ستافێکی تایبەتمەند و شارەزا کارەکانی کوتانەکە جێبەجێ دەکرێت. لیژنەکانی فەرمانگەمان ناتوانن رۆژانە سەردانی کێڵگە و پڕۆژەکانی پەلەوەر بکەن، لەبەر ئەوەی ژمارەی شوێنەکان زۆرن و ستاف و کارمەندیشمان بۆ بەدواداچوونەکان بەپێی پێویست نییە.

*** ئایا هۆکار چییە پاش ٤٠ بۆ ٥٠ رۆژ لە بەخێوکردنی مریشك لە پڕۆژەکان دەردەهێندرێن و دەخرێنە بازاڕ بۆ فرۆشتن، لە کاتێکدا دەڵێن پێویستە ماوەی بەخێوکردنی مریشك سێ مانگ بێت، لەپاشان بخرێتە بازاڕ؟**

- ماوەی سێ مانگ بۆ بەخێوکردنی مریشك و پەلەوەرەکان زۆرە، بەڵکو پێویستی بە ٤٢تا٤٥ رۆژە، ئەگەر ئالیکەکەی ستاندارد بێت لە رووی پرۆتین و وزەو پێکهاتەکانی وەك (میپیونین و لایسین و ڤیتامینەکان) و پێدانی ڤیتگۆڕڤیژن کە توانای گۆڕینی ئالیکیان هەیە بۆ گۆشت کە بەم شێوەیە دەتوانرێت لە ماوەی ٤٢ بۆ ٤٥ رۆژ مریشك بە کێشی دوو کیلۆ زیاتریش بەرهەم بێت.

*** ئایا لە سنووری پارێزگای هەولێر چەند کوشتارگەو سەربڕخانە هەیە و چۆن توانراوە لە رووی مەرجە تەندروستییەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن؟**

- هەشت کوشتارگەی ئاژەڵی لە سنووری پارێزگای هەولێر هەیە، گەورەترینیان کوشتارگەی هاوچەرخی هەولێرە کە لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە

**ساڵانە لە مانگی یەکەوە تا کۆتایی مانگی ١١ هەڵمەتی کوتانی ئاژەڵ و پەلەوەر ئەنجام دەدرێت**

**لیژنەکانی فەرمانگەمان ناتوانن رۆژانە سەردانی کێڵگە و پڕۆژەکانی پەلەوەر بکەن، لەبەر ئەوەی ژمارەی شوێنەکان زۆرن و ستاف و کارمەندیشمان بۆ بەدواداچوونەکان بەپێی پێویست نییە**

**پێش سەربڕین و دوای سەربڕینیش پشکنین بۆ هەموو ئەندامەکانی ئاژەڵەکە دەکرێت، ئەگەر هەر حاڵەت و نیشانەیەکی نەخۆشی دەربکەوێت ئەو ئاژەڵە رەت دەکرێتەوە و فڕێ دەدرێت**

**ئەگەری ئەوە هەیە کە گۆشتی سووری بەستوو بە قاچاخ هاوردەی هەولێر بکەن، شتی واش رووی داوە، بەڵام لیژنەکان بە پێی توانای خۆیان پشکنینیان بۆ ئەنجام داون و دوای ئەوەی کە دەرکەوتووە گونجاو نین، دەست بەسەر گۆشتەکەدا گیراوە و لەناوبراوە، ئیجرائاتی یاساییش لەگەڵ سەرپێچیکارەکە کراوە**

**ئەو گۆشتە سوورانەی ئێستا لە بازاڕ هەن، هێندی نین و بە ڕێگای وەرگرتنی مۆڵەت لە بەڕازیل و ئۆکرانیا و ئۆرۆغوا و چەند وڵاتێکی دیکە دێت کە نەخۆشیان تێدا نییە**

**هەر وڵاتێکیش پەلەوەرو ئاژەڵەکانیان نەخۆشیی سنووربەزێنی تێدا بێت، ڕێگا نادرێت بەرووبوومیان هاوردە بکرێت**

بەڕێوەدەبردرێن و کوشتارگەکان دەکەونە بنەسڵاوە و قوشتەپە و سەڵاحەدین و سۆران و رواندز و... هتد، پێش سەربڕین و دوای سەربڕینیش پشکنین بۆ هەموو ئەندامەکانی ئاژەڵەکە دەکرێت، ئەگەر هەر حاڵەت و نیشانەیەکی نەخۆشی دەربکەوێت ئەو ئاژەڵە رەت دەکرێتەوە و فڕێ دەدرێت، یان لە سووتێنەر لەناو دەبردرێت، کاتێکیش ئاژەڵ ئاوس (دووگیان) بێت، قبووڵ ناکرێت سەر ببڕدرێت.

*** گۆشتی سووری هێندی سەرەڕای ئەوەی قەدەغە کراوە، بۆچی لەناو بازاڕەکان دەبیندرێت؟ ڕێوشوێنتان لەو بارەیەوە چییە؟**

- بۆ هاوردەکردنی گۆشتی سووری بەستوو دەبێت لەلایەن کۆمپانیای تایبەتمەند و بازرگانان داواکاری پێشکەش بە وەزارەتی کشتوکاڵ بکرێت و مۆڵەتیش بەپێی مەرج و ڕێنماییەکان وەردەگرن. واتە داواکارییەکە دێتەلای ئێمە و لەلای ئێمەوە ئەو وڵاتە دیاری دەکرێت کە دەبێت گۆشتەکەی لێ بێنن،و ئەو وڵاتەش دەبێت نەخۆشیی ئاژەڵی و بەرووبوومەکانی تێدا نەبێت، بەتایبەتی نەخۆشییە ڤایرۆسییە سنووربەزێنەکان و کۆمپانیاکەش مەرج و ڕێنماییەکانی پێویستی تێدا بێت، ئینجا ڕێگا دەدرێت گۆشتی سووری بەستوو هاوردە بکات. ئەگەرچی ئەگەری ئەوە هەیە کە گۆشتی سووری بەستوو بە قاچاخ هاوردەی هەولێر بکەن، شتی واش رووی داوە، بەڵام لیژنەکان بە پێی توانای خۆیان پشکنینیان بۆ ئەنجام داون و دوای ئەوەی کە دەرکەوتووە گونجاو نین، دەست بەسەر گۆشتەکەدا گیراوە و لەناوبراوە، ئیجرائاتی یاساییش لەگەڵ سەرپێچیکارەکە کراوە. پێشتریش گۆشتی سووری بەستووی هێندی هاوردەی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکرا، بەڵام شەش ساڵ پێش ئێستا بەپێی ئەو پشکنینانەی بۆ گۆشتی هێندی ئەنجام دران، دەرکەوت ماددەی پارێزەر (پریزێتڤ) زۆر لە ڕێژەی ڕێگاپێدراوی جیهانی لە گۆشتەکەدا هەیە، کە ئەو ماددە پارێزەرە کاریگەری و شوێنەواری زۆر خراپ لەسەر تەندروستیی مرۆڤ هەیە. پیسبوونی هەندێک لەو گۆشتانە بە ماددەی (مەلاپیۆن) و هۆکاری دیکەش لەوانە بەپێی ڕێنمایی وەزارەت نابێت مانگا و جوانەگا سەرببڕێن ئەگەر تەمەنیان لە دوو ساڵ زیاتر بێت، چونکە بە کەڵکی خواردن نایەت، بەڵام دەرکەوت گۆشتە سوورە هیندییەکە تەمەنی لە دوو ساڵ زیاترە، بۆیە بە هۆی ئەو هۆکارانەوە هاوردەکردنی گۆشتی سووری هیندی ڕاگیراو قەدەغەکرا. ئەو گۆشتە سوورانەی ئێستا لە بازاڕ هەن، هێندی نین و بە ڕێگای وەرگرتنی مۆڵەت لە بەڕازیل و ئۆکرانیا و ئۆرۆگوا و چەند وڵاتێکی دیکە دێت کە نەخۆشیان تێدا نییە.

*** تاقیگەی ناوەندی ڤێترنەری هەولێر لەلایەنی زانستی لە ئاستێکی ستانداردی جیهانییە، ئایا کارەکانیان چۆن بەڕێوەدەچێت و دەرمان و پێداویستییەکانی پشکنین کەموکورییان نییە؟**

- تاقیگەی ناوەندی ڤێترنەریی هەولێر بەڕێوبەرایەتییەکی سەربەخۆیە و دەتوانێت هەموو پشکنینەکان ئەنجام بدات، ئەگەر کیتەکان و پێداویستیی تاقیگەکانی هەبێت، بە نەبوونی پێداویستییەکان پشکنین و بەدواداچوونەکان دوادەخرێت و ناتوانرێت نەخۆشییەکان دەستنیشان بکرێن، بۆیە کاری تاقیگەکان بەپێی پێویست بەڕێوەناچێت، نەبوونی پێداویستییەکانیش پەیوەندی بە کەمی و نەبوونی بودجەو ئیمکانیاتی تەواو هەیە بۆ کڕینی (ڤاکسین و پێداویستیی تاقیگەی) بۆ نموونە سێ ساڵ زیاترە ڤاکسینی ئاژەڵمان بەپێی پێویست نییە و ساڵ هەبووە ئەو ڤاکسینە هەر نەبووە و ئەمساڵ برێکمان بۆ هاتووە، هەندێك جۆری ڤاکسینەکانمان هەر نییە، ئەمەش وادەکات کۆنترۆڵی هەمەجۆری نەخۆشییەکان نەکرێت. هەموو ئەو کێشەو کەموکورییانە پەیوەندی بە کەمی و بڕی ئەو بودجەیە هەیە کە بۆمان تەرخان دەکرێت.

*** بە هۆی هەڵمەتەکانی کوتان و ڕێگریکردن لە نەخۆشییەکانی ئاژەڵ و پەلەوەر تا چەند توانیوتانە ئاستی نەخۆشییەکان کەم بکەنەوە، بۆ ئەوەی سامانی ئاژەڵی و پەلەوەری زیاتر بێت؟**

- لەو ساڵەی ڤاکسینی تەواومان بووە، بەپێی ژمارەی تەواوی ئاژەڵی سنووری پارێزگای هەولێر، کۆنترۆڵی ٩٠٪ی نەخۆشییەکان ئاژەڵانمان کردووە، ئەو ١٠٪ی کە کۆنترۆڵ نەکراوە لەبەر دوو هۆکار بووە، یەکەم: ئاژەڵدارەکان لەکاتی هەڵمەتی کوتانەکاندا هاوکاریی تیمەکانی کوتانیان نەکردووە. دووەم: جاری وا هەبووە ئاژەڵی قاچاخ هاتووتە سنوورەکە و لەگەڵ خۆیان جۆرێك ڤایرۆس و نەخۆشییان هێناوە، ئەگینا زۆر باش قۆناغ بە قۆناغ و ساڵ لەدوای ساڵ توانراوە کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان بۆ ئاژەڵەکانی سنوورەکە بکەین، بەمەش هەم سامانی ئاژەڵی زیاتر بووە، هەم کوالیتیی بەرووبوومی ئاژەڵییمان باشتر و بەرزتر

بۆتەوە. هەر بۆ نموونە: تورکیا و وڵاتانی دیکەش پێستی ئاژەڵ لە هەولێر و سنووری پارێزگاکە بۆ خۆیان هاوردە دەکەن، ئەمەش بەڵگەیە بۆ باشی و کوالیتی بەروبوومەکانی ئاژەڵی لە پارێزگای هەولێر.

*** ئایا ئاگادارن کە لەدەرەوەی کوشتارگەکان مەڕومالات و ئاژەڵ لە کۆڵان و گەڕەکەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو سەردەبڕدرێن، بێ ئەوەی پشکنین و مەرجی تەندروستی جێبەجێ بکەن؟**

- بێگومان ئەو دیاردەیە زۆر بووە، بەپێی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ١٩٧٢ کە هەمواریش کراوەتەوە، سەربڕینی ئاژەڵ لە دەرەوەی کوشتکارگەکان سەرپێچییەکی گەورەیە و سزای گەورەی لەسەرە، لەوانە داخستنی دووکانەکە و زیندانیکردن، ئەگەرچی ئەو دیاردە ناتەندروست و نایاساییە هەر بەردەوامە، هۆکارەکەشی زیاتر بۆ کەمیی کارمەند و لیژنەکان دەگەڕێتەوە. هەروەها پێشینەی مانگانەمان بە ٢٤ بنکەوە تەنیا چوار ملیۆن دینارە کە ٧٥٪ی بۆ سووتەمەنی و خەرجی ئۆتۆمبێلە، بۆیە پێویستە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار زیاتر پشتیوان و هاوکارمان بن، بۆ ئەوەی بتوانین بە سەر هەموو سەرپێچییەکاندا زاڵ بین.

*** بەروبوومی ئاژەڵی و پەلەوەری کە ماوەبەسەرچوو بن، بە چ ڕێگایەك و لەناوی دەبەن؟**

- ئێمە کوورە و سووتێنەرمان هەیە بۆ لەناوبردنی ئەو بەرووبومە ئاژەڵی و پەلەوەرییانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیرێت، بەتایبەتی ئەوانەی ماوەبەسەرچووبن، یان بەپێی ڕێنمایی تەندروستی نەخۆش بن، لە ژێر (١٢٠٠) پلەی گەرمی دەسووتێندرنێن و کاڵاو بەروبومەکان دەبنە خۆڵەمێش، ڕێگایەکی دیکەش بۆ لەناوبردنی هەندێ بەروبووم کە ناتوانرێت بسووتێنرێن، ئەوانە دەبردرێنە زبڵخانەی کانی قرژاڵە و بە حەفارە ژێر زەوی دەخرێن وەك ئەوەی لە سێ هەفتەی رابردوو ٦١ تەن هێلکە دەستی بەسەردا گیرا و لە زبڵخانەی کانی قرژالە ژێر زەوی خرا.

*** ئایا ئەو نۆرینگانەی ڤێترنەری چۆن چاودێری و بەدواداچوونیان بۆ دەکەن و تا چەند لەژێر چ ڕێنمایی و یاسادان؟**

- ئەو نۆرینگانەی ڤێترنەری بەپێی مەرج و ڕێنمایی تایبەت و پێویست لەلایەن سەندیکای پەیوەندیدار مۆڵەت وەردەگرن، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت، وەك حکومەت نابێت ئەوان ڤاکسینە ستراتیژییەکان لەلایەن خۆیانەوە بفرۆشن، بەڵکو تەنیا ئەو کۆمپانییانەی کەرتی تایبەت کە مۆڵەتیان هەیە، دەتوانن لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی بنکەکانی ڤێترنەری و بەڕێوەبەرایەتیی ڤێترنەری ئەو ڤاکسینانە بهێنن و بەکاری بێنن و بیفرۆشن.

*** بۆ کارگە و کۆگا و سارکەرەوەکان چ ڕێنماییەکتان هەیە؟**

- هەموو ئەو شوێنانە پێش وەرگرتنی مۆڵەت و لەکاتی هێنان و هەڵگرتنی بەرووبۆمەکان ئێمە سەردانیان دەکەین و بەپێی ڕێنماییەکان بەدواداچوونیان بۆ ئەنجام دەدەین. زۆرجار زانیاریمان بۆ دێت لەسەر ئەو کۆگاو شوێنانە کە سەرپێچییان کردووە، ئێمەش بەدواداچوونیان بۆ دەکەین و لەکاتی پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان ئەو بەروبوومە کە خراپ بێت، یان ماوەبەسەرچوو بێت، دەستی بەسەر دادەگیرێت و لەناودەبردرێن. بۆ نموونە لەماوەی ئەم مانگە ١١ تەن گۆشتی بەسەرچوو کە گۆشتی بەرازیشی لەگەڵ بووە، دەستی بەسەردا گیراوە و خاوەنەکەشمان رووبەرووی ڕێکاری یاسایی کردووە، هەوڵمانداوە ئەو کۆمپانیاو کۆگانە بخەینە لیستی ڕەش. لەلایەکی دیکە کارگەکانی ئالیك لە بەرهەمهێنانی ئالیکەکەوە تا بەکارهێنانی دەبێت پابەندی چەند ڕێنماییەك بن، وەك تێکردنی ئالیکەکە لە گونیە کە بەرواری تێکردن و کۆتایی لەسەر بێت و لەسەر زەوی دانەنرێت و شوێنەکەی پلەی شیداری خۆی هەبێت و لە دەرەوەی ئەو مەرج و ڕێنماییانە بن، بەرەوڕووی لێپێچینەوەو سزا دەبن.

*** ئایا بۆ ئەو کرێکارانەی لە کوشتارگەو سەربڕخانەکانی پەلەوەرو کۆگاو کارگەکان و کیلگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر کار دەکەن بۆ خۆپاراستن لەنەخۆشییەکان چیتان کردووە؟**

- بۆ ئەو کرێکارانەی کار لە لە کوشتارگەو سەربڕخانەکان و کۆگاو کارگەکان و چەندین شوێنی دیکە کار دەکەن، یان هاتوچۆی بەردەوامیان بۆ ئەو شوێنانە هەیە، هەموو شەش مانگ جارێك پشکنینی تایبەتیان بۆ ئەنجام دەدەین بۆ نەخۆشییە هاوبەشەکان کە ئەو نەخۆشییانە دەگوازرێنەوە. ئەو پشکنینانە یەکێك لەو مەرجانەیە بۆ هەر کەسێك بیەوێت مۆڵەت وەربگرێت، تاوەکو لەو شوێنانە کار بکات.

**بە نەبوونی پێداویستییەکان پشکنین و بەدواداچوونەکان دوادەخرێت و ناتوانرێت نەخۆشییەکان دەستنیشان بکرێن، بۆیە کاری تاقیگەکان بە پێی پێویست بەڕێوەناچێت**

**جاری وا هەبووە ئاژەڵی قاچاخ هاتووتە سنوورەکە و لەگەڵ خۆیان جۆرێک ڤایرۆس و نەخۆشییان هێناوە، ئەگینا زۆر باش قۆناغ بە قۆناغ و ساڵ لەدوای ساڵ توانراوە کۆنترۆڵی نەخۆشیەکان بۆ ئاژەڵەکانی سنوورەکە بکەین**

**لە سێ هەفتەی رابردوو ٦١ تەن هێلکە دەستی بەسەردا گیرا و لە زبڵخانەی کانی قرژاڵە ژێر زەوی خرا**

**لەماوەی ئەم مانگە ١١ تەن گۆشتی بەسەرچوو کە گۆشتی بەرازیشی لەگەڵ بووە، دەستی بەسەردا گیراوە و خاوەنەکەشمان رووبەرووی ڕێکاری یاسایی کردووە**

# ئایا کاتی دروستبوونی ئەنجوومەنێکی باڵای راگەیاندن هاتوە؟

گەرچی ساڵانێکە هەندێک لە پسپۆڕانی بواری میدیا باسی بۆشایی نەبوونی چاودێر، یان ئۆرگانێك بۆ رێکخستنی میدیا لە هەرێمی کوردستان دەکەن و چەند رێکخراوێکی دیکەش پرۆژەیان هەبوە، بەڵام باسەکە لەمساڵدا گەرم بوو، بۆیە بوویە جێی باسی دەزگاکانی راگەیاندن و بەتایبەت دوای ئەوەی دەزگایەکی فەرمیی وەك سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان کاری بۆ ئەوپرسە کرد، لە ئامادەکردنی رەشنووسێك بۆ پرۆژەیاسایەك لەوبارەوە و ئەنجام دانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە شاری هەولێر بە بەشداریی سەرۆکی فیدراسیۆنی رۆژنامەنوسانی جیهانی و نوێنەری زۆربەی سەندیکاکانی جیهان، بۆ ئەزموون گۆڕینەوە و تاوتوێکردنی ئەم بابەتە. بەڵام ئەمە رای جیاواز و تا ئاستی دژ وەستانەوەی لای زۆرێك لە کەسایەتیی ئەو بوارە و رێکخراوەکان دروست کرد، ترسی ئەمانەش رەنگە یەك هۆکاری سەرەکی نەبێت، بەڵکو خۆیان لە چەند هۆکارێکدا دەبیننەوە، لەوانە:

١. بەهۆی ئەو مێژووە زۆرەی کۆنترۆڵ و سانسۆری میدیا کە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا ئەم وڵاتەی پێدا تێپەڕیوە و، دواتریش میدیای حیزبی تا کۆتایی نەوەدەکان کە نەفەسی ئازادی تێیدا زۆرکەم بوو، وایکردوە کە خەڵك و چاودێرانی بواری میدیا ترسی گەڕانەوەی ئەو کۆنترۆڵەیان هەبێت.

٢. ئەزموونی دەستتێوەردانی حیزبی لە زۆرینەی دامودەزگاکانی ئەم هەرێمە و دابەشکردنی پۆست و ئەندامانی دەزگا و فەرمانگەکان لەسەر پشکی حیزبی، ترسی پێشینەی داوە بە خەڵك لەم هەرێمە، کە هەر ئۆرگانێکی دیکە دروست بکرێت، دواجار دەبێتەوە بە حیزبی و ئاشکراشە حیزبە باڵادەستەکان پشکی زۆرینەیان دەبێت و ترس دەبێت لە کۆنترۆڵکردنی میدیا و ئازادیی رادەربریندا.

٣. گرفت لەوەیە لەم هەرێمەدا لە سەرەتاکانی فەرمانڕەوایی خۆیەوە، میدیا بێخاوەن هاتە بوون و هیچ ئۆرگانێك و وەزارەتێکی بەڕێوەبردنی نەبووە، بۆیە ئایدیای وا دراوە بە خەڵك کە بەم بێ خاوەنییە دەتواندرێت میدیا هەبێت و هیچ ئەزمونێکی بوونی ئۆرگانێك بۆ سەرپەرشتیی میدیا لەم هەریمەدا نییە.

٤. بەرگی سیاسی کردن بە بەری پرۆژە و بریارەکاندا لەم هەرێمە بووەتە مۆدیل و هەر پرۆژەیەك لە دەڤەرێکەوە پێشنیار کرا، ئیتر دەڤەرەکەی دیکە دژی دەوەستێتەوە و بەهی پارتی باڵا دەستی ئەو دەڤەرەی دەزانێت، ئەگەر باشیش بێت هەر حەزی پێی نییە و نایەوێت بە



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

دەستکەوت بۆ ئەو لایەنە بشکێتەوە.

٥. بەرژەوەندیی کەسی، کە وای لێ هاتووە بە بیرکردنەوە لە بوونی پرۆژەیەك بیر لە خۆ و پێگەی خۆبکرێتەوە، نەك نەتەوە و نیشتمان و بەرژەوەندیی گشتی، هەموو کەس وا بیردەکاتەوە پرۆژە لە بەرژەوەندی ئەو دەبێت، یان نا؟ یان پێی وایە بەرژەوەندی کەسانێکە پۆست وەرگرن.

**● پێویست بوونی ئەم ئەنجوومەنە**

١.گەر سەرنجێکی خێرا لە رەوشی میدیای وڵاتان بدەیت، وڵاتیك نابینیت کە (دیکتاتۆر بێت، یان دیموکراسی) ئۆرگانێك، یان دامەزراوەیەکی بۆ سەرپەرشتیی میدیا نەبێت، دیکتاتۆرەکان بۆ کۆنترۆڵ بەکاری دێنن و دیموکراسییەکان بۆ رێکخستن، ئەی بۆچی مەگەر ئێمە هەرێمێکی هەڵواسراوین لە دەرەوەی گۆی زەوی تا پێویستمان بەم ئەنجوومەنە نەبێت.

٢. بارودۆخی میدیا و ژینگەی میدیای وڵات و گەشەی تەکنەلۆجیا هێندە رەوشی میدیای ئاڵۆز کردوە، کە تاك و هاووڵاتی بەرکەوتەی زیانبەخشیان بە بەرهەمە میدیاییەکان هەیە، بۆیە نەك لەم هەرێمە بەڵکو ئەو وڵاتانەش کە ئەو ئەنجوومەنەیان هەیە بە دوای میکانیزمی رێکخستنی زیاتردا دەگەڕێن. بۆ نموونە: نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی لوبنان دەڵێت: «لە لوبنان وەزارەتێکی راگەیاندن وسێ دەزگای دیکە بەرپرسن لە سەرپەرشتی کردنی میدیا، هێشتا فەوزای میدیامان بۆ چارەسەر ناکرێت.»

٣. گرفت لەوەدایە لەم هەرێمەدا کاتێك باسی رێکخستنی میدیا دەکرێت هێندەی ترس لە بارودۆخی رۆژنامەنووس و ئازادیی رادەربڕین هەیە، کەس خەیاڵی لای بەرژەوەندیی گشتی و نیشتمان و هاووڵاتی و کولتوور و ناسنامە نییە، کە رۆژانە لە بەرهەمە میدیاییەکان زەرەرمەند دەبن، و بەشێکی زۆری رێکخستنی میدیاش بۆ پاراستنی ئەوانە، تەنانەت ئێستا وای لێ هاتووە کە هاووڵاتی سکاڵا لە راگەیاندن دەکات، وەك نەقیبی رۆژنامەنوسانی مەغریب دەڵێت: «رێژەی سکاڵای هاووڵاتیان بە بەهاو کولتوور و ناسنامە و کەسایەتیان لە بەرامبەر ئەو زیانانەی کە میدیا پێیان دەیگەیەنێت، هێندە بەرزبونەوە تا وای کرد جگە لە ئەنجوومەنی باڵا بەشێك لە ناو ئەنجوومەنەکە بۆ سکاڵای هاووڵاتی بکەینەوە»واتە ئەو هاووڵاتییەی کە ئێمە خەممانە بەهۆی ئەم ئەنجومە نە ئازادیی لێ زەوت بکرێت، لە فەوزای راگەیاندن و بەرهەمەکانیان ساکاڵایان هەیە.

**ئەزموونی دەستتێوەردانی حیزبی لە زۆرینەی دامودەزگاکانی ئەم هەرێمە و دابەشکردنی پۆست و ئەندامانی دەزگا و فەرمانگەکان لەسەر پشکی حیزبی، ترسی پێشینەی داوە بە خەڵك لەم هەرێمە کە هەر ئۆرگانێکی دیکە دروست بکرێت، دواجار دەبێتەوە بە حیزبی**

**کردنی بەرگی سیاسی بە بەری پرۆژە و بریارەکاندا لەم هەرێمە بووەتە مۆدیل و هەر پرۆژەیەک لە دەقەرێکەوە پێشنیار کرا، ئیتر دەقەرەکەی دیکە دژی دەوەستێتەوە و بەهی پارتی باڵا دەستی ئەو دەقەرەی دەزانێت**

**بارودۆخی میدیا و ژینگەی میدیای وڵات و گەشەی تەکنەلۆجیا هێندە رەوشی میدیای ئاڵۆز کردووە، کە تاک و هاووڵاتی بەرکەوتەی زیانبەخشیان بە بەرهەمە میدیاییەکان هەیە**

**کاتێک باسی رێکخستنی میدیا دەکرێت هێندەی باسی ترس لە بارودۆخی رۆژنامەنووس و ئازادیی رادەربرین دەکرێت، کەس خەیاڵی لای بەرژەوەندیی گشتی و نیشتمان و هاووڵاتی و کولتوور و ناسنامە نییە**

٤. لە دەرنجامی سانسۆر و کۆنترۆڵی میدیا لە مێژووی ئەم وڵاتە لە سەردەمی رژێم و دواتر ماوەیەك میدیای حیزبی، وای کرد لە دانانی یاسای رۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان تەبەنی تیۆری لیبراڵی کرا، تیۆری لیبراڵیش سەرباری فەراهەمکردنی ئازادییەکی باشی راگەیاندن، هاوکات فەوزا دروست دەكات و مافی تاك و وەرگر پارێزراو نابێت، تا ئەو رادەیەی کە لە دەرهاویشتەی تیۆری لیبراڵی و دەرەنجامەکانی لە وڵاتانی دیموکراسی، تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا و ناچاربوون میدیا بەرپرسیار بکەن بەرامبەر بە هاووڵاتی و نیشتمان و کلتورو بەهاکان .

٥. بێسەرپەرشتیی میدیا لەم هەرێمە وایکردوە کە میدیا و خاوەندارێتیی میدیا لە حیزبییەوە بۆ کەرتی تایبەت سەری کێشاوە و لەوێشەوە بەرەو خاوەندارێتیی شەخسی و کەسی و سێبەر و دەموچاو نادیار رێگای گرتووە، ئەمەش وا دەكات کە پێویستی رێکخستنی میدیا ببێتە ئەمری وا قیع.

**● چی بکرێت بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە و رەواندنەوەی ئەم ترسە**

١. بە بڕوای من بە هۆی گەشەی تەکنەلۆجیا و بەردەستبوونی ئامرازەکانی وەك مۆبایل و ئینتەرنێت و ئای پاد و ئایفۆن...هتد، سەردەمی کۆنترۆڵ بەسەرچووە، کە وادەكات تاك زۆر بە ئاسانی بگات بەو شتەی دەیەوێت و لەرێگەی سۆشیاڵ مدییاوە رای ئازادی خۆی بڵێت، بۆیە ئەگەر ئەم ترسە لە کۆنترۆڵکردن هەبێت من بە وا قیعیی نازانم، مەرجیش نییە بە نەبوونی ئەم ئەنجوومەنە دیموکراسییەت لە فەوزای میدیایدا فەراهەم بێت، هەروەکو نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنوسانی لوبنان وتی: «لە لوبنان جگە لە وەزارەتێك سێ دامەزراوەش ئەرکیان سەرپەرشتیکردنی میدیایە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئازادیی میدیا نەك زۆرە، بەڵکو سنووریشی بەزاندوە، لە لوبنان ئەم ئازادییەی میدیا نەشیتوانیوە دیموکراسی بەرقەرار بکات» هەروەك بە پێکەنینەوە وتی: «تا بڵێی ئازادیی میدیامان هەیە، بەڵام دیموکراسییەت نا»

٢. پەلە نەکرێت لە پێکهێنانی ئەم ئەنجوومە تا رای هەموو دەقەرەکانی لەسەر وەردەگیرێت و هەوڵ بدرێت خاڵە هاوبەشەکانی داواکاریی زۆرینە لەبەرچاو بگیرێت، ئەوانەشی دژی ئەم پرۆژەیەن، بهێنرێنە ناو پرۆژەکە و بەشداربن .

٣. پێکهاتەی ئەم دەزگایە ئەو نۆرمە تێکبشکێنێت کە لەسەر پشکی حیزبی بێت، بەڵکو کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بێلایەن و کەسایەتیی جەماوەریی بۆ دابنرێت، تا ئەوترسە بەتەواوەتی برەوێنێتەوە و سەرەتایەکیش بێت بۆ بەنیشتمانیکردنی دامودەزگاکانی وڵات و وەلانانی فۆرمی حیزبی و پشکی حیزبی.

٤. یاساکانی دیکەی تایبەت بە رۆژنامەگەری وەك مافی بەدەستهێنای زانیاری و یاسای ژمارە ٣٥ زیاتر چالاك بکرێن، تا بە هەماهەنگی لەگەڵ یاسای ئەم ئەنجوومەنە ئازادی و دیموکراسییەت پارێزراو بکەن.

٥. لەگەڵ رێکخستن پێویستمان بە هەمواری کۆمەڵێك یاسای دیکەی وەك یاسای حیزبەکان هەیە، کە بەندێکی تێدایە و بە رەهایی دەسەڵات دەداتە حیزب بۆ بوونی میدیا و یاسای پەخش و یاسای تایبەت بە باشکردنی کار و ژیانی رۆژنامەنووسان، تا رۆژنامەنووس ئەو وەهمەی لا کەم ببێتەوە کەم ئەم ئەنجوومەنە کۆت و بەندی دەكات.

٦. کاربۆ بوونی دادگایەکی سەربەخۆی تایبەت بە رۆژنامەنوسان بکرێت، تا ئەو گرفتانەی کە رۆژنامەنوس هەیەتی لەگەڵ دادگاکان لە یەکلاکردنەوەی کەیسەکانیان چارەسەر بکرێت، چونکە زۆرجار هەندێك لە دادوەرەکان شارەزا و تایبەت نین بە رۆژنامەنوسان، ئەمەش وادەكات رۆژنامەنوس ببێتە قوربانی بریارەکانی دادگا.

**● هەندێك نموونەی ئەو بۆرد، یان دەزگایانەی رێکخستنی میدیا لە وڵاتاندا:**

١. OFcome دەزگایەکی مەرکەزیی رێکخستنی میدیا و کۆمینیکەیشنە کە پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆن و خزمەتگوزاری لە بەریتانیا و ئینتەرنێت و مۆبایل لەگەڵ چەند خزمەتگوزاریەکی دیکەی گەیاندن رێك دەخات.

٢. Federal Communications Commission (FCC) کە پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆن و کۆمینیکەشن رێك دەخات لە تێکرای وڵاتە

فیدراڵییەکانی ئەمریکادا.

٣. ACMA لە ئوستورالیا سەرپەرشتی میدیا و کۆمینیکەیشن دەکات.

٤. QFCRA لە قەتەر بەشێك لە ڕێکخستنەکانی بۆ میدیا و کۆمینەکیشنە.

٥. National Media Regulation Authorities لە تورکیا سەرباری چەندین یاسای تایبەتی دیکە بۆ ڕێکخستنی میدیا و شێوازەکانی دیکەی کۆمینیکەیشن، سەرپەرشتیی ڕێکخستنی میدیای نەتەوەی و نیشتمانی دەکات.

سەبارەت بە ریکلام و مامەڵەکردن لەگەڵ میدیای بازرگانیدا زۆربەی وڵاتان یاسا و بوردی تایبەتیان لەو بارەوە ڕێکخستوە، بۆ نموونە:

١. Adevrting Standards Authority لە بەریتانیا بۆردێکی تایبەتە بە ریکلام لە وڵاتدا.

٢. Advertising Standards of Practice لە ئەمریکا ڕێکخستن و سەرپەرشتی و چاودێریی ریکلام دەکات.

٣. German Advertising Standards Authority لە ئەڵمانیا دەزگای ڕێکخستنی ریکلامە.

٤. Advertising and Marketing Law یان داناوە لە تورکیا بۆ ڕێکخستنی ریکلام و بەبازارکردن.

٥. Advertising and Marketing Law هەیە لە دوبەی.

● **ئاسەوارەکانی نەبوونی ئەم ئەنجومەنە لە هەرێمی کوردستان**

١. فرەکەناڵی و نەبوونی کەناڵێکی نیشتمانی کە زمانحاڵی نیشتمان و وڵات بێت، شپرزەیی و بێسەروبەرەیی دامەزراندنی کەناڵ.

٢. ونبوونی گوتاری نیشتمانیی هاوبەش.

٣. دابەشبوونی بینەر هەریەکە بەپێی کەناڵە جیاوازەکان.

٤. ئەمەریکا نەمانی ناسنامەی کولتووری، نیشتمانی، ئایینی.

٥. لاوازبوونی ئینتیمای نەتەوەیی، لەبەر نەبوونی کەناڵێك کە کەناڵی گشتی بێت و رۆحی هاوڵاتی بوون و کورد بوون بپارێزێت.

٦. لاوازبوونی زمانی کوردی و بێئومێد بوون لە زمانی ستانداری کوردی.

٧. نەمان و لاوازبوونی ئەدەب و هونەر و میوزیکی کوردی.

٨. هاوردە کردنی بەرهەمی جۆراوجۆری بیانی وەك فیلم و دراماو بەرهەمە میدیاییەکانی دیکە، لەبەر زۆربوونی کەناڵەکان و ونبوونی بەرهەمی خۆماڵی، کە ئەمە زیان بە کولتوری نەتەوەیی دەگەیەنێت و بیرۆکەی نامۆ و توندوتیژی و... هتد لە ناو وەرگرەکاندا زیاد دەکات.

٩. بەرکەوتەی ژیانی تایبەت لەلایەن پەیامە میدیاییەکانەوە.

● **بەربەستەکان بەردەم دروستکردنی دەزگایانەی ڕێکخستنی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا**

١. پێکهێنانی بۆردێك، یان ئەنجوومەنێك لە وڵاتدا، دەبێت ئیسناد بکاتە سەر یاسایەك کە هەرێمی کوردستان ئەو یاسایەی نییە، کە ئیسنادی بکرێتە سەر و دەبێت بچێتەوە سەر یاساکانی حکومەتی مەرکەزیی عێراقی.

٢. بوونی خاوەندارێتییەکی میدیای حیزبی کە رەنگە زۆربەیان نەچنە ژێر چەتری ئەم ئەنجومەنە و بەربەست بن لە بەردەمیدا.

٣. میدیای ئازاد و بوونی کەسانێك لە پشت میدیا ئازادەکانەوە کە دژی ئەم پرۆژەیە دەوەستنەوە، چونکە بە بەرژەوندیی ئەوان ناشکێتەوە.

٤. ترس لە کۆنترۆڵکردن لەلایەن حیزبە باڵا دەستەکانەوە، یان بوونی شێوە ئەنجومەنێك کە لە سەر مەحسوبییەت و مەنسوبییەتی حیزبی بێت و، هۆکارێك بێت بۆ کپکردنەوەی ئازادیی رۆژنامەگەری.

٥. بوونی ئەم ئەنجوومەنە لە هەر وڵاتێکدا حکومەتێك، یان پەرلەمانێکی نیشتمانیی هەیە، تا ئیدارە ی بکات، لە هەرێمدا هێشتا ئەو حکومەتە نیشتمانی، یان پەرلەمانە سەربەخۆ نیشتمانیيە نییە، بۆیە ترسی ئیدارەکەی بوتە جێی مشتومڕ.

٦. میدیای سێبەر کە کاریگەرییەکی گەورەی لە ژینگەی میدیایی هەرێمی کوردستاندا هەیە و ئاسان نییە بچنە ژێر ڕکێفی ئەم ئەنجوومەنە.

٧. بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەنجوومەنە دەبێت بوارەکانی دیکەی میدیا بە یاسا ڕێك خرابێت، لە کاتێکدا ئێمە بۆشایی یاساییمان زۆرە بۆ بورەکانی دیکەی میدیا، بۆیە دەبێت سەرەتا بیر لەو یاسایانەی دیکەیش بکرێتەوە.

**بێسەرپەرشتیی میدیا لەم هەرێمە وایکردوە کە میدیا و خاوەندارێتیی میدیا لە حیزبییەوە بۆ کەرتی تایبەت سەری کێشاوە و لەوێشەوە بۆ خاوەندارێتیی شەخسی و کەسی خاوەندارێتیی سێبەر و دەموچاو نادیار ڕێگای گرتووە، ئەمەش وا دەکات کە پێوست بوونی ڕێکخستنی میدیا ببێتە ئەمری وا قیع**

**بە هۆی گەشەی تەکنەلۆجیا و بەردەستبوونی ئامرازەکانی وەک مۆبایل و ئینتەرنێت و ئای پاد و ئایفۆن...هتد، سەردەمی کۆنترۆڵ بەسەرچووە، کە وادەکات تاک زۆر بە ئاسانی بگات بەوشتەی دەیەوێت**

**لەگەڵ ڕێکخستن پێویستمان بە هەمواری کۆمەڵێک یاسای دیکەی وەک یاسای حیزبەکان هەیە، کە بەندێکی تێدایە و بە رەهایی دەسەڵات دەداتە حیزب بۆ بوونی میدیا و یاسای پەخش و یاسای تایبەت بە باشکردنی کار و ژیانی رۆژنامەنووسان**

# بنەماکانی کاراکردن و ڕێکخستنەوەی کاری خۆبەخشی

● **خۆبەخش کێیە؟**

خۆبەخش ئەو کەسەیە کە خاوەنی لێهاتوویییەك، یان ئەزموونێکی دیاریکراوە و دەیەوێت لێهاتوویییەکەی، یان ئەزموونەکەی بەکار بهێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی، یان ئاینیی، یان ئینسانی، بەشێوازێکی خۆبەخشانە.

● **بۆچی کاری خۆبەخشی پێویستە؟**

١. بارودۆخی جیهان و ململانێ سیاسی و ئابوورییەکان هەمیشە فاکتەری هەڵگیرساندنی جەنگ و پێکدادانن، کە زۆربەی کات ئاوارەبوون و پەنابەریی لێ دەکەوێتەوە، بە جۆرێك کە دامودەزگا فەرمییەکان ناتوانن بە تەنیا فریایان بکەون.

٢. ڕووداوە سرووشتییەکان و کارەساتە ژینگەییەکان لە زیادبووندان.

● **سوودەکانی کاری خۆبەخشی چین؟**

١. پڕکردنەوەی ئەو شوێنانەی کە ژمارەی کارمەندی پێویستیان نییە.

٢. پڕکردنەوەی پێداویستییە خێراکانی کۆمەڵگە .

٣. ناساندنی دەزگا خێرخوازییەکان بە کۆمەڵگە لە ڕێگەی چالاکییەکانیانەوە.

٤. کەمکردنەوەی قورسایی دارایی لە سەر دەزگا خێرخوازییەکان.

٥. پەیداکردنی شارەزایی بۆ خودی خۆبەخشان.

٦. پڕکردنەوەی بۆشایی و کاتی دەستبەتاڵی و بێکارییان.

٧. تێرکردنی پێداویستییە دەروونییەکانیان و هەستکردن بە ئینتیما بۆ نیشتمان.

● **لەسەر چ بنەمایەك خۆبەخشان هەڵدەبژێردرێن؟**

١. هەبوونی گیانی خۆبەخشی و بەخشینی کات.

٢. هەبوونی ئەزموون و کاتی پێویست بۆ کاری خۆبەخشی.

٣. توانای پەیوەندیکردن و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە.

٤. توانای کارکردن بە گیانی یەك تیمی.

٥. بڕوابوون بە خۆ و کارتێکردن لەسەر ئەوانی دی.

● **مافەکانی خۆبەخش چین؟**

١. هۆشیارکردنەوە و تێگەیاندنیان بە گرنگیی کارەکەیان، هەرچەندە ئەگەر کارێکی بچوکیش بێت.

٢. هاندانیان بۆ کارکردن وەك بەرپرسیارێك بەرامبەر بە ئەرکەکانیان.

٣. ڕێز لێگرتنیان و دانان بە بەهای کارەکانیان.

٤. ناساندنیان بە ئامانج و میکانیزمەکانی کارکردنیان.

٥. کارکردن لەسەر ڕاهێنانیان و گەشەپێدان



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

بە تواناکانیان.

٦. دابینکردنی ئاسانکاری لە کارەکانیاندا.

٧. پێدانی هەلی کارکردن بە گرێبەست و دامەزراندنیان لە ئایندەدا.

**● ئەرکەکانی خۆبەخش چین؟**

١. بەشداربوون لە چالاکییە خۆبەخشییەکان.

٢. خۆ گونجاندن بۆ کارکردن لە نێو تیم.

٣. پابەندبوون بە کاتەکانی کارکردنەوە.

٤. ڕێزگرتن لە یاسا و ڕێساکانی کاری خۆبەخشی لە شوێنی کارکردن.

٥. بەکارنەهێنانی ناو و ناوبانگی شوێنی کارەکانیان بۆ بەرژەوەندیی کەسیی و تایبەت.

٦. بەشداربوون لە خولەکانی ڕاهێنان و گەشەپێدانی تواناکانی خۆبەخشان.

**● چۆن خۆبەخشان کارا و چالاك دەکرێن؟**

١. هەبوونی ستافێکی کارگێڕی و هاوکار و جێگەی متمانە.

٢. ئاشکرایی و ڕوونیی بەرنامە و ئامانجەکانی شوێنی کارکردنیان بۆ خزمەتی کۆمەڵگە.

٣. ڕێکخستنی ئارەزووەکانی کەسی خۆبەخش لەگەڵ ئامانجەکانی شوێنی کارکردنیان.

٤. هەبوونی پەیکەرێکی ئیداری بۆ جێکردنەوەی خۆبەخشان لە شوێنی کارکردنیان.

٥. ئامادەکردنی یەك یەك، یان بەشێکی تایبەت بە کاری خۆبەخشی و خۆبەخشان لە هەر دامودەزگایەك.

**● ڕێگرەکانی بەردەم کەسانی خۆبەخش چین؟**

١. ناڕوونیی ئامانج لە کاری خۆبەخشی لای خۆبەخشان.

٢. جیاوازیی تێڕوانین و بۆچوون لە نێوان خۆبەخشان و شوێنی کارکردنیان.

٣. پێ نەدانی کارێکی دیاریکرا و بە کەسی خۆبەخش.

٤. ناتوانایی کەسی خۆبەخش لە بەرامبەر ئەو کارانەی پێی دەسپێردرێت.

٥. پابەند نەبوونی خۆبەخشان بە ڕێنماییەکانی شوێنی کارکردنیان.

٦. نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان خودی خۆبەخشان خۆیاندا.

**● هەنگاوەکانی ڕێکخستنی کاری خۆبەخشی چین؟**

١. دیاریکردنی ئەو ئەرکەی داواکراوە لە خۆبەخش.

٢. دیارکردنی مەرجەکانی قەبوڵکردنی خۆبەخشان وەك تەمەن و ئاستی خوێندن و ئەزموون.

٣. سازکردنی چاوپێکەوتن لەگەڵ خۆبەخشان بۆ هەڵبژاردنی کەسی شیاو لە نێویاندا.

٤. دابەشکردنی خۆبەخشان بەسەر کارەکانیاندا.

٥. ئاراستەکردن و ڕاهێنانی خۆبەخشان.

٦. سەرپەرشتی و چاودێرێیکردنی خۆبەخشان.

٧. هەڵسەنگاندنی کار و چالاکیی خۆبەخشان.

# کورد و کوردتر

ئالای ئالاو بە خوێنی ئازادیخوازانەوە بیانوویەك نییە بۆ چەوساندنەوەی ڕۆڵەکانیان و تەنیا پارچە پەڕۆیەکیش نییە کە شەکاوەبێت بە دەم شنەبای بێئومێدی لە یەکڕیزبوون، بەڵکو زۆرتر بەسەرهاتی پەنگخواردووی ناو فرمێسکی چاوی چاوەڕێی دایکێکی ئاوارەیە کە ڕۆڵەکەی فێر نەبووە و نابێ چەکی مەردایەتی دانێت و بستێ خاکی ئەم کوردستانە بدات بە نەیارانی، بەڵکو ئامانجی یەکڕیزبوونە، مەبەست ئەوەیە کە گەورە و بچووکی ژێر ئەم ئالایە تەنیا ئەم ئالایە بناسن، بەڵام ئێستا ئیتر ئەم ئالایە پردی گەیاندنی کۆمەڵێك بەرژەوەندیخوازە کە وایان کرد، ئەم وڵاتە لە ناوەڕۆکدا چیتر بە تەنیا هەڵگری ئەم ئالایە نەبێت.

ئێمە ئیتر گیانێکی فرە ئالاین و ئالای زۆرمان هەیە، تەنانەت دوژمنەکانیشمان ئالایان هەڵکراوە و بە پارەی گیرفانی خاك فرۆشان بەسەرمانەوە ئەیشەکێنێتەوە، بەداخەوە ڕواڵەت بینین و خافڵاوین بە درووشمەکانیان و لە خەیاڵێکی خاودا دەژین.

بۆ پرسیار نەکەین چەند سەدەی دی دەبێ نێوماڵمان تەبا و یەکڕیز نەبێ؟ بۆ هێشتا شارچێتی دەکەین و هێشتا ڕێگە دەدەین کارێزمای مێژوومان لەکەدار بیکرێت؟ هێشتا تەنانەت شێوەزارەکانمان بوونەتە جێگای گاڵتە و گەپ، هێشتا کورد و کوردتر هەیە!

پێشەوا قازی محەمەد ئەم ئالایەی وەك ئالای هەموو کوردانی دنیا ناساند، بەڵام ئێستا خۆمان ناهێڵین وابێت، خەڵکی فلان شار خۆی لە شارێکی دیکە پێ کوردترە، خەڵکی لادێی فلان لە لادێیەکی دی خۆی پێ کوردترە، شێوەزاری فلانی لە شێوەزاری فلانێکی دیکەمان پێ کوردیترە، وامان لێ هاتووە کە خەڵکی هەندێك شارمان هەر پێ کورد نین، پێناسەی نەتەوە کەی وایە؟ ئەمە



## زیلان سارمەمی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پیلانی ئەو کوردانەیە نانیان بە دروستکردنی جیاوازی و ناکۆکیی لەنێوماڵی کوردەوە بەستراوەتەوە، بەسە با چیتر کورد و کوردتر نەمێنێت و هەموومان کورد بین، نەك شتی دیکە.

لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و قامیشلۆ و عەفرین و سنە و مەریوان و دیاربەکر و دێرسیم و کفری و کەلار و چەمچەماڵ و هەورامان و بادینان و بارزان و هەڵەبجە و مەهاباد و .. هتد، کام شارە هەیە خوێنی بۆ ئەم ئاڵایە نەدابێت؟ کام شار بۆ کوردبوون شەڕی نەکردووە؟

هەرچەندە مەبەستم لەو شەڕانە نییە کە جاشەکانی بەناو کورد بە بیانووی جیاوازیی حزبی دروستیان کردووە، تاکوو کورد بە خوێنی کورد تینوو بێت، گەر سەرنجی مێژوو بدەین، ئەوا دەبینین کە دەوڵەتی بەریتانیا لە هەر وڵاتێك بوویێت دوای بەجێهێشتنی لە ڕێگەی دروستکردنی بەرژەوەندیخوازییەوە هەوڵیداوە لەو وڵاتەدا جیاوازیی بیروڕا دروست بکات و ئامانجە سەرەکییەکەیان لە بیر بباتەوە، کە ناوەڕۆکی چەمکی یەکڕیز بوونە و بۆ ئێمەش کورد بوونە.

کەس لە کەس کوردتر نییە، با هەموومان کورد بین و ئەوە بزانین کە تاکە شتێك دەتوانێت بمانگەیەنێتە ئامانجە نەتەوەیەکانمان ناسینی ئەو کەس و لایەنانەن کە لە نێوانمان جیاوازی دروست ئەکەن، باچیتر دوایان نەکەوین و ئەوە باوەڕمان بێت کە ئەم ئاڵایە بۆ هەموومانە و بە یەکبوونمان زۆر جوانتر دەشەکێتەوە، ئەو خۆرەی ناوەڕاستی با ڕق و کینەکانمان بەرامبەر یەك بسووتێنێت و ڕەنگە سپیەکەی ئاشتی بخاتە نێوانمان و سووری خوێنی شەهیدان بیرمان بێنێتەوە بۆ پاراستنی سەوزایی و سرووشتی جوان و ئاوەدانیی کوردستان، با هەموومان وابیربکەینەوە کە کوردین و کورد هەیە، بەڵام کوردتر نەخێر!